# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

چوارشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٣ ٢١ی مای ٢٠١٤ | ژمارە ٦٣٢ | www.kurdistanukurd.com


## چاک هێگێل: ئامریکا نایەڵێ ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگا

چاک هێگێل، وەزیری بەرگریی ئامریکا دەڵێ هیچ کات ئامریکا ناهێڵێ ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا.

چاک هێگێل لەم ڕۆژانەدا لە دوو چاوپێکەوتنی جیاجیا لەگەڵ سەرکۆمارو سەرۆک وەزیری ئیسراییلدا گوتی، هەر وەک باراک ئۆباما جەختی کردۆتەوە ئامریکا بەڵێن بە ئیسراییلو خەڵکی ئەم وڵاتە دەدا کە ناهێڵین ئێران بە هیچ شێوەیەک دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا.

نتانیاهوو، سەرۆک وەزیری ئیسراییلیش لە تەنیشت وەزیری دەرەوەی ئامریکا بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاند کە ئێران لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نەوەستاوەو نوێترین ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش جەخی لەسەر بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی لە ئێران دەکەنەوە.

ناوبراو ئاماژەی بە پەرەپیدان بە سیستەمی مووشەکیی دوورهاوێژی ئێران کردو گوتی، زلهێزە جیهانییەکان دەبێ لەم بوارەشدا سیاسەتی لێبراوانە لە هەمبەر ئێران بگرنە بەر.



# بێڕێزی بە شکۆی نەتەوەییمان، قبووڵ ناکەین!



دوای ئەوەی وتارەکەی کۆنسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی لە سلێمانی لە بارەی پێوەندییەکانی ئێرانو هەرێمی کوردستان کەوتە بەر سەرنجی میدیاکان، حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ژمارەیەک کۆمەڵەو ناوەندی زانستیو کولتووریی لە هەرێمی کوردستان، بەرامبەر بێڕێزیی نوێنەرایەتیی ئەو ڕێژیمە لە سلێمانی بە زمانو مێژووو سەروەریی نەتەوەیی خۆیان، وەدەنگ هاتن.

کۆنسولخانەی کۆماری ئیسلامی لە سلێمانی لە وتارێکدا بە بیانووی ئاوڕدانەوە لە پێوەندییەکانی هەرێمو ڕێژیمەکەی لە سەرەتاوە تا ئێستا، وێڕای بە چاودادانەوەی «هاوکاریو خێرو چاکە»ی چەندین ساڵەی ئەو ڕێژیمە بە هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، کۆمەڵێک باسی دیکەشی ورووژاندوە کە نەک هەر نیازپاکیی ئەو ڕێژیمە لە ئاست چوونە سەری جێگەو پێگەوسەنگوقورسایی نەتەوەی کورد لە عێراقو ناوچە دەرناخەن، بەڵکوو دوژمنایەتیی کوێرانە لە گەڵ مێژووو زمانو ڕزگاریی نەتەوەیی کوردیان پێوە دیارە.

لەم پێوەندییەدا ڕێبەرایەتیو میدیاکانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ژمارەیەک کەسایەتیو کەسی دیاری ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان، بە دەرکردنی بەیاننامەو نووسینو لێدوانی تایبەت، بەرامبەر نیوەرۆکی ئەم لێدوانەی کۆنسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی دژکردەوەیان نیشاندا. چەندین مامۆستای زانکۆ، چەند پارلمانتێرو کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسان لە توێی کەمپەینی نارەزایەتیدەربڕین دا، ئەم جۆرە لێدوانە پڕ لە بێڕێزییەی کۆنسوڵخانەی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کردوە. ئەوان داوایان کردوە دامەزراوە ڕەسمییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێگە بەم جۆرە بێڕێزیو زیدەڕۆییانەی دەمڕاستەکانی ڕێژیمی ئێران نەدەن. داواشیان لە هەموو لا کردوە لە ئاست بێڕێزی بە شکۆی نەتەوەییان بیدەنگ نەبن.

## پێشوازی لە هەڵمەتی بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشەی مادە سڕکەرەکان دەکەین

قادر وریا

پەرەئەستاندنی بەرهەمهێنانو بلاوکردنەوەو بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، تا دێ پتر دەبیتە جێگای نیگەرانیی تاکەکانو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ. کەسایەتی و مرۆڤە دیارو شوێندانەرەکانی بواری کولتووری،کۆمەلایەتیومەدەنی لە ژوورەوەی وڵاتو تێکۆشەرانی سیاسی وچالاکانی بواری میدیا و تۆڕەکۆمەلایەتییەکان لە دەرەوەی وڵات، هەر یەکەی بە جۆرێک نیگەرانیی خۆیان لە هەرەشەی مادەسڕکەرەکان دەردەبرن.

لە ژوورەوە، کەسانێک ڕووی داواو چاوەڕوانیی خۆیان دەکەنە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بە هاودەنگیی یەکترو بە سوودوەرگرتن لە نفووزی سیاسیی خۆیانو بە کارهێنانی ڕاگەیەنەکانیان، بەرەوڕووی ئەم هەرەشەیە ببنەوە. کەسانێکی ئەرکوەخۆگرو دڵسۆزیش لە هێندێک شارو ناوچە بە هەوڵی تاکەکەسی وچەندکەسی، بە جۆرێکی دیکە قۆڵیان هەڵماڵیوە. بە ئیمکاناتی کەمی خۆیان کلینیک و کەمپیان بۆ تەرک کردنی ئیعتیاد بە تووشبوان وەڕێ خستوە، وێبلاگ و پەیجیان لە تۆڕە کۆمەلاتییەکان کردوەتەوە تا کۆمەڵو تاکەکان لە ئاست هەرەشەی مادده سڕکەرەکانو زیانەکانی وریا بکەنەوە. هەم لە نیوخۆو هەم لە دەرەوەی کوردستان،کەمپەینو نووسینی وریاکەرەوانەو جموجۆڵی دیکە لە دژایەتی لە گەڵ بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان دەبینرێ.

پێشبینییش دەکرێ لە داهاتووەکی نزیک دا حەرەکەتێکی گشتی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وەڕێ بکەوێ. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئەم هەرەوەزە گشتییە هەم دڵسۆزانو چالاکانی مەدەنیی نیوخۆ تێی دا بەشدار دەبن، هەم میدیاکارانو هەڵسووڕاوانی ڕۆژهەڵاتی کە پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بوون. وەک زانیومانە ئامانجی ئەم هەڵمەتە کۆکردنەوەی وزەو تواناکانو دەنگەکان لە دەرو ژووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی هەڕەشەی ڕۆژبەڕۆژ پەرەئەستێنی مادده سڕکەرەکان لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دا دەبێ. شتێکی چاوەڕوانکراویشە کە هەڵمەت یا حەرەکەتە هەرەوەزییەکە، کۆمەڵێک ئەرک وئامانجی دیاریکراوی هەبێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان باوەڕی بە پێویستیی وەڕێکەوتنی حەرەکەتێکی گشتی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەی مادده سڕکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

بۆ لاپەڕی ٣




ئاغای کۆنسوول کوردستان پاشنە ئاشیلی ئێوەیە! ٤



سەفەری رووحانی بۆ ئیلام و چەند قسەیەک ٤



چەند سەرنجێک لەسەر وتارەکەی سەرکۆنسوولی ئێران لە سلێمانیە ٥



یۆتۆپیای پاراستنی سەروەریی خاکو نیزامی سیاسی لە ڕێی زاوزێی زۆرەوە! ٨



هەڵوێستەیەک لە بارودۆخی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئێستای کرماشان ٩


## خەلاتی مافی مرۆڤی «گوانجو» درا بە «دایکانی خاوەران»




ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕ لە ڕێورەسمێکدا لە کورەی باکوور خەڵاتی مافی مرۆڤی کوانجو پێشکەش بە دایکانی خاوەران کرا.

پەروانە میلانیو مەعسوومە دانشمەند بە نوێنەرایەتی دایکانی خاوەران بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە چووبوون بۆ کورەی باکوور (جنووبی)، ئەوان ڕایانگەیاند ئەو خەڵاتە دراوە بە دەنگی دادخوازیی دایکانی خاوەرانو هەموو بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران

بنەماڵەی زیندانیانی سیاسیی بەکۆمەڵ ئێعدامکراوی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە ئێران، ٢٥ ساڵە خوازیاری ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکانی ڕووداوی ئێعدامە بەکۆمەڵەکانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هەوڵەکانیان بە ئاکام نەگەیشتوە. ئەوان هەروەها داوا لە کۆڕوکۆمەلە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ دەکەن بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاستییەکانو پێکهێنانی ڕێورەسمی یادکردنەوە ئازادانەو بەرۆژکردنەوەی یادی قوربانیەکانیان تێبکۆشن.

١٨ی مای ساڵڕۆژی کوشتاری بزووتنەوەی دیموکراتیکی خەڵک لە گوانجویە کە لە لایەن هێزەچەکدارەکانی دەوڵەتییەوە لە ساڵی ١٩٨٠ ڕووی داوە.

بنیاتی یادکردنەوەی ١٨ی مای ڕێکخراوێکی نادەوڵەتییە کە لەلایەن کەسوکاری کوژراوانی بزووتنەوەکەی ١٩٨٠ دامەزراوە، ساڵانە خەڵاتی مافی مرۆڤ دەبەخشێ، کە ئەمساڵ خەڵاتەکەی پێشکەش با دایکانی خاوەران کرد.

## حەسەن ڕوحانی: ئێمە بژاردەو کەسە بەتواناکانمان بە هۆکارە نەتەوەیی، ئایینی و سیاسییەکانەوە پەراوێز خستوە



حەسەن ڕوحانی لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لەمامۆستاکانو بژاردەکانی ئێران کە لە نوسینگەی سەرکۆماریدا بەڕێوەچوو، گوتی: ئێمە بە بیانووی جۆراوجۆر یەکتر وەلا دەنێینو بە بوختانی جیاواز هێندێک کەس دەخەینە پەڕاوێزەوەو لەخۆمان تەریکیان دەخەینەوە.

سەرکۆماری ئێران جەختی کردەوە لەو وڵاتەدا کەسانی لێوەشاوە یەک بە هۆی نەتەوەکەی، یەک بەهۆی ئایینەکەی، ئەوی دیکە بەهۆی بیروباوەڕە سیاسیەکەی، یەکێکی دیکە لەسەر ڕەوشتو ئاکاری جیاوازو کەسێکی دیکەش بەهۆی تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی وەلادەنرێنو پەراوێز دەخرێن.

# سەردانی هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی ڕۆژاوای کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد.

شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان پێکهاتوو لە نوێنەرانی٤ حیزبی ڕۆژاوای کوردستان بە مەبەستی تاوتوێ کردنی بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ڕۆژاوای کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا هەیئەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ڕۆژاوای کوردستان‌و سووریە کۆمەڵە تێبینی‌و زانیارییان باس کرد.

لەو دیدارەدا نوێنەرانی هێزەکانی ڕۆژاوای کوردستان لە هەیئەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد بە نیگەرانیەوە باسیان لە بارودۆخی سیاسی‌و ئەمنییەتی ڕۆژاوای کوردستان کردو بەداخبوونی خۆیان ڕاگەیاند کە تا ئێستا نەتوانراوە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەم پارچەدا بێتە ئاراوە.


هەیئەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان لە درێژەی ئەم دیدارەدا وێڕای باسکردن لە ڕۆڵ‌و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەروەها ڕۆڵی ئەم حیزبە لە لێکنزیک کردنەوەی هێزە سیاسییە کوردییەکان، داوایان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە لە پرسی یەکریزی‌و لێکنزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژاوای کوردستان‌دا ڕۆڵی تایبەتی خۆی بگێڕێ.

لە درێژی ئەم دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت پرسی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، ئامادەیی حیزبی بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک کە بتوانێ یەکریزیی هێزە سیاسییەکان‌و قازانجی گشتیی خەڵکی کورد لە ڕۆژاوای لێ بکەوێتەوە دەربڕی.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان‌و سەرجەم هێزە سیاسییەکانی کرد کە ڕێگای تەعامول‌و یەکتر قبووڵکردن بگرنە پێش‌و ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە تاکرەوی‌و دووری کردن لە یەکتری‌و یەکتر ئینکار کردن نە تەنیا قازانجی خەڵکی کوردستان‌و پرسە نەتەوەییەکەی لێناکەوێتەو بەڵکوو دەتوانێ زیانی قەرەبوونەکراوە لە پرسەکە بدا.

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا هەردوو لا پێداگرییان لە سەر درێژەدان بە پێوەندییەکانیان کردەوە هیوایان خواست ڕەوشی سیاسیی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان لە سەر بنەمای یەکریزی و یەکتر قبوڵکردن قۆناغەکانی داهاتووی خۆی بپێوێ.

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نووسینەکەی کۆنسولخانەی ئێران لە سلێمانی هیچ سەنگ‌و قورساییەکی نیە



مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاردانەوە بە نووسینەکەی کۆنسوڵخانەی ئێران لە سلێمانی لەبارەی مێژووی کوردو خەباتی کورد لە کوردستان ئەو نووسینە بە سووکایەتی ناو دەبا.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەندامی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ «وشە» دەڵێ: «ئەوەی لەو نووسینەدا لەسەر پێوەندی هەرێمی کوردستان‌و کۆماری ئیسلامی گوتراوە، تەنیا جنێوێکە داویەتی کە بۆ جوابدانەوە نابێ، بەڵام حکوومەتی هەرێم‌و کاربەدەستانی هەرێم و لایەنی سیاسیی کورد لە باشوور دەبێ ئەو پەیامە وەربگرن، لە نووسینەکەدا دەڵێن ئێمە تەنیا کاتێک پێوەندی لەگەڵ ئێوە دەگرین کە باس لە حکوومەتی کوردی‌و نەتەوەی کورد نەکەن، لە کاتێکدا ئەو کۆمپانیایانەی کە لە ئێرانەوە دێن‌و ئێرە تاڵان دەکەن، ئەوە وەک خێرکردنێک بە کوردی عێراق دەزانێ لە کاتێکدا هاتووەو خێر و بێری ئەو وڵاتەی بردووەو چی کەلوپەلی بەسەری‌دا ماوەتەوە هێناویەتییە هەرێمی کوردستان‌و تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان مادەی هۆشبەری بۆ هەرێمی کوردستان بەدیاری هێناوە، ئێستە ئەوە دەکا بە منەت لەسەر کوردی عێراق. من ئارەزوو دەکەم هەموو کوردی باشوورو بەتایبەتی ڕێبەرانی سیاسی ئەو پەیامە زۆر بە دیقەت وەربگرن کە بزانن لەگەڵ چ دەوڵەتێک دراوسێن‌و کێ لافی دۆستایەتییان لەگەڵ لێ دەدا.

مامۆستا حەسەن‌زادە لە کاردانەوە بە بەشێکی دیکەی ئەم نووسینەی کۆنسولخانەی ئێران کە کۆماری کوردستانی بە دەوڵەتی چەندڕۆژەی کۆمۆنیستی لە مهابادی ناو بردوەو باسی لەوە کردوە کە کوردی زمان نیەو تێکهەڵکێشێکە لە وشەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی؛ مامۆستا حەسەن‌زادە دەڵێ کۆماری کوردستان پێویست بە ناساندنەوە یان چەواشەکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران ناکاو نووسینەکە شایانی ئەوە نیە کە هەڵوێستەی لەسەر بکەی، بەڵام زمانی کوردی ئێستە لە کۆمەڵی زمانناسانی جیهان‌دا بە زمانێکی سەربەخۆ ناسراوە، ئەوەی کە هەندێک وشەی هاوبەش لە نێوان زمانی کوردی‌و فارسی‌دا هەیە، قەت نابێتە هۆکاری ئەوەی کورد بەشێک بێ لە فارس یان فارس بەشێک بێ لە کورد. لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا ئەوە زیاتر بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەڵمان‌و ئۆتریش دوو نەتەوەن کە بە یەک زمان قسە دەکەن‌و لە دنیادا چەندین نەتەوە بوونیان هەیە کە بە یەک زمان قسە دەکەن.

حەسەن‌زادە جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە هەستی نەتەوایەتی تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ زمان لە یەک جیا دەکرێتەوە، بۆ نموونە چیک‌و سلۆڤاکیا دوو نەتەوەن کە لە سەردەمی سۆڤیەتیش‌دا بە دوو نەتەوە دەناسران‌و دوایی وەک دوو نەتەوەی خاوەن شارستانیەت لە یەک جیا بوونەوەو بوون بە دوو دەوڵەت، لە کاتێک‌دا کە زمانەکەیان زۆر لەوە زیاتر لە یەک نزیکە کە بۆ نموونە فارسی و کوردی لە یەکتر نزیکن. بەگشتی ئەو قسانە لە زمانی دوژمنانی مافە ئازادییەکانی نەتەوەی کوردەوە دێنە دەرو هیچ سەنگ و قورساییەکیان نییە.

«باوەڕی نەگۆڕی من ئەوەیە نەتەوەی کورد هەم لە بەشێک لە بەشەکانی کوردستان مافی شەرعی خۆیەتی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاک‌و نیشتمانی خۆی پێک بهێنێ‌و هیچ قانوونێکی نێونەتەوەیی‌و مرۆییش لە جیهاندا ئەو مافە لە کورد ناستێنێتەوە.

مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە لەو وتووێژەی‌دا لەبابەت دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد لە هەرێمی کوردستان دەڵێ: «باوەڕی نەگۆڕی من ئەوەیە نەتەوەی کورد هەم لە بەشێک لە بەشەکانی کوردستان مافی شەرعی خۆیەتی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاک‌و نیشتمانی خۆی پێک بهێنێ‌و هیچ قانوونێکی نێونەتەوەیی‌و مرۆییش لە جیهاندا ئەو مافە لە کورد ناستێنێتەوە.

# خۆپیشاندانێک لە بەردەم پاڕلمانی ئورووپا بۆ مەحکوومکردنی ڕەوشی نالەباری بەندکراوە سیاسییەکان لە ئێران




بۆ مەحکوومکردنی ڕەوشی نالەباری بەندکراوە سیاسییەکان لە ئێران خۆپیشاندانێک لە بەردەم پاڕلمانی ئورووپادا بەڕێوە چوو.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ ی بانەمەڕ بە بەشداریی دەیان کەس لە ئێرانییەکانی نیشتەجێ لە وڵاتانی بێلژیک، فەڕانسە، ئاڵمان‌و هولەند خۆپیشاندانێک لەبەردەم پاڕلمانی ئورووپادا بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانەدا بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی‌و مەدەنی‌و هەروەها هێرش بردنە سەر زیندانیان بەندی ٣٥٠ی ئێوینی تاران بەڕێوەچوو، بە پێشکەش کردنی وتار لەلایەن ئیزابێل دورانت، جێگری سەرۆکی پاڕلمانی ئورووپا؛ وەنسان لۆرکێن، پارێزەرو نوێنەری پاڕلمان، کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ ئەمجەد حوسێن پەناهی، نوێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان؛ مونیرە بەرادەران چالاکی مافی ژنان درێژەی پێدرا.

کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باسەکەی‌دا وێڕای مەحکوومی کردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە ئێعدامی چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی کوردو ئێرانی، بێ‌تەفاوەتیی سیاسی‌و نەبوونی یەکیەتی‌و یەکگرتوویی نەیارانی کۆماری ئیسلامی‌و هەروەها پەراوێزو هەڵاواردن نیسبەت بە یەکتر چ لەنێو ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان‌و چ لەنێو گەلانی ئێرانی، وەک یەکێک لە هۆکارەکانی درێژ بوونەوەی تەمەنی ڕێژیم بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ باس کرد.

کاوە ئاهەنگەری وێڕای بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ گوتی بۆ من جێی داخە کە کەسە باشەکانی ئەم وڵاتە لە گۆشەی بەندیخانە دان‌و تەئکیدی کردەوە کە دەبێ بە یەک چاو بڕوانینە هەموو زیندانیان.

لە بەشێکی دیکەی ئەو خۆپێشاندانەدا ئەمجەد حوسێن پەناهی لەلایەن ڕێکخراوی مافی کوردستانەوە قسەی کردو ئاماژەی بە بارودۆخی کەبوودوەندو دۆخی نالەباری بەندکراوانی سیاسی‌و باوەری کورد لە ئێران کرد.

# بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمینارێکی حیزبی سوسیال دیموکراتی سۆئێددا



لە سەر بانگهێشتی فەرمی حیزبی سوسیال دێموکراتی سۆئێد، هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سمینارێکی تایبەت بە پرسی کورد لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا بەشدارییان کرد.

لەو کۆبوونەوەیە دا کە نوێنەری زۆربەی هەرە زۆری حیزب‌و ڕێکخراوەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، ئاڵوگۆڕی بیروڕا قسەو باسێکی زۆر لەسەر پرسی کورد لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست‌و بارودۆخی هەر چوارپارچەی کوردستان کرا.

بەپێی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕات مەبەستی سەرەکی لە پێکهێنانی ئەو سمینارە وەک حیزبی سوسیال دیموکراتی سۆئێد باسی کردوە، زەق کردنەوەی کێشەی کوردە لەگەڵ وڵاتانی ئێران، عێراق، سووریەو تورکیە و خستنە گەڕی هەوڵدانێکی جیددییە بۆ هێنانە بەرباسی ئەو گرفتە لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە کێشەی سەدان ساڵەی کورد و جێگە و پێگەی کورد چ لە ئاستی نێودەوڵەتی‌و چ لە ئاستی ناوچەیی‌دا کردو هاوکات باسی لە گرینگیی پێگەی سیاسی‌و جوغرافیایی کوردستان چ لە ئاستی ناوچەکەو چ لە ئاستی جیهان‌دا بە هۆی بوونی زۆر سەرچاوەی گرینگ‌و بەبایەخی وزەو چاوگە سرووشتییەکانی وەک ئاوی شیرین کرد.

نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە دەوری تێکدەرانەی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەو جیهان‌دا کردو گوتی: ئێران دەورێکی خراپی‌و تێکدەرانەی هەیە لە شێواندنی ئاسایشی ناوچەکەو جیهان‌و هاوکات ئاماژەی بە کەشی سەرکوتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەهۆی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران کرد.

نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو سمینارەدا دوو پێشنیاری خستە بەردەم ڕێکخەرانی سمینارەکە و داوای لێکردن کە لە بەرنامەی کاری داهاتووی خۆیاندا بیانگونجێنن کە بریتی بوون لە:

١- حیزبی سوسیال دێموکراتی سۆئێد، بە هاوکاری‌و پشتگیری ئەو حیزبەو ڕێکخراوە سۆئێدییانەی دیکە کە پشتگیری لە دۆخی کورد دەکەن، هەوڵ بدا سمیناریکی تایبەت بە کێشەی کورد، پێکهاتوو لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا بەو کێشەیە جا چ کوردو چ غیرە کورد، بە تایبەت لە وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا، پێک بێنێ و هەوڵ بدا کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بانگهێشت بکات و هەوڵبدرێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کێشە سەدان سالەیە.

٢- سوسیال دێموکراتەکانی سۆئێد هەوڵ بدەن بۆ لێک نزیککردنەوەی ئۆپۆزێسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەکترو لەو بارەوە تێبکۆشن.

شایانی باسە شاندی حیزب لەو سمینارە. لە عەزیز سەیدنژادیان‌و ئەسعەد یوسفی پێکهاتبوو.

سەرنج بدەن!

**« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.**

## بوومەلەرزەیەک شاری کامیارانی هەژاند

شەوی ڕابردوو(١٣٩٣/٢/٢٣) بوومەلەرزەیەک شاری کامیارانی هەژاند. ئەم بوومەلەرزەیە بە گویرەی هەوالەکان ٣:٨ ڕیشتێر بووە و بۆ ماوەی ٤چرتکە بەردەوام بوو. هێزی بوومەلەرزەکە ئەوەندە بوو کە خەڵکی شار بە خەبەر هاتنو لەماڵەکانیان وەدەرکەوتنو تا نزیکەی بەیانی کەس نەچووەوە ماڵی خۆیو خەڵک شەویان لە نێو ترسو دلەراوکێدا بەڕێ کرد. بە پێی زانیارییەکان، ناوەندی بوومەلەرزەکە شاری سەحنە بووەو هیچ زیانێکی گیانیی بە دواوە نەبووە.

## بردنی دیشی ماهوارەی خەڵک لە «تروەڕیز»



بەیانیی ئەمڕۆ (١٣٩٣/٢/٢٣) هێزێکی زۆری پێکهاتوو لە هێزی ئینتیزامیو ئەماکن کە پێنج ماشێن بوون، ڕژانە نێو شارۆچکەی «تروەڕێز». ئەو هێزانە بە مەبەستی کۆکردنەوەی دیشی ماهوارە بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک دەچوونە سەربانی ماڵی خەڵک. شایانی باسە کە لە نێوان مانگێکدا ئەوە دووهەمین جارە لە چوارچێوەی گەلاڵەی کۆکردنەوەی دیشی ماهوارە دەچنە سەربانی خەڵکو دیشی ماهوارەکان لە گەڵ خۆیان دەبەن. ئەمڕۆ ئەو هێزانە ژمارەیەکی زۆر لە دیشی هاووڵاتانیان برد. هێزەکە ئەوەندە زۆر بوو کە کەس نەیتوانی بەرەوڕوویان بێتەوە.

**لە کامیارانەوە: سالار ئیبراهیمی**

**

## مردن بە هۆی هەورەتریشقەو خۆخنکاندن



ڕۆژی سێشەمە١٣٩٣/٢/٢٣ لە گوندی عەباساوای شاری بۆکان، هەورە تریشقە لە دوو کەسی دا، یەکێکیان تازەبووکێک بوو، ئەوەی دیکەش ناوی نیشتمان پاشازادە بوو. بە داخەوە هەر دوویان بە هۆی ئەم ڕووداوە گیانیان لە دەست دا. ڕۆژی ١٣٩٣/٢/٢٢ش لە مەهاباد، کەسێک بە ناوی هەمزەی شەریفی خۆی هەڵاوەسی کە وەک دەڵێن هۆکارەکەی کێشەی بنەماڵەیی بووە.

**لە بۆکانەوە: هیوا چیا**

**

## کەسێکی خەڵکی داشخانە پاش ٥ ساڵ زیندانی ئێعدام کرا



پیاوێک بە ناوی عەلی ئیسماعیلی ناسراو بە عەلی شێرەوەن خەڵکی داشخانەو دانیشتووی شاری مەهاباد کە ماوەی ٥ ساڵ بوو لە بەندیخانەی ئەهواز گیرابوو، ٥ ڕۆژ لەمەوبەر لە تەمەنی چل ساڵیدا ئێعدام کرا. بەیانیی سەعات ٨ ملاقاتیان دابوو بە بنەماڵەکەیو سەعات ٩ ئێعدام کراوە. تەرمی ناوبراو لە گۆڕستانی شەبەکی قەرەداغ بە خاک سپێردراوە. ئەو کابرایە ٤ منداڵ(٣کچ و١کوڕ)ی لە پاش بە جێ ماوە، هیچیان نییەو لە خانووی کرێ دان. دەگوترێ کە ناوبراو لە سەر مادده سڕکەرەکان گیرابوو.

**لە مەهابادەوە: هەتاو**

**

## هەورە تریشقە کەسیکی دیکەشی کوشت

ڕۆژی ٢٦ی بانەمەڕ، لە گوندی «دێی مەلا»ی مەهاباد، کەسێک بە ناوی سوارە سوڵتانی لە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکەی هەورە تریشقە لێی دا و گیانی لە دەست دا.

**لە مەهابادەوە: سورەییا**

**

مەئموورەکانی گوندی سەرچنار، کەسێکیان بە ناوی لوقمان یونسی بە هۆکاری ئەمنییەتی قۆڵبەست کرد. تا ئێستا ئەو نەفەرە لە شوێنێکی نادیار راگیراوە.

**لە چۆمی مەجیدخانەوە: محەممەد، ١٣٩٣/٢/١٥**

**

## دەسبەسەرداگرتنی ئەسب و باری خەڵکی کاسبکار لە بانە و پیرانشار



هێزی ئینتیزامیو گرووپی زەربەت لە ناوچەی بانە هێرشیان بردوەتە سەر کاروانچیان لە «گەورەدار»و «نیسکان»و «چرووش» و «تاژەبان» وهەموو بار و کەلوپەلی دەستبەسەرداگرتووی کاروانچییەکانیان ئاگر تێبەرداوە.

**چ.ش لە بانەوە**

**

لە گوندەکانی ناوچەی بەربنەو بەری مێرگانی پیرانشاریش، هێزە ئینتیزامییەکان بە ناوی تەعقیبی کاروانچییەکان، دەستیان بە سەر ئەسبەکانی خەڵک دا گرتوە.

**یوسف لە پیرانشارەوە**

**

## جادە لێدان لە ناوچەی بانە بۆڕێگری لە کاسبکاران

چەند ڕۆژێکە لە ناوچەی بانە، هێزەکانی ڕێژیم خەریکی جادە لێدانن. چەند دەزگا بۆردزێل و ئەتڵەس لە کێوی موسەک خەریکن جادە لێدەدەن بۆ سازکردنی بورجەک لە سەر ڕێگای کاروان لە نزیک ئەم کێوەو دەیەوێ ئەم ڕێگەیە ببەستێ.

**چ.ش لە ناوچەی بانەوە**

**

## لە ورمێ کوردێک بە تاوانی قەتڵ، ئێعدام کرا

دوێنێ پێنجشەمە ٢٥ی بانەمەڕ، کەسێک بە ناوی قادر حەمبەڵی خەڵکی بۆکان کە ماوی ٢٠ ساڵ لەوە پێش قەتڵی کردبوو، لە زیندانی ورمێ، ئێعدام کرا. لە نێو خەڵک دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ناوبراو سیاسی بووە. بەڵام من لە کەسی نزیک لە بارەی ئەو پرسیارم کردوە، دەڵێن ناوبراو کاتی خۆی قەتڵی کردبوو. پێویستە بگوترێ کە ئەو کابرایە ٣ منداڵی لە پاش بە جێ ماوە.

**هیوا چیا لە بۆکانەوە**

**

### چەند وردە هەواڵ لە مەهابادەوە:

+ ئەمڕۆ ١٦ی بانەمەڕ لە مەهاباد ژمارەیەک مەوادفرۆش کە چەکیان پێ بوو، لە گەڵ مەئموورران تووشی تێکهەڵچوونی چەکدارانە بوون. دەگوترێ یەک کیلۆ مادەی شیشەیان لێگیراوە.
+ سەفەویان کە سەرۆکی ئیتلاعاتی کیشوەریی مەهابادە، بە تازەیی ڕەوانەی ئەو شارە کراوە.
+ ئەوانەی ئەندامی چالاکی بەسیجن، دەورەیەکی تایبەتییان بۆ کراوەتەوە بۆ ئەوەی دوای ئەم دەورەیە ببن بە ئەندامی سوپا. دەورەکەیان لە دارەلک لە سەر جادەی مەهاباد- میاندواو بەڕێوە دەچێ.
+ لە بەندیخانەی مەهاباد، دوێنێ ٥١ کەش چوونە مەرەخەسیی ٢٠ ڕۆژە.

**عەلی لە مەهابادەوە**

---

**درێژەی:**

## پێشوازی لە هەڵمەتی بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشەی مادە سڕکەرەکان دەکەین

هەر لەم روانگەیەشەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ لەباری نەزەریو فکرییەوە، بەشداریی لەو باسانە دا بکا کە لەم کێشە کۆمەڵایەتییە گرنگو هەنووکەییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێن. شانبەشانی ئەم بەشدارییەش ئامادەیی ئەوەی هەیە کە توانا جۆربەجۆرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بخاتە خزمەت بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشەی مادده سڕکەرەکان. لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، دژایەتی لەگەڵ بەرهەمهێنان،فرۆشتنو بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی ئەم بەڵا مالوێرانکەرە، خەباتێکی پیرۆزو ئەرکیکی ئینسانی، ئەخلاقیو نەتەوەییە. راگەیاندنو ڕێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرجەم تێکۆشەران، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە هەر ئاستێک داو لە هەر شوێنێک بن، بە ئەرکی خۆیانی دەزانن پشتیوانی هەر حەرەکەتو تێکۆشانێک بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم هەڕەشەیە بن. بە سەرنجدان بەم خوێندنەوەو بیرکردنەوەیەشمانە کە پێمان خۆشە ڕووی قسەی خۆمان بکەینەهەموو تاکو لایەنەکانی بەشدار لەم هەرەوەزە پیرۆزەو، ڕاسپاردەو پێشنیاری خۆمانیان لە گەڵ بێنینە گۆڕێ.

یەکەم خاڵی گرنگ کە پێویستە هەموو لایەکمان لە حەرەکەتێکی ئەوتۆدا بایەخی پێ بدەین، کاری رەوشەنگەریو وریاکردنەوەیە. جێی خۆیەتی خەڵک هەر چی وردترو زیاتر، لە زیان و خەسارەکانی بەکارهێنانو تووشبوون بە مادده سڕکەرەکانو شوێنەوارە خراپەکانیان لە سەر تاک، بنەماڵە و کۆمەڵ، ئاگادار بکرێ. هەر وەها ڕەهەندە دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و نەتەوەییەکانی پەرەگرتنی دیاردەی بەرهەمهێنانوبازرگانیی مادده سڕکەرەکان و تووشبوون بەو ماددانە، دەبێ زیاتر بۆخەڵک شی بکرێنەوە.لە سەربناغەی ئەم ئاگاداربوون و وریابوونەوانەیە کە بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم بەڵایە، دەبێتە ئەرکی گشتی و هەموان تێی دا بەشدار دەبن.

**ئەو کەسانەی بەرژەوەندی گشتی دەکەن بە قوربانی سوودو بەرژەوەندی ناڕەوای خۆیانو لە پێناوی پێکەوەنانی ماڵوسامان بۆ خۆیان، سڵامەتیی تاکەکانو کۆمەڵ بنکۆڵ دەکەنو ئاگر لە داهاتووی نەتەوەو نیشتمانی خۆیان بەردەدەن، شایانی لەقاودانو ڕیسواکردنن**

دووهەم خاڵی گرنگ،تەنگ هەڵچنین بە بەرهەمهێنەرانو بازرگانانی مادده سڕکەرەکانە. ئەو کەسانەی بەرژەوەندی گشتی دەکەن بە قوربانی سوودو بەرژەوەندی ناڕەوای خۆیانو لە پێناوی پێکەوەنانی ماڵوسامان بۆ خۆیان، سڵامەتیی تاکەکانو کۆمەڵ بنکۆڵ دەکەنو ئاگر لە داهاتووی نەتەوەو نیشتمانی خۆیان بەردەدەن، شایانی لەقاودانو ڕیسواکردنن. ڕەنگە کەسانێک لە ڕووی نەزانیو غەفڵەت، یا بە پاساوی خراپیی باری ژیانو گوزەران چووبنە نێو ئەم بازرگانییە پیسو دزێوە. بەڵام زۆرکەسیش هەن بێگویدان بە ئاکامە زیانبارەکانی بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەی ماددەی سڕکەرو تەنیا بۆ تەماع و بەرژەوەندی شەخسی،ڕوویان لەم بازرگانییە کردوە. ئەرکی هەموو لایەکمانە لە پێشدا بە ئامۆژگاریو وریا کردنەوەو وەخەبەرهێنان، لەم تاوانە دووریان بخەینەوە. بەڵام ئەوانەی ئامۆژگاری ناچێتە گوێیان و هەر لە سەر ئەم کەسابەتە تاوانبارانەیە دەڕۆن، دەبێ لەقاوبدرێنو ڕیسوا بکرێن بۆ ئەوەی لە کۆمەڵ دا تەریک بکەونەوە.تەنگ پێهەڵچنینو کۆسپ دروستکردن لە سەر ڕێی بازرگانیی مالوێرانکەری ئەوان، دەتوانێ بەربەرەکانییەکی زۆرکاریگەر بێ.

سێهەمین خاڵ، بریتییە لە ئەرکی پەرەپێدانی شێوازو ڕێگاکانی ڕزگارکردنی تووشبوان بە مادده سڕکەرەکانو هاوکاریی بنەماڵەکانیان. بریتییە لەهاندانی پێکهاتنی ئەو ناوەندو دامەزراوانە کە دەتوانن پشتیوانو دەسگری تووشبوانو بنەمالەکانیان بن. بریتییە لەتەشویقی خەڵکو کۆمەڵ بۆ بە دەنگەوە چوونی پزیشکان، دەروونناسانو مرۆڤەخێرخوازەکانو،هاوکاریی ئەوان بۆ دابینکردنی جێگاو دەرمانو پێداویستییەکانی راگەیشتن بە قوربانییەکانی مادده سڕکەرەکان. ئەم جۆرە هەرەوەزو حەرەکەتانە، ئەو کاتە دەتوانن ئامانجی خۆیان بپێکن کە هێنانی کەسایەتییەکانو نوخبەکانی کۆمەڵ بۆنێو ڕەوتی دروستکردنی کولتووری مشوورخواردنو هەستیاربوون لە ئاست چارەنووسی کۆمەڵیان لێ بکەوێتەوە. داهێنانو بەهیزکردنی شێوازە جۆربەجۆرەکانی خەباتی مەدەنی و دروستکردنی هێزی گوشارلە نێو خەڵک وکۆمەڵیان بە دوا دابێ، بۆ ئەوەی دەوڵەتو دامو دەزگا حکوومەتییەکان چی دیکە نەتوانن خۆیان لە دابینکردنی کارو ژیان و پیداویستییەکانی خەڵک و کۆمەڵ بدزنەوە.

لە راستیدا هەرەوەزوحەرەکەتێکی گشتی کە ئەم ئامانجانەی هەبێ، ئەرک دەخاتە سەر هەموو تاک و لایەنێک. ئەم تاکو لایەنە لە نێوخۆی کوردستان بژین یا لە دەرەوەی وڵات، مامۆستای زانکۆ و قوتابخانە بن یا پێشنوێژی مزگەوتێک وپیاوماقووڵی ئاواییەک ، بازاڕی بن یا گوندنشین، ژن بن یا پیاو، پیر بن یا لاو،دوکتور و ئەندازیار بن یا کرێکار و کاسبکار، تێکۆشەری حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراو بن، یا چالاکێکی مەدەنیی سەربەخۆ، هەر هەموو لە سەریانە خۆیان بە ئەرکدار بزانو بە پێی توانا بەشداری لە بەربەرەکانی لە گەڵ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە وبەکارهێنانی مادده سڕکەرەکاندا بکەن. چونکە داهاتووی هەموومان لە گرەوی سەرکەوتن لەم بەربەرەکانییە دایە.

# ئاغای کۆنسوول کوردستان پاشنە ئاشیلی ئێوەیە!



ئارەش لۆرستانی
و. بۆ کوردی: تەهای رەحیمی

ئەو ماوەیە بڵاوبوونەوەی وتارێک لە ماڵپەڕی کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانی، نارەزایەتیی توندی خەڵکی کوردی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانو کوردەکانی هەندەران لێکەوتەوە. نامەوێ لەم کورتە نووسینەدا وڵامی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بدەمەوە، بەڵکوو ئامانجو مەبەستێکی گرنگترو بەبایەخترم بەرسەرنجە، کە ئەویش شرۆڤەی بارودۆخی کوردو گرنگی ئەو پێگەیەیە کە ئەمڕۆکە کورد لە هاوسەنگی ناوچەیی‌دا هەیەتی. هیوادارم خوێنەر پاش خوێندنەوەی ئەم کورتەوتارە، واقیع‌بینانە لە ناسیونالیزمی کورد بگاو باشتر لە ئامانجو بەڵگەی ئەم هێرشە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەی پاوانخوازان یا ئۆپۆزیسیۆن بگا.

پرسی کورد لەم ١٠٠ ساڵەی رابردوودا، بە تایبەت دوای کۆماری کوردستان، هەمیشە لە سەرووی گرنگترین هەواڵو شۆڕشو خەباتان‌دا بووە. لە دوای کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا ناسیۆنالیزمی کوردی‌و خەباتەکانی لە پێناو بەدەسهێنانی مافە رەواکانی خۆی بە سێ قۆناخی نەریتی، مودێرن‌و هاوچەرخ‌دا تێپەڕیوە، کە فۆرمو شێوەی خەبات بەگوێرەی پێداویستی‌و حەساسییەتەکانی هەر قۆناخێک گۆڕاوە.

کوردان لە وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە، سووریە، بەڕێژەیەک لە ئەرمەنستان‌و هەندەران، وەک ئوورووپا و ئەمریکا و .... دەژین. گەلی کورد بە حەشیمەتێکی زیاتر لە ٤٠ میلۆن کەسەوەو رابردووی خەباتی ناسیۆنالیستی دووردرێژ کە قۆناخەکانی نەریتی‌و مودێرنی تێپەڕاندوەو لە قۆناخی هاوچەرخ‌دا هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانی دەدا، بووەتە خاوەن پێگەو ئەکتیڤییەک، کە بکەوێتە سەرووی لێکدانەوە سیاسییەکانی ئەو دوڵەت‌و ئۆپۆزیسیۆنانەی، کوردستان بە بەشێک لە خاکی خۆیان دەزانن‌و بەردەوام لە شرۆڤەو لێکدانەوەی دان. لە لایەکی دیکەوە ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە ولاتگەلێکن لە لایەن زلهێزەکانەوە بە هەستیارترین ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین دەژمێردرێن‌و ئەو زلهێزانە هەوڵ دەدەن دەستیان بەسەر ئەو وڵاتانەدا بڕوا، کەواتە کوردستان خاڵی هاوبەشی ئەو وڵاتانەیە کە هەمێشە بەرسەرنجی تایبەتی هێزە ناوچەیی‌و جیهانییەکان بووەو هەیە. هەر بۆیە شرۆڤەی ناسیۆنالیزمی کورد پرسێکی زۆر گرنگ‌و بایەخدارە کە بچووکترین هەڵە لەم بوارەدا دەبێتە هۆی خەوشدارکردن‌و نەزۆککردنی هەموو ئەو لێکدانەوانە.

ئەگەر لە روانگەی کوردەوە بڕوانین، دیارە گەلێک کە، گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتی دونیایەو هەمیشە لە مافە مرۆییەکانی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووسی بێبەش کراوە، خاوەن چ هەستیاریی‌و ئامانگەلێکە. سەرنجدان‌و تێگەیشتن لە راستییەکانی مێژووی گەلی کورد، جوانتر سەنگی لێکدانەوەکانمان روون دەکاتەوە. لە ئێران، لە ماوەی دەسەڵاتی پەهلەوی‌و کۆماری ئیسلامی‌دا کارەساتەکانی وەک، ئێعدامی سەرکۆماری کوردستان‌و هاوڕێکانی، فەرمانی جیهادی خومەینی دژی کورد، شەڕی ٨ ساڵە کە ئەوسەرو ئەمسەری کوردستانی کردبووە گۆڕەپانی تەڕاتێنی سەربازی‌و بۆمباران‌و کاولکاریی، بۆمبارانی شیمیایی شارەکانی سەردەشت‌و گوندەکانی وەک (زردە) کە دوای ئەو ژینۆسایدەش ئاوڕ لە تووش‌بووان‌و بەرکەوتووەکانی نەدرایەوە، کوشتنی رۆژانەی کۆڵبەرانی کورد، میلیتاریزەو ئەمنییەتی کردنی هەموو کوردستان کە ئاکامەکەی پشکی شێری ٦٠ لەسەدی ئێعدامەکان‌و زیندانییە سیاسی‌و مەدەنییەکانی کوردە لە ئێران لەچاو هەموو ئەو وڵاتە، رێژەی سەسووڕهێنەرو باڵای بێکاری، گیرۆدەیی بە مادە هۆشبەرەکان‌و هەژاری‌و کێشەو ئارێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی گەلی کوردی لە ئێران، کوردی هێناوەتە ئەم بڕوایەی کە تەنیا بیر لە دیاریکردنی مافی چارەنووس‌و کۆنترۆڵ‌و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەدەستی هێزی کوردی بکاتەوە. کوردستانی عێراقیش لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی رێژیمەکانی عەبدولکەریم قاسم‌و سەدام حسێن‌دا کارەساتەکانی ژینۆسایدی ئەنفالی بەخۆیەوە بینی کە ١٨٠ هەزار قوربانی تێچوو، بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، جینایەتە لە ئەژمارنەهاتووەکانی دەستدرێژی کردنەسەر ماڵو حاڵو کچ و ژنی کورد، کوشتنی بەکۆمەڵ، ئێعدام‌و زۆر کارەساتی دڵتەزێنی نامرۆیی دیکە، ئەم بەشەی کوردستانی بەرەو هەوڵی جیدی بۆ بەدەستهێنانی مافی مرۆیی خۆی لە چوارچێوەی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم دا هان دا. لە کوردستانی تورکیەش سەدان هەزار کەس ژینۆساید کران، هەزاران کەس بێ‌سەرو شوێن بوون، ئاخاڤتن بە کوردی قەدەخە کرا، ناوە کوردییەکان، تەنانەت ناوی شارو گوندەکانیش بە زەبری چەک کرانە تورکی، میلیتاریزەکردنی باکووری کوردستان هەزاران میلیۆن دولاری هەڵگرت، بەڵام گەلی کورد لەم بەشەش‌دا بە زیندوو راگرتنی رۆحی ناسیۆنالیزمی کوردی توانیویە ئەمڕۆکە ئەردۆغان ناچار بکا ئیمتیاز و پووان بدا بە کوردو بە مەبەستی تۆلێرانس‌و پێکەوەژیانی ئاشتیانە مل بۆ دانوستان‌و بە فەرمی ناسینی مافی گەلی کورد دانەوێنێ. لە سووریەش، لە سەردەمی دەسەڵاتی حافز ئەسەدو کوڕەکەی‌دا، بارودۆخی کورد زۆر نالەبارو قەیراناوی بووەو ئەم بەشەی کوردستان تاڵترین ئەزموون بیرەوەریی لە ژیانی ژێردەستەیی خۆی‌دا تۆمار کردوە. کوردان لەم وڵاتە لە سەرەتاییترین ماف، واتە ئاخاوتن بە زمانی زگماکی‌و هەبوونی پێناس بێبەش بوون، هەمیشە سەرو ماڵیان لە مەترسی دابووەو لە مەترسی دایە، تەنانەت دوای سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان‌و راپەڕین دژی دەسەڵاتی ئەسەدیش، کوشتنی خاوخێزانی کورد لە رێگەی چەکە شیمیایی‌و تۆپ و تانک و فڕۆکە شەڕکەرەکان، ئاوارەبوونی سەدان هەزار کوردو هانا هێنان بۆ باشووری کوردستان‌و تورکیە، تەڕاتێنی هێزەکانی دەوڵەتی سووریەو سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی‌و چالاکی ئسیلامگەرا زێدەڕۆکان لە رۆژاوای کوردستان، راستییەکی تاڵی دیکەن لە ژیانی کورددا. ئاماری کۆچی بەرزی چەندین میلیۆن کەسی پارچەکانی کوردستان بۆ ئوورووپاو ئەمریکاو بە دوای ئەویش‌دا قەیرانی شووناس (هویت) خاڵێکی زۆر گرنگە کە دەبێ بایەخی بدرێتێ.



**ڕێزگرتن لە مافی کوردان، مەرجی پێویستی رووەو دیمۆکراسییە بەڵام پێویستترە رێز لە ئیرادەی هەموو نەتەوەکانی چوارچێوەی ئەو وڵاتانە بگیرێ‌و دان بە بوون‌و مافەکانیان‌دا بنرێ. ڕێزگرتن لەو نەتەوانەی کە دەتوانن ببنە هۆکاری گەشەو پێشکەوتنی توانایی‌و پوتانسیەلی نەتەوەکانی ئێران، تورکیە، عێراق‌و سووریە، کە هەنگاوێکی نوێ بۆ هەوێنگرتنی رۆژهەڵاتی ناڤینێکی نوێیە**

ئەگەر لەو راستیانە وردبینەوەو سەرنج بدەینەوە ئەم بابەتە گرنگەی کە پارت‌و لایەنە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان – چ پارت و لایەنە چەپ یان راستەکان – تەوەری سەرەکی خەباتیان دروشمی ناسیۆنالیستی‌و دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینەو لەم چوار وڵاتەش‌دا گرنگترین‌و بەرابردووترین لایەنە سیاسییەکانن، هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینەوە هەستی هاودەردی‌و هاوخەمی کوردان لە هەموو کوردستان‌و هەروەها وڵاتانی رۆژئاوایی، دەبینین کورد لە هەر کوێیەک بێ، پەرۆشی دەنگوباسی کوردستانە، کە دەمانگەیەنەتە ئەم راستییەی ناسیۆنالیزمی کورد هۆی یەکیەتی‌و هاوپێوەندی کوردەو لە راستی‌دا وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە بیانەوێ پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانەیان هەبێ‌و بەرەو دیمۆکراسی هەنگاو بنێن، دەبێ رێز لە ناسیۆنالیزمی کوردی بگرن و بەرەو دابینی مافەکانی گەلی کورد هەنگاو بنێن.

روون‌و ئاشکرایە ریزگرتن لە مافی کوردان، مەرجی پێویستی رووەو دیمۆکراسییە بەڵام پێویستترە رێز لە ئیرادەی هەموو نەتەوەکانی چوارچێوەی ئەو وڵاتانە بگیرێ‌و دان بە بوون‌و مافەکانیان‌دا بنرێ. ڕێزگرتن لەو نەتەوانەی کە دەتوانن ببنە هۆکاری گەشەو پێشکەوتنی توانایی‌و پوتانسیەلی نەتەوەکانی ئێران، تورکیە، عێراق‌و سووریە، کە هەنگاوێکی نوێ بۆ هەوێنگرتنی رۆژهەڵاتی ناڤینێکی نوێیە، ئەگەرنا بە سەرنجدان بەو زەنگە مەترسییەی بۆ دیکتاتۆران و پاوانخوازان دەنگی بەرز بۆتەوە، دەبێ چاوەڕوانی تەقینەوەی نارەزایەتی سیاسی و مەدەنی هەموو ئەو نەتەوە چەوساوەو بێبەشانە بین.

# سەفەری رووحانی بۆ ئیلام و چەند قسەیەک



حەسەن حاتەمی

رۆژی چوارشەممە ١٧ ی گولان (بانەمەڕ) ی ١٣٩٣ (٧ ی مەی ٢٠١٤)، حەسەنی ڕووحانی سەرکۆمار، لەگەڵ هەئیەتێکی دەوڵەتی سەردانی پارێزگای ئیلام یان کرد. لە نزیکەی یەک ساڵی رابردوو دا، کە ڕووحانی هەڵبژێراوە، ئەوە چوارەمین سەفەریەتی بۆ پارێزگاکانی دەرەوەی تاران.

سەفەری کاربەدەستانی رێژیم، بۆ شوێنگەلی ئێران، جار و بار پێک دێن. سەفەری رێبەری نیزام و سەرکۆمار تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە پێش سەفەرەکەو کاتی ئەنجام دانی‌و دواتریش قسەو باسی جۆراوجۆریان لێ‌دەکرێن.

لە چوارەمین سەفەری سەرکۆمارو هەیئەتی هاوڕێی‌دا، کە چوون بۆ پارێزگای ئیلام، ٨ کەس لە وەزیر و جێگرانی سەرکۆمار چوونە ١٠ شار و شوێنە گرینگەکانی ئەو پارێزگایە کە بریتی بوون لە: وەزیری ورزش‌و لاوان بۆ ئەیوان، وەزیری فەرهەنگ‌و ئیرشادی ئیسلامی بۆ چەرداوڵ، وەزیری علووم و لێکۆڵینەوە و بەرهەمی فەننی بۆ ئابدانان، جێگری سەرکۆمار بۆ کاروباری ژنان بۆ سیروان، وەزیری ئیتلاعات بۆ دێهلۆڕان، سەرۆکی رێکخراوی لەمێژینە ناسی‌و گەشتیاری بۆ درەشار وبەدرە، وەزیری رێگاو شار دروست کردن بۆ مێهران و وەزیری بێهداشت و ئامووزشی پزیشکی بۆ مەلک شاهی.

بە پێی ئەوەی رۆژنامەی ئێران، ژمارەیەکی تایبەتی چوار لاپەڕی بۆ سەفەری رووحانی بۆ ئیلام تەرخان کردوە و لە لاپەڕەی یەکەمی‌دا، لەبن وێنەی رووحانی نووسیوەیەتی «روحانی خوەش هاتی»و مانشێتی «سڵاو سەرزەوی رەنگەکان بە کاروانی تەدبیر و ئومێد وە» و بەرجەستە کردنەوەی «پێداگری دەوڵەتی تەدبیر و ئومێد بۆ گەشەی ئیلام جیدیە»، و... گرینگی پتری بەو سەفەرە داوە.

هەروەها لە وێنەکانی خەڵک کە بۆ پێشوازی ڕووحانی چوون لە نووسراوی پلاکاردی( لەسەر پارچە نووسین) و لە کاغەز دا، کە بەدەستیناوەیە و لە مێدیا مەجازییەکانیش‌دا بڵاوبۆتەوە نووسراوە: «خەڵکی ئیلام چاوەڕوانی تەدبیری دەوڵەتن بۆ کرانەوەی قفڵەکانی پێشکەوتن» ، «ئیلام شاری بێ تەماشاخانەیە»، «ئیزن نەدین دار بلووتە جوانەکانی ئیلام بمرن»، «خۆڵ بارین نەفەس کێشانی ئیلامییەکان قورس دەکا» و «فاجعەی ژینگەیی و وشک بوونی بلووتەکانی زاگرۆس زۆر پڕ ئیش‌ترە لە وشک بوونی گۆلی ورمێ».



ئوستانی ئیلام لەبواری جوغرافیایی لە نێوان سێ گۆشەی ئەحواز، لورستانی بچووک و بەشێکی باشووری کوردستان هەڵکەوتوە. بەو تایبەتمەندیانەوە، لەشەڕی ماوێرانکەری عێراق و ئێران‌دا، زۆر وێران بوو، چونکە بەشێکی گرینگی بەرەی شەڕ بوو. کوردستانی بوونی ئەو پارێزگایە، کە دەکەوێتە نێو ناوچەی ئەمنییەتی‌و چاوەدێری توندی نیزامی‌و بەهێندنەگرتنی‌گیروگرفتەکان، دواکەوتوویی پتری پێوە دیارە و یەکێک لە ئوستان‌گەلی دواکەتوو هێشتراوەیە لە ئێران دا.

لە هەڵبژاردنی یازدەیەمین خولی سەرکۆماری‌و چووارەمین خولی شووراکان‌دا، دەنگدەرانی ئیلامی زۆر چالاکانە بەشداریان کرد. دەنگ هێناوەی ڕووحانی قەرزداری زۆربەی دەنگ دەران بە گشتیی لە ناوچەکانی تورکی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب‌و تورکمەن‌و لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئیلام تایبەتی‌ترە. دەکرێ ئەو خوێندنەوەیەی بۆ بکرێ کە، زۆربەی دەنگدرانی ئەو نەتەوانە بەو کردەوانە نیشان دەدەن خوازیاری ئاڵوگۆڕی هێمانەو چاکسازی وەزعی ژیان‌و گوزەران‌و بە هێندگرتنیان‌و بە فەرمی ناسینی مافە نەتەوایەتییەکانیان.

ڕووحانی لە ستادیۆمی شاری ئیلام مەبەستی لە سەفەرکەی خۆی‌و یاوەرانی لە دەوڵەت‌دا، بەجێ گەیاندنی بەشێک لە بەڵێنەکانی بوو کە تێی‌دا باسی «٤٤ پڕۆژە لەو مەڵبەندەیە، کە ٣٥ یان ئەمساڵ و ١٠ یەکەی دیکەش ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی تەواو دەبێ. هەروەها ئاودێری ٥٠ هەزار هێکتار، زەوی کشتوکاڵی لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوو دا، و پەرەپێدانی سامانی نەوت‌و گاز و پێترۆشیمی‌و سێ بازارچەی سنووریە.»

کێشەو ناخۆشییەکانی ئەو ئوستانە بە کورتی بریتین لە: بێکاری نزیکەی ٤٠٪ و – بەداخەوە ژنانی نیومالێش وەک هێزی کار حیسێب ناکرێن- ئەگینا لە ٥٠٪یش تێدەپەڕێ. خۆکوژی بە تایبەتی لەنێو ژنان‌دا، هەڵاواردن، وشک بوونی بەشێک لە جەنگەڵەکان، چول کرانی گوندەکان، خراپی رێگا و بان، لم یا خوڵ بارین، دواکەوتوویی ئابووری، بێ مافی لە نەوت‌و گازو لە بەڕێوەبردنی خۆجێی دا، و....

ئەوە وەزعە ناخۆش‌و نالەبارە لەحاڵێک دایە کە، ٦٪ ی نەوت‌و ١١٪ی گازی ئێران لە ناوچەی ئیلام دایە. خەڵکی ئەو ناوچە دەوڵەمەندە بەو هەلومەرجە ناخۆشە چاوەڕوانی بەجێیان هەیە، بۆ ئەوە هەموو کێشەو گیروگرفتانە، دەوڵەت چارەسەریان بکا. بچێ. چونکە ئەوان بەڵێنییەکانی پێش هەڵبژاردنی ڕووحانی یان بە جیدی وەرگرتوە، بۆیە وەک دەرفەتێک دەنگیان پێ داوە.

مەسەلەی جێی سەرنج ئەویە کە چالاکانی ئەو ناوچەیەی گەلەکەمان‌و ناوچە کوردییەکانی دیکەش، بە پێک هێنانی گرووپ گەلی مەدەنی‌و داخوازکار بۆ زمانی دایک، جێبەجێ کردنی

ل ٦

# چەند سەرنجێک لەسەر وتارەکەی سەرکۆنسوولی ئێران لە سلێمانیە



عومەر باڵەکی

چەند رۆژ لەوەپێش وتارێک لە ژێر ناوی چاوخشاندنێک بە پێوەندی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماڵپەری رەسمی بە ناو کۆنسولگەری کۆماری ئیسلامی‌دا بڵاو بووە، کە نووسەری بابەتەکە زۆر ئامانج‌دارانە کۆمەڵێک مەسەلە دەوروژێنیو بە زمانێکی رەقو دوور لە عورفی سیاسیو دیپلۆماسی، کەسایەتی کورد بە گشتی دێنێتە ژێر پرسیار وەک ئەوە کە کورد بە نەتەوە نازانیو بە ئانقەستو بە ئامانج‌دارانە رەگەزە ئارياییەکەی لێ‌زەق دەکاتەوەو تەنانەت مافی ئەوە نادا بە کورد کە خۆی لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیاربداو سەربەخۆیی کوردستان بە خەونو خەیاڵێک دوور لە راستی دادەنیو زمانی کوردی بە زاراوەیەک لە زمانی فارسی دەزانیو تەنانەت لەوەش زیاتر پێ هەڵدێنیو دەڵێ زمانی کوردی تێکەڵاوێکە لە زمانەکانی فارسی، تورکیوعەرەبیو لە درێژەی بابەتەکەی‌دا قامک لەسەر بابەتێکی هەستیاری وەک کۆماری کوردستان دادەنیو بە کۆمارێکی چەند رۆژەی کۆمۆنیستی ناو دەباو لە درێژەدا باس لە پێوەندی کۆماری ئیسلامیو کورد لە باشووری کوردستان دەکاو لەگەڵ ئەوەدا وەبیریان دێنێتەوە کە لە سەردەمی رژێمی سەدام حوسێن‌دا چۆن هاوکاریان کردوون، دەست‌نیشانی ئەوەش دەکا کە ئەگەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە خەیاڵی ئەوەدابێ خۆی بەهێز بکاو لە دوارۆژدا لە عێراق جیا بێتەوە، کۆماری ئیسلامی چاو بە پێوەندییەکانی خۆی‌دا لەگەڵ هەرێمی کوردستان‌دا دەخشێنێتەوەو جیابوونەوە لە عێراقو یا داوای زیاتر بۆ دەستەبەر بوونی مافەکانی کورد لای کۆماری ئیسلامی خەتی سوورە. نووسەری ئەو بابەتە لە سەرەتای وتارەکەی هەروەک کە پێشتر باسمان کرد ئامانج‌دارانە باس لە دابەش بوونی کوردستان دەکاو بە زمانی بێ‌زمانی دەڵێ لە ساڵی ١٥١٤ زایینی‌دا ئەگەر کوردان بە هۆی مەزهەبی سوننی پاڵپشتی خەلیفەی عوسمانییان نەکردبایە، کورد دابەش نەدەبووو لە هەمان حاڵدا بەو ئاوڕدانەوەیە دەیهەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە کورد لە هەر شوێنێک بێ ئێرانییە، چونکە رەگەزی کورد دەگەڕێتەوە بۆ مادەکانو ئەوانیش ئاریایی بوون، ئەگەر وایە ئێرانیش وڵاتی ئاریایەکانە بەڵام نووسەری کۆنسولگەری لە ئاست ئەو راستییە خۆ لاوەدا کە لانی‌کەم لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا واتە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی‌دا قەت بە چاوی خانە خوێ چاو لە کورد نەکراوە بەڵکوو هەموو کاتێک بە چاوی ئەمنی سەیری کراوە تەنانەت هەر کاتێک باسی لە مافی شاروەندی خۆی کردبێ زۆر بێ بەزەیانە سەرکوت کراوەو ماڵی تاڵان کراوەو گوندو رەزو باغی لێ‌سووتێنراوەو ئەوەندەی دەسەڵات‌داران، دەسەڵاتیان هەبووە کوردیان بە ناوی جۆراوجۆر لە خاکوو نیشتمانی خۆی هەڵقەندووەو زۆر جاران بۆ سەرکوتی جوڵانەوەکانی کورد ئەو چوار دەوڵەتەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە یەکیان گرتووە لەگەڵ ئەوەدا رەنگە لە زۆر بواردا دژایەتییان پێکەوە هەبووبێ بەڵام لە سەر سەرکوتی کوردو لەناو بردنی پێکەوە کۆکو هاوکار بوون. بۆ وێنە دەتوانین باس لە رێکەوتن‌نامەی ١٩٧٥ی الجزایر بکەین، بە پێی ئەو رێکەوتننامەیە سەدام حوسێن لە ناوچەی شەتی عەرەبی لە بەشێک لە خاکی عێراق خۆش‌بوو بۆ ئەوەی کە شای ئێران دەست لە پشتوانی لە شۆرشی کوردان هەڵبگرێ. لە حاڵێک‌دا ئەوکێشەیە لەسەر شەتی عەرەبی تەنیا دوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق دروست نەبووە بەڵکو مێژوویەکی نیزیک بە ٢٠٠ ساڵەی هەبوو کە دەوڵەتەکانی سەفەویو عوسمانی بە چەندین رێکەوتننامەیان لەسەر مۆر کرد بەڵام قەت بە ئاکام نەگەیشتن هەتا لەسەر تێک شکاندنی کورد پێک هاتن. نووسەری بابەتەکەی کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانیە دەڵێ ئەو کردەوەیەی شای ئێران لە کورت خایەن‌دا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی میللی ئێران بووە بەڵام ناڵێ ئێستاش کۆماری ئیسلامی ئەو سیاسەتە هەر درێژە پێدەداو هەر لەو وتارە کە ئەو راستیە وەک رۆژی رووناک دیارو بەرچاوە ئەو نییە بە ئاشکرا هەڕەشە دەکاو دەڵێ ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ئەو حیزبانەی باشووری کوردستان بەو ئاقارەدا برۆن کە خەونیان هەبێ بە دروست کردنی کوردستانێکی سەربەخۆ حکوومەتی ئێران پێی قەبوول ناکرێو ئیزن نادا عێراق دابەش بێ! ئەوە چ مانایەک دەگەیێنێ بێجگە لەوەی کە بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان دانەبن لە حاڵێک‌دا لە کاتی شەڕی ٨ساڵەی ئێرانو عێراق رێگای قودس بە عێراق دابوو، وتارنووسی کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانیە لە درێژەی بابەتەکەدا دەڵێ بوونی نەتەوەی کوردو دەوڵەتی کوردی خەونو خەیاڵەو بۆ ئەوە بەڵگەی پێ بێت زۆر رووهەڵماڵاوانە دەڵێت: «هێنانە گۆری عینوانی فارسو کورد تەنیا بۆ بەرژەوەندی سیاسییەو بەو کارانە ناتوانن کەسایەتی جیاواز بۆ خۆیان دروست بکەن چونکە نە هەموو خەڵکی ئێران فارسن بەڵکوو فارسەکانیش خۆیان لە «اقوام»ی ئێرانینو لە گەڵ ئەوانی دیکە بنەماڵەی گەورەی ئێران پێک دێن بەڵام جەنابی وتار نووس یا بێ خەبەرە یا بە ئانقەست لە ئاستی راستییەکان‌دا خۆی گێل پێناسەو مادەی قانوونی بکەین کە ئایا سەرکونسول لە وڵاتێک‌دا کە میوانە مافی ئەوەی هەیە کە بابەتی لە جۆرە بڵاو بکاتەوە ئایا هەر بە پێی قانوونی نێونەتەوەییو دیپلۆماسی، سەفیرو سەرکونسول مافی ئەوەیان هەیە مافێک بۆ خۆیانو وڵاتەکەیان قائیل بن بەڵام ئەو مافە بۆ دەوڵەتی خانە خوێ قائیل نەبن. لە فەرهەنگی زانستی سیاسی‌دا لە بواری سەلاحیەتی کارەوەجیاوازی داناوە لە نێوان مەسئولیەتی سەفیرو سەرکونسولگەریو باس لەوە دەکا کە پێوەندی سیاسی دوو وڵات لە رێگای سەفیرو سەفارەتەوە دەکرێ بەڵام کاری کونسولگەری تەنیا راپەڕاندنی کارو باری ئیدارییە.

«مافی کونسولی هەر وەک مافی دیپلۆماتیک کۆمەڵێک یاساو ڕیسایە کە چاوەدێری بەشێک لە پێوەندی دەرەکی دەوڵەت دەکا، بەڵام لە ڕوانگەی ناوەرۆکەوە پێکەوە جیاوازیان هەیە مافی دیپلۆماتیک لایەنی سیاسی هەیە بە واتایەکی دیکە چاوەدێرە بە سەر پێوەندی سیاسی دەوڵەت لە گەڵ دەوڵەتەکانی دیکە.

مافی کونسولی لایەنی ئیداری هەیەو بابەتی ئەو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتی دەوڵەتەکەیەتی لە دەرەوەو بەڕێوەبردنی ئەو کارو بارەی پێوەندی بە ئەوانەوە هەیە کە لە وەزیفەکانی ئیداری کونسولگەری ئێران لە سولیمانیە دەچیتە خانەی ئەو پێناسە و مادەی قانونییانەی کە کۆنوانسیۆنی «وین» پەسەندی کردون و بە ئیمزای سەرۆکی مەجلیسی ئێرانیش گەیشتووە؟ ئەگەر ئەو ڕا دەربڕینەو نوسینی وتارە لە سەلاحیەتی سەرکونسولی دانییە ئەی چونە ئەو ئیزنەی بە خۆی داوە وتاریکی لەو بابەتە بنووسێ؟

لە وتارەکەدا هاتووە کە دوای رووخانی حکوومەتی سەدام ئێران زۆری هەوڵ داوە کە ئارامی لە ناوچەکەدا دابین بێو دەڵێ لە ریزی وڵاتە یەکەمەکان بووین کە لە شاری هەولێرو سولیمانیە بنکەی کونسولگەریمان دامەزراندوەو باس لەوە ناکا کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کە لەسەرەوەوە بەشێکمان باس کرد کردنەوەی ئەو دەفتەرە و نوێنەرایەتییە بەرەزایەتی دوو لایەن دەبێ ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەروەک خۆی دەڵێ بەرژەوەندی لە ئارامی ناوچەکە دایە حکوومەتی هەرێمیش هەوڵی داوە بە کردار ئەو ئارامییە دروست بکا کە زۆرتری لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی دابووە، بەڵام ئەوی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابرووداا کونسولگەری ئێران لە هەولێرو سلێمانیە نەک هەوڵیان نەداوە پەرە بە پێوەندی گەشەسەندنی ئابووریو زانستی بدەن، بەڵکوو هەوڵیان داوە فەرهەنگی کەلک وەرگرتن لە مادە هۆشبەرەکان و




کردووە ئەگەر فارس وەک «اقوام»ی دیکە بە قسەی ئەو پێکهێنەری ئێران هیچیان لە ئەوانی دیکە زیاتر نییە ئەی بۆ فارسەکان مافی ئەوەیان هەیە نەتەوە بنو خەونی گەورەیان هەبێو بە هەموو توانایانەوە پارێزگاری لە زمانو کلتوری خۆیان بکەن، بەڵام کورد بۆی نییە خاوەنی ئەو مافە بێت؟ فارس بۆی هەیە شانازی بە مێژووی خۆی بکاو مەنشوورکورش دوای ٢٥٠٠ساڵ وەک شانازیەکی مێژوویی نیشانی خەڵکی جیهانی بدا، بەڵام کورد مافی ئەوەی نەبێ باس لە جمهووری کوردستان بکا کە مێژوویەکەی تەنیا ٦٨ساڵ لێمان دوور کەوتۆتەوە کە لە ماوەی ١١مانگ‌دا بە پێی ئیمکانات ئەوکاتو بەراورد لە گەڵ ئێستا توانیویەتی بەڕادەی حکوومەتێکی ١١ساڵە کار بکاو مێژووو شانازی بۆ نەتەوەی کورد تۆمار بکا. پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە زۆرکەس ماونو گەلێک بەڵگەو ئەسناد هەن کە قەت جمهووری کوردستان کۆمۆنیستی نەبووە کە دیارە نووسەری سەر کونسولگەری وشەی کۆمۆنیستی بە خەیاڵی خۆی بۆیە بەکار دێنێ هەتا کۆماری کوردستانی پێ عەیب‌دار بکا کە رەنگە ئەگەر کۆمۆنیستیش بوایە هیچ عەیب‌وعارێک نەدەبوو چونکە لەو سەردەمەدا نزیک بە نیوەی خەڵکی ئەم جیهانە بەربەرینەو ویستیاری حکوومەتی کۆمۆنیستی بوون.

لەو وتارە کە رەنگە نەکرێ خاڵ‌بەخاڵ بە وردی هەموو سووکایەتیەکانی وتارنووسی کونسولگەری ئێران لە سولەیمانیە باسیان لێوە بکرێ، چونکە هێندێک لەو بابەتانە وەک «مێژوو، نەتەوە، دەوڵەت، زمان» پێویستی بە کەسی شارەزا لەو بوارەدا هەیە لەسەریان بدوێو وەڵامێکی باشو زانستی بەو وتارەی سەرکونسولگەری ئێران بداتەوە بۆ ئەوە جارێکی دیکە ئەویشو خەڵکی تریش فێر نەبن بەدوای رێچکەی «رضاشا»و «ئاتا تورک»دا برۆن.

بەڵام لێرەدا پێویستە ئیشارە بە چەند دەوڵەتە. هەر بۆیە مەئمووری دیپلۆماتیک مەئمووری سیاسی جیاوازی هەیە لە گەڵ مەئمووری ئیداری حکومەتێک لای حکومەتێکی دیکەو یەکەمیان ناز ناوی نوێنەرایەتی سیاسی دەوڵەتی پێدەدرێو دووهەمیان ئەو نازناوەی نیە«

هەر لەو پێوەندییەدا بە پێی پەیماننامەی وینو پەسەندی مەجلیسی ئێران بەو جۆرە باس لە دامەزراندنیو پێوەندی وەزایفی کونسولی لە نێوان دەوڵەتەکان‌دا دەکا.

مادەی ٢ خاڵی ١ دەڵێ: دامەزراندنی پێوەندی کونسولی نێوان دەوڵەتان بەڕازی بوونی دوولایەنە دروست دەبێ.

خاڵی ٢-» رازی بوون بە دروست کردنی پێوەندی دیپلۆماتیکی نێوان دوو دەوڵەت زامنی رازی بوونی دوو دەوڵەتە بە دامەزراندنی پێوەندی کونسولی»

مادەی٤ «دامەزراندنی پۆستو بنکەی کونسولی لە خاڵی ١ی ئەو مادەیەدا بەوشێوەیە باس دەکا خاڵی ١ «پۆستی کونسولی ناتوانرێ بێ رەزایەتی دەوڵەتی وەرگرو میواندار کە لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتە دابمەزرێ»

**مادەی ٥/ باس لە ئەرکی کونسولی دەکا:**

الف) – پاراستنی بەرژەوەندی ئەودەوڵەتەی کە لێی ڕاهاتووەو هاو وڵاتیانی ئەو وڵاتە لە کەسایەتی حقیقیو حقووقی لە سنووری دەوڵەت وەرگر- هەتا ئەو ڕادەییەکە قانوونی نێونەتەوەیی ڕێگای پێ داوە«.

پ» یارمەتیدان بە پەیوەندی بازرگانیو ئابووریو فەرهەنگیو زانستی لە نێوان ئەو دەوڵەتەی لێی ڕاهاتووەو دەوڵەتی وەرگر و پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بە هەر ڕێگایەکی دیکە لە چوارچێوەی ڕێو شوێنی ئەو کونوانسیونە دا».

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو وتارەی کۆمەڵێک فەرهەنگی ناشارستانی واریدی خاکی هەرێمی کوردوستان بکەن کە ڕەنگە زیندانەکانی هەرێم باشترین شاهید بن بۆ ئەو مەسەلەیە.

کاتێک کۆنسولگەری کۆماری ئیسلامی لە هەولیر بەردباران کرا بۆ ئیران گرینگ بوو بزانی کە ئەو روداوە گرینگە دستی هەرێمی لە پشتە یا نا؟ ئێستا مەسەلەکە پێچەوانە بۆتەوە و ئەو پرسیارە بۆ تاکی کوردو خەڵکی کوردوستان دێتە ئاراوە کە ئایا ئەو وتارە پڕ لە جنێو و بوختان و سووکایەتی بە کوردو کوردستانیان روخساری راستەقینەی کۆماری ئیسلامی نیەکە خۆی دەرخستووە و ئەوە تێڕوانینی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە هەرێمی کوردستان و هەموو نەتەوەی کوردە، ئەگەر وانیە چۆنە دوای بانگێشتنی رەسمی سەرکونسولی ئێران لە هەولیر بۆ فەرمانگەی پێوەندییەکانی هەرێم بە رەسمی و بەئاشکرا هەڵویستی دەوڵەتی ئێران روونو بڵاو نەبۆتەوە.

لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی دستخۆشی لە حکوومەتی هەرێم بکەین کە بەرێگای دیپلۆماسی ئیعترازو نارەزایەتی خۆی دەربریوە بەڵام هەر ئەوەندە وەڵام دەرنییەو پێویستە لەسەر تاک تاکی کورد رێکخراوو کۆمەڵگای مەدەنی لە هەر پارچەیەک لە کوردستانو بە تایبەتی لە باشورو رۆژهەڵات بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەگونجێ نارەزایەتی خۆیان دەربرن بۆ ئەوە کۆماری ئیسلامی لە ناوی دۆستایەتی لە گەڵ کوردو هاوکاری کردنی کورد لە باشووری کوردستان، کەڵکی خراپ وەرنەگرێو یاری بە هەستو ئیحساسی تاکی کورد نەکاو لەو رێگایەوە کوردو نەتەوەو خاکەکەی نە چەوسێنێتەوەو بە نەزانو نەبووی دانەنێ.

---

## شوناسی نەتەوەی کورد بە کینەنامەیەک خەوشدار نابێ!



مەنسوور مروەتی

پێشەوای دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەست و نۆ ساڵ بەر لە ئێستا کاتێ کە پێشەوای کوردان قازی محەممەد کۆمەڵەی ژێکافی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان گۆڕیو لە سەر دەستی ئەو حیزبەش کۆماری کوردستانی دامەزراند، لانیکەم زۆربەی هەرەزۆری ئەم وڵاتانەی کە ئێستا لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە، یا هەر نەبوون بە دەوڵەت یا ئەگەریش هەبوون بە ئێستاشەوە بە ئەرقامی نجوومی لە دێموکراسیو مافی مرۆڤو ئەو چەمکە مودێرنانەی کە دونیای پێشکەوتووی ئێستا شانازیی پێوە دەکەنو وڵاتی پێ‌بەڕێوە دەبەن، دوور بوون . نموونەی هەرەبەرچاو ئەم وڵاتی ئێرانەیە کە سەرەڕای مێژووی حکومەتداریی چەند هەزار ساڵەیان ئەموە دۆخەکەیەتی کە پێویستی بە قسە لە سەر کردن نیە. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەکرێ کە قازی محەممەد بە پێشەوای دیموکراسی نەک لە ئێران و کوردستان بەڵکوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناو بەرین. لە دونیادا وێنەی ئەو رێبەرانەی کە نە تەنیا گەلەکەیان بەڵکوو مرۆڤایەتی دەبێ شانازییان پێوە بکا و ئەزموونیان لێ‌وەرگرێ کەمن، قازی محەممەدی کوردانیش یەکێک لەو دەگمەن رێبەرانەیە. بۆ گەلی کوردیش نە لە خانەی عاتفی‌دا بەڵکوو لە راستیو دنیای واقیعدا قازی محەممەد رێبەرێکە کە کار و کردەوە و تەنانەت مەرگەگەشی بوو بە شوناس بۆ ئەم نەتەوە چەند میلیۆنیە.

لە ئێراندا و لەم ٦٩ ساڵەی کە بە سەر کۆماری کوردستان‌دا تێدەپەڕێ هەم لە رژیمی پەهلەویو هەم لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا چەندین هەوڵ بۆ چەواشەکاریو شێواندنی روخساری کۆماری کوردستان و سەرکۆمارە نەمرەکەی دراوە بەڵام ئەو هەوڵە نەزۆکانە پاش ماوەیەکی کورت وەک بڵقی سەر ئاویان لێهاتوە. نموونەی ئەم دواییانەی ئەم هەوڵە بێ ئاکامانە بڵاوکردنەوەی وتارێک لە ماڵپەڕی کونسوولخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری سلێمانییە. لەم نووسراوەیەی کونسوولخانەی کۆماری ئیسلامی‌دا کە بە تەواوی رقی ئەو رێژیمە بەرانبەر بە گەلی کوردی پێوە دیارە، جگە لە باسی کۆماری کوردستان و پێشەوای گەورەی کورد قازی محەممەد، تەنانەت پەلاماری نەتەوەی کورد و زمانی کوردییش دراوە کە رەنگە لە بەر بێ ناوەرۆکیی بابەتەکە هیچ پێویست بە باس کردنی نەکا، بەڵام ئەوەی کە جێی بیر لێ‌کردنەوەیە ئەوەیە کە ئامانج لەو کارەی کۆماری ئیسلامیو کاری هاوشێوەی وەها چیە؟ جوابی ئەم پرسیارە هەرچی بێت، راستییەک کە حاشای لێ ناکرێ ئەوەیە کە پێشەوایەک کە مەرگو ژیانەکەی بۆ خۆی خولقێنەری بەشێک لە شوناسی ئەم گەلەیە تازە کوا بە نووسینی کینەنامەیەکی وەها خەوش هەڵدەگرێ.

# دژایەتی لەگەڵ خوێندن بە زمانی زگماکی لەباری زانستیو لۆژیکییەوە بێبەهایە

## (لە ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئاغای ئێحسان هوشمەندا) ١_٢



مستەفامەعرووفی

و بۆ کوردی: سیروان مووساپوور

ئاشکرایە جارێکی دیکە ئاغای هوشمەند وەک دەڵێن «ئاگای لە مام شەهابی نیە»! ئێوە سەیر کەن، مەبەست لە «هێندێک لە وڵاتان بە شێوەی دەستکرد لە چەند گرووپی زمانی پێک هاتوون» چیە؟ ڕەنگە پێی وابێ لەو وڵاتانە حکومەتێکی وەک حکوومەتی وڵاتی ئێمە بڕیار بدا خەڵکی فڵانە ناوچە بەم زمانەو خەڵکی فیسار ناوچە بەو زمانە بپەیڤن! چووزانم، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێ کە دەوڵەت، خەڵک بەسەر چەند گرووپی جیاوازدا دابەش دەکا، ئەوکات پێشنیاری زمانێکی دەستکرد بە هەر یەکێکیان دەکا! با لێیگەڕێین. جێگەی خۆیەتی لێی بپرسین سەپاندنی زمانێک بەسەر جیاوازییە نەتەوەییەکاندا لە وڵاتێکی فرەنەتەوە شێوازی دەستکردی گرووپی زمانییە یان بەهرەمەندبوون لە مافی سەرەتایی و بێئەملاوئەولای نەتەوەیەک لە بواری فێربوون و وتنەوەی زمانی خۆیان؟

ئاغای هوشمەند باسی یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان لەپێناو ڕەتکردنەوەی خوێندن بە زمانی زگماکی دەکا و بوونی شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی نێو زمانی کوردی بە بەربەستی ئەم کارە دەزانێ: *« لە بیجاڕی کوردستان یان شاهیندێژ قەرارە چ زمانێک بخوێندرێ؟ گەرووسی؟ یان سنەیی؟ یان سۆرانی یان کرمانجی؟»* ناوبراو لەم خاڵەش بێخەبەرە کە لەرووی زمانناسییەوە هیچ زمانێک بوونی نیە کە خاوەن چەند زاراوە و شێوەزار نەبێ. بۆ مەگەر زمانی فارسی خاوەن زاراوەی جۆراوجۆر نیە؟ ئاخۆ دەکرێ هەبوونی زاراوەکان بە لەمپەری خوێندن و گوتنەوەی ئەو زمانە دابنرێ. هەر زمانێک لە حاڵەتی خوێندن و فێرکردندا شێوازی نووسراوەیی و فەرمیی خۆی دروست دەکا کە سەبارەت بە زمانی کوردی ئەم شێوازە لە زمانی فەرمی لانیکەم لەلای کوردەکانی ئێران و لە کوردستانی عێراق بوونی هەیە. ئاخۆ ڕاستە بڵێین کام زمانی فارسی دەبێ لە قوتابخانەکان بخوێندرێ، زاراوەی ئیسفەهانی، تارانی، بەندەری، شیمالی ...؟ ئەم بەڵگەهێنانەوەیە سەبارەت بە زمانی کوردیش هەر وایە.

لە جێیەکی دیکەدا ئاغای مەتینی غەففاریان لێی دەپرسێ: *«بۆ نموونە بەهەرحاڵ کوردەکان جیاواز لە جیاوازییە زمانییەکانی کە پێکەوە هەیانە، دەتوانن لەسەر زمانێکی میعیار پێکەوە قسە بکەن...»* ئاغای هوشمەند لە وڵامدا دەڵێ:

*« نەخێر، ناتوانن. ئەمە بە هیچ شێوەیەک ڕاست نیە. کوردێکی ماکۆیی لەگەڵ کوردێکی ئیلامی ناتوانن پێکەوە بە کوردی قسە بکەنو ناچارن بە فارسی یەکتر بدوێنن. جیاوازییە زمانییەکان لێرەدا جیاوازیی پێکهاتەییەو دەبێتە لەمپەری لێک تێگەیشتنی دوولایەنە.»*

لەگەڵ ئەوەیکە ئەم ئیدیعایە تەواو بێبناغەیە، ناوبراو ناڵێ هیچ کوردێک ئەگەر بە زمانی فارسی دەرسی نەخوێندبێ و زمانی فارسی هەموو ڕەهەندەکانی ژیان داگیر نەکردبێ، ناتوانێ بە زمانی فارسی قسە بکا و تەنانەت لێشی تێبگا. ئەگەر زمانی فارسی زمانی فێربوون و خوێندن نەبووایە، تەنانەت خەڵکی باشووری ئێران لە قسەی تارانییەکان تێنەدەگەیشتن چ بگا بە کوردێک. سەبارەت بە زمانی کوردییش هەروایە. هەر ئەو ماکۆیی و ئیلامییە ئەگەر مافی خوێندن بە زمانی کوردییان هەبووایە و لەم مافە بێبەش نەبووایەن، بەو زمانە کوردییە قسەیان دەکرد کە زمانی ڕەسمیی کوردی و خوێندن و فێرکاریی کوردی دەبوو. بۆچی کوردێکی خوێندەواری خەڵکی زاخۆ لە کوردستانی عێراق لەگەڵ کوردێکی خوێندەواری خەڵکی هەڵەبجە کە خاوەن دوو شێوەزاری جیاوازی کوردین، وەها کێشەیەکیان نیە و ناچار نین بە زمانی عەرەبی قسە لەگەڵ یەکتر بکەن؟ لەبەر ئەوەی لە کوردستانی عێراق کوردی دەخوێندرێ و ئەم زمانە فێرکارییە وەک زمانی فێرکاریو ڕاهێنانی فارسی بۆ فارس زمانەکان، بۆ هەر کوردێکی خوێندەوار شیاوی تێگەیشتن و قسە پێکردنە. ئەدی فارسزمانێکی نەخوێندەواری خەڵکی شیراز شتێک لە کەسێکی فارسزمانی نەخوێندەواری خەڵکی ڕەشت تێدەگا؟ کەوایە بۆ بەم شێوەیە سەیری زمانی

ئاغای هوشمەند باسی یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان لەپێناو ڕەتکردنەوەی خوێندن بە زمانی زگماکی دەکا و بوونی شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی نێو زمانی کوردی بە بەربەستی ئەم کارە دەزانێ: ***«لە بیجاڕی کوردستان یان شاهیندێژ قەرارە چ زمانێک بخوێندرێ؟ گەرووسی؟ یان سنەیی؟ یان سۆرانی یان کرمانجی؟»*** **ناوبراو لەم خاڵەش بێخەبەرە کە لەرووی زمانناسییەوە هیچ زمانێک بوونی نیە کە خاوەن چەند زاراوە و شێوەزار نەبێ. بۆ مەگەر زمانی فارسی خاوەن زاراوەی جۆراوجۆر نیە؟**

کوردی دەکرێ بەڵام لەبارەی زمانەکانی دیکە ئاوا بیر ناکرێتەوە!

ئاغای هوشمەند کێشەگەلێکی وەک نەبوونی کارناس، نووسینی ڕێزمان، مامۆستا، کتێب، دەفتەر! و تێچووەکانی تری ئەم بوارە بە لیستی بەڵگەکانی خۆی لەپێناو ڕەتکردنەوەی خوێندنی زمانەکانی دیکە زیاد دەکا و دەڵێ: «دەرکەوتووە ئەم کارە چەندە خەرجی و مامۆستا و پێداویستیی دیکەی گەرەکە؟» بەخوا سەیرە! لەو داهێنانە سەیروسەمەرەیە! مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێ! ئاخر خوێندن و فێربوونی کام زمان خەرجی و تێچوونی ناوێ؟ ئاخۆ زمانی فارسی هەر بە بەلاش دەخوێندرێ؟ حەتمەن جەنابیان پێی وایە ئەمە ئیمدادی غەیبییە! مەگەر خوێندنی زمانە بیانییەکان لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێران مامۆستا، ڕێزمان، کتێب، دەفتەر، پاککەرەوەی و قەڵەمتراش و...!! پێویست نیە؟ ئێستا کە قسە لەسەر وتنەوەی زمانی نەتەوەکانی دیکەیە، بابەتی خەرجی و تێچوون لە پەنا بەڵگە زانستییەکانی! ئاغای هوشمەند خۆی قووت کردۆتەوە.

لە درێژەی باسەکەدا ئاغای هوشمەند دێتە سەر مەبەستی سەرەکیی خۆی لەم وتوووێژە و دەڵێ: *« دیار نیە چ کەسێک قەرارە کتێبە دەرسییەکان لەم بوارەدا دابنێ و چ کەسانێک ئەم زمانانە بڵێنەوە. ئەمە خۆی چاڵشێکە. هێندێک کەس نیگەرانن کە ئەو کتێبانە لەلایەن کەسانێکەوە دابنرێن کە چالاکیی سیاسیی قەومگەرایانە و دژە نەتەوەییان لە کارنامەدا هەیە... کاتێک لە سەردەمی ڕیفۆرمدا قەرار بوو لە هێندێک لە زانکۆکانی وڵات زمانە ناوچەییەکان بخوێندرێن، ڕێکخستنی سیلابس و سەردێڕی دەرسەکانیان خستە ئەستۆی چەند کەسێک لە قەوم خوازەکان کە ژمارەیەکیان حەزێکی توندی دژە ئێرانییان هەبوو... واتە قەرارە لە قوتابخانەکان زانست و کەلەپووری هاوبەشی کولتووریی بخوێندرێ یان قەرارە پارتیزان یان کەسایەتی دژە ئێرانی پەروەردە بکرێ؟»*

دیارە کە زمانناسان و کەسانێک ئەم کتێبانە دەنووسن (ئەگەر شتەکە سەر بگرێ) کە شارەزای ڕێزمانی ئەو زمانانە بن. داخوا ئەمە چاڵشە؟ کەسانێک کە جێگەی نیگەرانین، کێن؟ مەگەر دەکرێ ڕێزمان نووسێک، ئەدیبێک، یان زمانناسێک جێگەی نیگەرانی بێ؟ ئاخر هەر ئەم شێوە بیرکردنەوە و ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوانە موختاری، پوویەندە، فرووهەرەکان و زاڵزادەکانی تووشی مەرگ کرد. ئەم بەسەرهاتانە لە مێژووی ئێراندا پێشینەیەکی دوورودرێژیان هەیە. ئەگەر ڕێزمانی قەومێک لەلایەن هاوبیران و هاوڕێبازەکانی ئاغای هوشمەند بنووسرێ، ئاشکرایە کە ئەم زمانە تووشی لەنێوچوون و فەوتان دەبێتەوە. کەوایە دیارە ڕێزمان لەلایەن کەسانی نەتەوەیی و نیشتمانپەرست دەبێ بنووسرێ، بە تایبەت لە وەها بارودۆخێکدا. دان بەوەدا دەنێم کە لە زاراوەی «دژە نەتەوەیی» شتێکم دەست نەکەوت، چونکە ئەو کەسانەی ئاغای هوشمەند ئاماژەیان پێدەکا ئەو نەتەوەخوازە ئازادیخوازانەن کە بەتەمان جیاوازییە نەتەوەیی و زمانییەکانی ئێرانییەکان بە شێوەیەکی دێموکراتیک بپارێزرێ. زاراوەی «دژە ئێرانی» کوتکێک بووە هەر لە کۆنەوە لە دەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی و هەرکەس باسی ئازادی کردوە و ڕەخنەر لە دەسەڵات گرتووە، لە تەپڵی سەری ڕاکێشراوە. نەمزانی ناوبراو بۆچی زاراوەی «دژە ئیسلامی»یشی بەکار نەهێناوە، خۆ ئەویش لە دوای شۆڕشەوە بەو چشنە زاراوانەوە زیاد کراوە. هەزاران ئازادیخواز و خەباتگێری لە پێش و لەدوای شۆڕش بە تاوانی «دژە ئێرانی» و «دژە ئایین» ملیان بە پەتدا کراوە.

ئێستا ئەو ڕۆشنبیرانەی کە دەیانەوێ لە ڕێگەی یاساییەوە خزمەتی کولتوور و زمانی نەتەوەی خۆیان بکەن، لەگەڵ ئەم جۆرە دادوەری کردنی فاشیستی و هەڵبەت هەڕەشانە ڕووبەڕوو دەبنەوە.

ئاغای هوشمەند دەڵێ: « لە ئێراندا ئێمە پێشینەیەکی هاوبەشی مێژوویی چەند هەزار ساڵەمان هەیە کە دەبێ سەرنجی پێبدرێ. لە ئێران، ئەگەر ئاماری کۆچکردنەکان لە نێوخۆ تاوتوێ بکرێن دەبینین کە تێکەڵاوییەکی زۆرمان لەنێو خەڵکە جۆراوجۆرەکان هەیە کە لە گرووپە زمانییە جیاوازەکان پێک هاتوون. لە تاران، بەپێی ئەو ئامارەی من دەرم هێناوە، سەدان هەزار بنەماڵە هەن کە دایک و باوکەکان لە دوو پارێزگا یان دوو گرووپی زمانی جیاوازن. منداڵەکانی ئەم جۆرە بنەماڵانە دەبێ بە بەر کام گرووپی زمانی بکەون؟

ئاغای هوشمەند باس لە هاوبەشێتیی دەکا، کام هاوبەشێتی؟ بۆ نموونە پشکی کورد لەم هاوبەشێتییە چیە؟ تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەنێو تاکەکانی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە دیاردەیەکی ئەرێنییە. نە تەنیا لە تاران بەڵکوو لە ئیستانبووڵ، بەغدا و دیمەشقیش ئەم دیاردەیە هەیە، تەنانەت لە ئیستانبووڵ و بەغدا زیاتر لە تاران شتی وا هەیە. تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپایی خاوەن حەشیمەتی ملیۆنیی کوردەکانین، ئەم تێکەڵاوییە لەوێش بەرچاو دەکەوێ. دەبێ بە ڕوانگەیەکی ئەرێنییەوە سەیری هەموویان بکرێ. ئەوانە بەشێک لە بابەتە تاکەکەسییەکان و لە مافە سەرەتاییەکانی هەر مرۆڤێکن کە تاک لە هەڵبژاردنی هاوسەردا ئازادە. بەڵام ئایا ئەم کارە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کولتوورییەکانی نەتەوەیەک تەواوە؟ ئێستا وای دابنێن هەزاران ژن و پیاوی کوردزمان و فارس زمان پێکەوە ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە، ئایا ئەم کارە بێبەشییە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی کوردی قەرەبوو کردۆتەوە؟ ڕاهێنانی منداڵەکانی ئەم بنەماڵانە بە بارودۆخی ژیانیانەوە بەستراوەتەوە، بە حەزی ئەوانەوە بەستراوەتەوە کە چ زمانێک هەڵبژێرن. هەلومەرجی کوردێک لە سوێد وا پێویست دەکا خوێندنی خۆی بە زمانی سوێدی تەواو بکا لەگەڵ ئەوەیکە لە خولەکانی فێرکاری زمانی کوردی لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکییش بەهرەمەندە. بنەماڵەیەکی فارس لە دەرەوەی وڵات بە چ زمانێک ڕادەهێنرێ و منداڵەکانیان سەر بە کام گرووپی زمانین؟ ئێستا بنەماڵەیەکی کورد لە تاران لە وڵاتی خۆیەتی، حەتمەن دەبێ بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە بیانییەکان، خاوەن مافی زیاتر بێ!

لە کۆتاییدا ئینساف وا دەخوازێ لە شوێنێک کە حەق بە ئاغای هوشمەندە پێویستە دانی پێدابنرێ. ناوبراو لەم وتووێژەدا گلەیی لە نەبوونی ئەتڵەسێکی زمانەوانی لە وڵاتدا دەکا: «دەبێ سەرەتا ئەتڵەسی زمانە ناوچەییەکان ڕێک بخرێ دواتر هەنگاوی دیکە هەڵبهێنرێتەوە. کەواتە لە هەنگاوی یەکەمدا ناساندنی زمانە ناوچەییەکان دەبێ لە دەستووری کار دابنرێ و ئەمە پێویستییەکی نەتەوەیی و فەرهەنگیی ئێرانی ئەمڕۆیە.» لەم بابەتەدا وێڕای هاوڕابوون لەگەڵ بۆچوونی ناوبراو پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بدەم کە گشتاندنی «زمانی ناوچەیی» وەک زمانی نەتەوەیەک بە ناواقعییو نابەجێ دەزانم. هەروەها وەها بەرنامەیەک دەبێ لەسەر بنەما ڕاستییە عەینی و هەستپێکراوەکان بێو دەرەنجامەکانی لە ژێر کاریگەریی ڕوانگە سیاسییەکانی لەو شێوەیە نەبن.

**کۆتایی**

درێژەی:

## سەفەری رووحانی بۆ ئیلام و چەند قسەیەک

زەرفییەتەکانی یاسای بنەڕەتی لە ئێران دا، کە پێوەندی بە مافی میللەتەوە هەیە، لە ڕەهەندی جوراوجۆرەوە باسیان بکەن. لەم بوارەدا، کاتێک ڕووحانی، ئاغای یونسی بۆ پرسی نەتەوەکانو کەمایەتییە مەزهەبییەکان دیاری کردوە، پێویستە چ نوێنەرانی مەجلیسی شوورا، هەڵبژێراوی شووراکان، کەسانی فەرهەنگیی، کۆمەڵاتییو بازاریی جێی متمانەی خەڵک بە تاکو بەکۆ داوای دانیشتنی لەگەڵ بکەنو باسی مافە نەتەوەییو هەڵاواردنەکانیان لەگەڵ بیننە گۆڕێ. نووسینی نامە، ناردنی ئیمیل، ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ هەموو بەرپرسانی ئیجراییو دەوڵەتی یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی مشوورخۆرانی ئیلامیو گشت ناوچەکانی کوردستان بێ. شێلگیری لەوجۆرە هەوڵدانە کە لە تێکۆشانی هەمە لایەنەی ئێمەدا، زۆر کەم باوە، دەتوانێ شێوەیەکی نوێ گوشارو باس کردنی بەردەوامی داخوازییەکانو پێشێل کاری مافەکانمان بێ.

پێویستە ژنانو کچان، بە هەڵسەنگاندنی ناوچە دواکەوتووەکانی کوردستان و بلووچستان، هۆیەکانی کاریگەر بوونی تێکۆشانی ژنانو بردنە سەری ئاستی تواناکانیان بۆ گەیشتنی پۆستە ئیجراییەکان لە ناوچەی بلووچستان – کە خاڵێکی ئەرێنییە–، بدۆزنەوەو لە ناوچەی ئیلامیش، کە خۆکوژی ژنان بەتایبەتی بەهۆی خۆسوتاندن، بەرێژەی بەرزتر لە پارێزگاکانی ئێران دایە، وردبنەوەو بۆ گۆڕینی هەوڵ بدەن.

پێویستە گەلەکەمان لەو ناوچەیەدا، هاوپێوەندیو ئاشنا بوون لەگەڵ تێکۆشەرانی مەدەنیو ئێن جی ئۆیەکانە بۆ سوود وەرگرتن لە سەرکەوتنەکان لە هەر شوێنێک وەدەست هاتبن، لە کاری هاوبەشو لەکاتی دەرفەتەکان دا، کەلکی لێوەرگرن. لە هەموو ئامێرەکانی پێوەندیو پێکهێنانی شێوەیەکی کۆ دەنگی لەگەڵ نەتەوە نافارسەکانو لەگەڵ ئازادیخوازانو ماف ویستانی دەرەوەی دەسەڵات لە تارانو شارە گەورە فارسنشینەکان، بکەن بە پرۆژەی کارو تێکۆشان.

پێویستە کردەوەکانی قەدەم خێر خانمی قارەمانی نەتەوەیی کورد لە ناوچەی لورستان و ئیلام، بەڕۆژ بکرێتەوەو بە ئیلهام وەرگرتن لەو ژنە تێکۆشەرە نەتەوییە، چالاکی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی بکەنە هێمای بەکژ داچوونەوەی سەرەڕۆیان، چ لە نێو دەسەڵات بەدەستانی ماف پێ شێل کار و چ لەنێو کۆمەڵگای خۆمان دا، بەشێوەکی گونجاو و هێمنانە.

پێویستە پیاوانو کوڕانی تێگەیشتوو و خوازیارانی بەڕێوچوونی مافی یەکسانی، لە کێشە و گرفتەکانی کە بۆ ژنانو کچان – کە بەداخەوە لەو دەڤەرە زۆرن–، دێتە پێش یارمەتی دەر بن کە چۆن برای قەدەم خێر خانم لەگەڵ خۆشکە خەباتگێڕەکەی فیداکاری کرد و لەلایەن سەرەڕۆیانی ڕەزا شا (پەهلەوی دوویەم) گیانی لێئەستێندرا، هاوکاری دایکان، ژنان و خوشکەکانیان بن. دڵنیا بن بە هاوکاری و ڕێز گرتن لە مافی شیاوی ئینسانی یەکتر، سەرکەتوو دەبن و ئەو دیاردە دزێوە خۆکوژییە لەوپەڕی کەمی خۆی دا، دەبێ.

سەردانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەر ناوچەیەکی کە نەتەوە نافارسەکانی لێدەژیو یەکێک لەوان نەتەوەی کورد، هەم دەتوانی هێندێک دەسکەوتی هەرچەند بچووکیش بێ، لانی کەم بۆ ژیان گوزرانی رۆژانە بەدوای خۆیدا، بێنێو هەم ئەو پرسانەی کە لە کاتی سەردانەکاندا، باس دەکرێن، ڕاستیی حاشا هەڵنەگری جیاوازییەکان دەورووژێنن.

یەکگرتوویی هەموو چین و توێژێکی کورد و بەتایبەتی لەنێو ژنانو کچان و لاوان دا– کە ئێستا بەخۆشییەوە زۆربەیان تێگەیشتوو و خوێندەوارن–، بە یارمەتی پیاوان و کوڕانی پشتیوانی مافی مرۆڤو بەدورشمی» ژیانی وەک یەک بۆ هەموان»، بە دروست کردنی گرووپی چووکە و گەورە، و هێنانە گۆڕی داخوازییە نەتەویی، ژینگەیی و ژیان و گوزەرانێکی ئینسانی سەدەی بیست و یەکەمی لەگەڵ بەرپرسانی سەرووی دەسەڵات، دەتوانێ کاریگەری ئەرێنی هەبێ. دوژمنانی گەلەکەشمان ناچار دەبن، هەڵسو کەوتیان بگۆڕن. ئەگینا لەگەڵ شەپۆلی ناڕەزایەتیی بەرەوروو دەبن.

**سەرچاوەکان:**

**ماڵپەڕەکانی «کوردستانو کورد»**

**«کورد کاناڵ»**

**«کورد پرێس»**

# یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی عەبدوڵڵا بەهرامی



برایم چووکەڵی

٢٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٣، ٣٠ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی هاوڕێی فیداکار عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا تێدەپەڕێ.

ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٣ شۆڕشگێڕی دیموکرات لەشەڕێکی سەختو نابەرامبەردا لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەی دیواندەرە لەگەڵ ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی سەدیق ئەندام، ئەنوەر شیلانان‌و حەمەی رامین تێکەڵ بە کاروانی سەربەرزی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان بوو.

شەهید عەوڵای بەهرامی ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە شاری پاوە لەناوچەی هەورامان، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر چاوی بە دنیای روون کردەوە، لەداوێنی دایکێکی دڵپاکو رووسوور، لە نێو سروشتی جوان‌و رازاوەی ناوچەی هەورامان‌دا گەورە بوو و رەوانەی قوتابخانە کرا. هاوینانیش بۆ یارمەتی باوکی قۆڵی لە کار هەڵدەماڵی‌و بۆ ئەوەی لانی کەم خەرجی خوێندنی خۆی دابین بکا. پاش تەواو کردنی پۆلی ٣ی ناوەندی، دەچێتە دانشسەرای کەشاوەرزی شاری کرماشان، پاش تەواو کردنی دانشسەرا، لە ئیدارەی کەشاوەرزی پاوە دامەزرا.

عەوڵای بەهرامی کوڕە زەحمەتکێشی نەتەوەکەمان لە تەمەنی مێرمنداڵی‌یەوە، نیشتمانپەروەری‌و رزگاریی نەتەوەکەی، بیروهەستی داگرتبوو. هەست بە زوڵم‌و زۆری‌و بندەستی نەتەوەکەی هێنابوویە سەر ئەو بڕوایە کە کوردیش دەبێ بە سەربەستی‌و ئازادی بژی‌و دەسەڵاتی بەسەر چارەنووسی خۆی‌دا هەبێ، بۆیە حەولی دەدا کە فێری خوێندن‌و نووسین بە زمانی زگماکی بێ، شێعری شاعیرانی شۆڕشگێڕی کوردی لەبەر دەکردو هەستی خاوێنی خۆی پێ دەردەبڕی.


شەهید عەوڵای بەهرامی وەرزشکاریش بوو، وەرزش‌و چوونە نێو ئەو بوارە بۆ ئەو بیانوویەک بوو تا بتوانێ لەگەڵ وەرزشکارانی دیکە لەسەر هەژاری‌و بندەستی نەتەوەکەی بدوێ‌و هەستی کوردایەتی لەنێو دڵ‌و دەروونیان‌دا بەهێز بکا، ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ناوبراو کە زیاتر لەوبوارەدا هەوڵ بدا.

کارکردن لە ئیدارەی کشاوەرزی‌و پێوەندی نزیک لەگەڵ زەحمەتکێشان‌و وەرزێران، ناوبراویان زیاترشارەزای دەردو ئازارو خەمەکانی چەوساوانی کۆمەڵگاکەی کرد. ئەو ئیمان‌و بڕوای لەدڵ‌و دەروونی‌دا پێک هێنا کە بۆ کۆتایی هێنان بە بارودۆخی ژیانی نالەباری چەوساوان دەبێ خەبات بکرێ. هەمیشە چاوی لە شەپۆلێکی شۆڕشگێڕانەی خەڵک بوو، بەڵام زۆری نەخایاندو تەمەنی ١٩ساڵە بوو کە ئاواتی گەورەی هاتەدی‌و خەڵک لە دژی دەسەڵاتی شا ڕاپەڕین، ئەویش وێرای خەڵک هەڵی کوتایە سەر داموو دەزگای ڕێژیمی پاشایەتی‌و دەنگی تێکەڵ بە هاواری زەحمەتکێشانی پاوە کردو ئاسەواری ڕێژیمی پاشایەتیان لەو ناوچەیەدا سڕیەوە.

بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان عەوڵای بەهرامی ئاسۆی ڕوونی رزگاری نەتەوەکەی لە دروشمەکانی حیزبی دیموکرات‌دا بەدی دەکرد بۆیە بێ‌راوەستان وەک یەکەم کەس لەشاری پاوە پێوەندی بە حیزبەوە گرت، هەر لەیەکەم ڕۆژی دەست پێ‌کردنی بەڵێنی بە حیزب‌و نەتەوەکەی‌دا کە تا وەدی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی ساتێک لەخەبات‌و تێکۆشان نەوەستێ. حەول‌و تێکۆشانی شەهید کاک عەوڵا بەهرامی‌و هەموو دڵسۆزانی حیزبی لەشاری پاوە بووکە ناوی حیزبی دیموکرات لەهەموو ناوچەکانی هەورامان زاربەزار بگەڕێ‌و ببێتە خۆشەویستی خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو ناوچەیەو ڕووناکی خستە نێو دڵی پڕ لەئاواتی هەژارانی دەڤەری هەورامان.

مێژوو هیچکات لەبیر نەتەوەی زوڵم لێکراو ناچێتەوە، بە هۆی پیلانی جۆراوجۆر شەڕی پاوە هەڵگیرساو نەیاران‌و دوژمنانی کورد لەنفوزو خۆشەویستیی حیزبی دیموکرات لەنێو کۆمەڵانی خەڵک زراویان چووبوو، بۆیە تاوانی ئەو شەڕەیان خستە سەر شانی حیزبی دیموکرات‌و خومەینی کۆنەپەرەست ڕاستەوخۆ فەرمانی جیهادی دژ بە خەڵکی کوردستان دەرکردو حیزبیشی هەڵوەشاوە (منحلە) ڕاگەیاند. بۆیە هێزە دژی گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری کوردستانیان‌داو بە بڕیاری بە ناو دادگای شۆڕش لەشاری پاوە، دەیان لاوی کورد بەدەست پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی گوللەباران کران.

دوای کارەساتی پاوە عەوڵای بەهرامی وێڕای هاوسەنگەرانی بۆ درێژەدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە رووی کردە کەژو کێوە سەرکەشەکانی هەورامان‌و لە بەرانبەر هەموو ئەو کەسانەش‌دا ڕاوەستاو هەڵوێستی گرت کە دەیان ویست بزووتنەوەی کورد بەلاڕێ دابەرن .



تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی عەوڵای بەهرامی، لێهاتوویی‌و کارزانی، ماندوونەبوونی، سەداقەت‌و بیروبڕوا بە ڕێبازی حیزبەکەی بوو. ئەوانە ئەویان کردبووە خۆشەویستی خەڵک‌و هاوسەنگەرانی، هەر بۆیەش لەیەکەم کۆنفرانسی حیزبی لەهەورامان مەکۆی قارەمانەتی تیکۆشەرانی هێزی شاهۆ بە بەرپرسی کومیتەی شارستانی هەورامان دیاری کرا. زۆری ناخایاند بە هۆی لێوەشاوەیی لەو پۆستەدا، لەلایەن حیزبەوە وەک ئەندامی کۆمیسیونی تەشکیلات دیاری کرا.


عەوڵا بەهرامی بۆ جێ‌بەجێ کردنی کارو بڕیاراتی حیزبی، ماندوویی نەدەناسی‌و بە ئۆگرییەکی زۆرەوە ئەرکی پێ‌ئەسپێردراوی رادەپەڕاندو لە هەر شوێنێکی کوردستان کاریان بۆ دیاری کردبایە بەوپەڕی سەداقەت‌و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی بەڕێوەی دەبرد. بەشداری عەوڵای بەهرامی لەشەڕی شنۆو خۆڕاگری ئەم ڕۆڵە پێشمەرگەیە لە بەرانبەر هێرشی بەناوبانگی ڕیژیم بۆ سەر ئەو ناوچەیە جێگای تایبەتی لەژیانی پێشمەرگایەتی عەوڵای شەهیدا هەیە.

عەوڵای بەهرامی لە کۆنگرەی ٥ی حیزب بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردراو وەک بەرپرسی کومیتەی مەریوان‌و ئەندامی ناوەندی ئاژوان دیاری کرا. ئەو بە هەڵسوکەوتی جوامێرانەی، گوێگرتن بۆ هاوسەنگەرانی، راگەیشتن بەدەردوومەرگیان، شەریکی ڕۆژی تەنگانەو ناخۆشی‌یەکانیان بوو بە هەموو وجوودییەوە هەستی بە ئێش‌و ئازارەکانی خەڵکی ناوچەی مەریوانیش کردبوو. ئەو تەنیا کادرێکی سیاسی نەبوو بەڵکوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانیش بوو. لەمانگی سەرماوەزی ١٣٦٢ کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری ئاوایی بێسارانی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوانیان‌دا لەوشەڕەدا بەداخەوە حسام ئەسعەدی فەرماندەری هێزی زرێباری مەریوان شەهید بوو، دوای شەهید بوونی حسام، عەوڵای بەهرامی بێ ئەوەی ورەی لەدەست بدا جێی بەتاڵی شەهید حسامی لەوڕۆژەدا پڕکردەوەو فەرماندەیی ئەو شەڕەی کردوو هێزەکەی ڕێکخستەوەو بە بەرپرسایەتیەکی کەم وێنە، توانی ئەرکی سەخت‌و دژوار لەو ڕۆژەدا بەڕێوە بەرێ.

عەوڵای بەهرامی تەنیا ئەو داستانەی تۆمار نەکردبوو لە ٢٥ی گلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ ڕۆژێکی دیکە، لەرۆژە پڕلەشانازییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو شەهیدەیە. ئێوارێی ٢٤ی گەلاوێژ پێشمەرگەکان، تا بەیانی ڕۆژی ٢٥ی گلاوێژ بۆ ماوەی ١٦ سەعات ڕێگایان بڕی، لەسەعات ٦ی بەیانی لەنێوان ئاوایی‌یەکانی « کاکۆ زەکریا» و» دەرەهەر»ی ناوچەی بەرپلەی ساڕاڵ کەوتنە کەمینی دوژمنەوە لە یەکەم دەسرێژدا سەلاح ئەحمەدی شەهید بوو بەڵام فەرماندەری بەرێوجێی شەهید عەوڵای بەهرامی، ئازایەتی‌و نەترسی ئەو فیداکارەو پێشمەرگەکان، توانیان گەمارۆی دوژمن تێک بشکێنن‌و راویان بنێن. حەماسەو قارەمانەتی پێشمەرگەکان‌و فەرماندەهی ئەو نەمرە بەرادەیەک بوو کە شەهید عەوڵا لەسەر گلگۆی شەهید سەلاح رووی لەهاوڕێیانی کرد گوتی» ئەوە تەنیا ئیمانی پێشمەرگە بوو کە دوژمنی شکاند بڵێنی بەسەلاح دەدەین تاسەر وەفاداری ڕێگای بین.»

پێشمەرگەی ئازا، کادری بەئیمان، فەرماندەی بەتوانا، لە کۆنگرەی ٦ جارێکی دیکە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوەو بە وزەو توانای پترو ئیمانێکی قوڵتر بە خەباتی نەتەوەکەی، وەک ئەندامی ناوەندی ئاژوان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بەرەو جنووبی کوردستان وەڕێ کەوت لە گەڕانەوەی بۆ ناوچە هێندە تێ‌نەپەڕیبوو کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی دیواندەرە کە پاش شەڕێکی قارەمانانە بەداخەوە وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا لە گوندی «نەرگەسەڵە»ی دیواندەرە گیانی پێشکەش بە رزگاری نەتەوەکەی کرد.

# مافی پەنابەران



ڕێبوار مەعروفزادە

پەنابەر کەسێکە کە بە هۆی شەر، ئەشکەنجەو توندوتیژی ناچار بووە لە وڵاتی خۆی ڕا بکا. ئەو توندوتیژی‌و ئەشکەنجەیە دەکرێ بە هۆی رەگەز، ئایین، نەتەوە، رای سیاسی جیاوازو هەبوونی شۆناسێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بێ. کۆنوانسیونی ژێنیڤ ی ١٩٥١ بە بەفراوانی پێناسەی پەنابەرو مافەکانی دەکا.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەوڵی داوە مافی پەنابەران بپارێزێ‌و هەر بەم هۆیە لە ساڵی ١٩٥١ کۆمیساریای بەرزی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNCHR)پێک‌هێنا. ئەو کات بەراورد دەکرا کە لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم نزیک یەک میلیۆن خەڵک لە ئاستی جیهانی‌دا هەبێ کە سەرپەنایانیان نیەو ماڵی خۆیان جێ هێشتووە. لە ساڵی ١٩٥١ ئورووپاییەکان زۆرینەی پەنابەرانیان پێک‌دەهێنا بەڵام ئێستا زۆرینەی پەنابەران لە ئەفریقاو ئاسیا دان. بە پێی ئاماری ئێستای کۆمیساریای پەنابەران دە میلیون‌و چوارسەد هەزار پەنابەر بوونی هەیە. هەروەها چوار میلیۆن‌و هەشت سەدهەزار پەنابەر لە نزیک شەست کەمپی پەنابەری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ڕێکخراوی پەنابەرانی فەلەستینی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNRWH) دان.

پەنابەران تەنیا ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە پەنا بۆ وڵاتێکی دیکە دەبن بەڵکوو دەکرێ کەسانێک لە نێو وڵاتی خۆیان پەنابەر بن. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢، بە پێی ئاماری کۆمیساریای پەنابەران (UNHCR) لە ئاستی جیهانی‌دا نزیک ٢٦ میلیۆن‌و چواردسەد هەزار کەس لە وڵاتی خۆیان پەنابەرن کە ئەو ڕێکخراوە توانیوێتی هاوکاری زیاتر لە ١٥ میلیۆن لەو کەسانە لە ٢٦ وڵاتی جیاوازی دونیا بکا. بۆ نموونە خەڵکی وڵاتانی ئەندونیزیا، میانمار و تایلەند بە هۆی ڕووداوی سروشتی وەک لافاو بە بەردەوامی لە نێو وڵاتی خۆیان ماڵی خۆیان جێ دەهێڵن‌و لە شوێنی دیکە هەر لەو وڵاتە پەنابەر دەبن.

### کوردەکانی ڕۆژهەڵات – ئێران‌و پەنابەری

بە پێی ئەو پێناسەیەی کە لە بەڵگەنامە نێونەوەییەکان‌دا هەیەو پێناسەی دوو جۆر پەنابەر دەکا، واتە ئەوانەی پەنا بۆ وڵاتێکی دیکە دەبن یان ئەوانەی لە نێو وڵاتی خۆیان پەنابەر دەبن، کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، دەتوانن لە هەر دووک لەو پێناسانە خۆیان ببیننەوە. ئەگەر خۆیان بە کوردی ئێران بزانن ئەوا پەنابەرن لە وڵاتێکی دیکە کە عێراق‌و کوردستانی عێراقەو ئەگەریش خۆیان بە کوردی ڕۆژهەڵات بزانن ئەوا لە وڵاتی خۆیان‌دا واتە کوردستان پەنابەرن. هەر بۆیە کوردی ڕۆژهەڵات‌و کوردی ئێران هەر دووک لە هەرێمی کوردستان پەبابەرن‌و خاوەنی کۆمەڵێک مافن کە وەک مافی پەنابەران لەقەڵەم دەدرێ. بەشیک لەو مافانە بریتین لە:

١)نابێ بگەڕێنرێنەوە بۆ وڵاتی یەکەمی خۆیان ئەگەر تەناهی ئەوان لەژێر مەترسی دابێ.

بە شێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پەنابەرانە بکرێ هەر وەک چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە دەکرێ.

٢) نابێ بەهۆی ئەوەی بە شێوەی نایاسایی هاتوونەتە ئەو وڵاتە سزا بدرێن مادام پەنایان بۆ ئەو وڵاتە هێناوە.

٣) مافی ژیان، ئازادی‌و تەناهییان هەبێ.

٤) مافی هەبوونی ژیانێکی دەروەستیان هەبێ لە ڕێگەی دابینکردنی پێویستی ژیانێکی ستاندارد، چ بۆ تاکێک‌و بنەماڵەیەک، کە بواری خواردن، جلوبەرگ، خانوو، داوودەرمان‌و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێویست دەگرێتەوە.

٥) مافی خوێندن‌و کاریان هەبێ.

٦) یاسای ئەو وڵاتەی کە پەنایان بۆ بردوە بە شێوەیەکی یەکسان پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی ئەو پەنابەرانە بکا.

### پەنابەری کوردەانی ڕۆژهەلات–ئێران لە هەرێمی کوردستان

بە هۆی شەڕی ئێران‌و عێراق، هەزران کەس لە کوردی ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ ئاودیوی خاکی عێراق بوون.

ئەوان لە ساڵی ١٩٨٢ لە کەمپی پەنابەرانی ئالتاش (Al-Tash Refugee camp) هەڵکەوتووی لە پارێزگای ئەنبار نیشتەجێ کران. بە دوای ڕووخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ و بە پێی ڕاپۆرتی سرویسی کۆچبەری دانیش (Danish Immigration Service) کە لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجامی داوە، ٣٢٠٠ کەس لە پەنابەرانی کەمپی ئالتاش لە پارێزگای سلێمانی نیشتەجێ بوون. لە ساڵی ٢٠٠٥ کەمپی ئالتاش داخراو ١٢ هەزار پەنابەری ئەو کەمپە ڕۆیشتن یان لە ڕێگەی کۆمیساریای پەنابەران لە هەرێمی کوردستان لە کەمپگەلێکی دیکە نیشتەجێ کران. ئەو پەنابەرانە ئێستا لە کەمپی پەنابەرانی کاوە لە نزیک هەولێرو لە کەمپی باریکە لە نزیک سلێمانی نیشتەجێ کراون. بە پێی ڕاپۆرتی سرویسی کۆچبەری دانیش ئەو پەنابەرانە کێشەی بوون بە هاووڵاتی بوونیان هەیە. ئەوان بە هۆی نەبوونی پاسپۆرت ناتوانن بۆ دەرەوەی وڵات واتە دەرەوەی عێراق سەفەر بکەن. ئەوان بە وەرگرتی کارتی پێناسی عێراقی واتە بوون بە هاووڵاتی عیراق دەتوانن بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکەن بەڵام هەرێمی کوردستان دەلێ دانی کارتی پێناس‌و کردنی ئەو پەنابەرانە بە هاووڵاتی لە چوارچێوەی دەسەلاتی یاسایی بەغدا دایە.

جێگەی ئاماژە جێگە لەو پەنابەرانە ژمارەیەکی زۆری دیکەش لە کوری ڕۆژهەڵات–ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا لە ئێران ڕایان کردوەو لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون. ئەو کەسانە ئەگەر بتوانن بیسەلمەنێن کە بە هۆکاری سیاسی‌و لە ترسان ئێرانیان جێ هێشتووە ئەوە دەتوانن لە ڕێگەی کۆمیساریای بەرزی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پەنابەر وەردەگیرێن، دەچنە ژێر چەتری ئەو ڕێکخراوەیەوە، ئەگەریش نەتوانن بەلگەی پێویست بە کۆمیساریا بدەن ئەوا لە نێو پێگەیەکی یاسایی ناروون لە روانگەی یاسایی لە هەرێمی کوردستان درێژە بە ژیان دەدەن.

سەرچاوەکان:

THE REFUGEE CONVENTION, 1951
http://www.unhcr.org/4ca34be29.pdf
Fact Sheet No.20, Human Rights and Refugees
http://www.ohchr.org/Documents/Publications/FactSheet20en.pdf
Iranian Kurdish Refugees in the (Kurdistan Region of Iraq (KRI
http://www.refworld.org/docid/4ece0db12.html

# یۆتۆپیای پاراستنی سەروەریی خاکو نیزامی سیاسی لە ڕێی زاوزێی زۆرەوە!



عەلی بداغی

ئەوەندەی لە قسەکانی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانو سەرۆک کۆمارو ئەنجوومەنی وەزیرانو مەرجەعە تەقلیدە ئایینییەکانو تەنانەت ناوەندە ئەمنیەتییەکانی وەک بەشی فەرهەنگییەکانی سپای پاسدارانو بەسیجو ئیتلاعاتدا لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیی وازهێنان لە چاوەدێریی حەشیمەت دەردەکەوێ، وادیارە بارودۆخی ئێستای نرخی زاوزێو پێویستیی تەقینەوەی حەشیمەت یەکێک لە داڵغە سەرەکییەکانی ئەو ڕێژیمە بێ، بەڵام بۆ؟

ئێران کە لە دوای تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ عێراقو گەڕانەوەی هێزی کار لە بەرەکانی شەڕەوە بۆ بازاڕی کارو، تەقینەوەی حەشیمەت بە نرخی هەڵدانی سەروو سەدا ٣ی حەشیمەت باشترین بەرنامەی چاوەدێریی حەشیمەتی گرتبۆ بەرو؛ تەنانەت دوکتور مەرەندی، وەزیری بێهداشتی دەوڵەتەکانی موسەویو ڕەفسەنجانی خەڵاتی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ کۆنترۆڵی بێسەرەوبەرەی حەشیمەت لە ئێران وەرگرت، ئێستا چی ڕووی داوە کە هەموو لەوە پاشگەز بوونەتەوەو پاکانە بۆ خۆیان سەبارەت بەو هەڵە مێژووییە دەکەنو دەیانەوێ بەرنامەی چەوتی! پێشوویان ڕاست بکەنەوە؟

وازهێنان لە بەرنامەی چاوەدێریی حەشیمەتو هەوڵدان بۆ زۆرکردنی حەشیمەت چەندە سیاسی، چەندە کارناسیبۆکراو، چەندە ئامانجدارەو میکانیزمەکانی کامانەنو دروشمەکانی» منداڵی کەمتر و ژیانی ئاسوودە» چۆن لە زەینو بیرکردنەوەو دۆخی ڕاستەقینەی ژیانی خەڵک لە ئێران دەسردرێتەوە؟ ئایا خەڵک بەپیلی ئەو بانگەوازەو ئەو داوا سیاسییەوە دەچن؟ ئەگەر بەڵێ چەندەو ئەگەر نا بۆ؟

سروشتییە کە حەشیمەت وەک هێزی ئینسانیی کار لە تەنیشت هەندێ فاکتۆری دیکەی وەک سەرمایەو سەرچاوەو سامانە سروشتیو کانزاکان بنەمای گەشەو بەهێزیی هەر کۆمەڵگەو وڵاتێکە، چەندی ئەو هێزە ئینسانییەش لاو بێ، ئەوەندە زیاتر کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕوو لەگەشەی ئەو وڵاتە دادەنێ، لەو ڕوانگەیەوە داڵغەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەکرێ بە گرینگ وەربگیردرێ، بەڵام لە جێدا ئەو پرسیارەش دێتە ئاراوە کە ئاخۆ ئێرانو گەشەی ئابووریی وڵاتی ئێران لە ئێستادا لەسەر هێزی ئینسانیی کاری کەم پەکی کەوتووە؟ ئایا گەشەی ئابووریی وڵاتێک پێوەندی بە چەندیو ژمارەی زۆری حەشیمەتەوە هەیە، یان چۆنیەتیو ئاستی تواناو وەگەڕخستنی ئەو هێزە ئینسانییە لە پرۆسەی وەبەرهێناندا؟ ئایا ئەمنیەتی نیشتمانی لە ڕووی بەرگری لە خاکو سەروەریی سیاسی ڕێژەی کەمی حەشیمەت دەیخاتە مەترسییەوە، یان جۆری سیاسەتو هەڵکردن لە دنیای سیاسیو پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا؟ پێویستییەکانی بردنەسەرێی ڕێژەی حەشیمەت لە وڵات، وەک ئیمکاناتی بێهداشتی، خوێندەواریو پەروەردە لەگەڵ دابینکردنی کارو خۆشبژیوی چەندە بۆ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بۆ خەڵکی ئێستایو حەشیمەتی داهاتووی دەست دەدا؟

بۆ وەڵام وەرگرتنەوە دەبێ سەرێک لە داتاو ئامارەکان هەڵێنینو ئەگەرچی زۆربەی کارناسانی ئامار پێیان وایە ئامارە ڕەسمییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا بارتەقای واقعو ڕاستییەکان نینو لە بەرژەوەندیی نیزامدا لە بێژینگ دەدرێن، بەڵام ئێمە هەر ئەو ئامارە ڕەسمییانە بە نموونە وەردەگرین:

- عەلی باقرزادە، سەرۆکی ڕێکخراوی هەڵمەتی خوێندەوارکردنی ئێران دەڵێ ٩ میلیونو ٧٣٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئێران بە تەواوی نەخوێندەوارنو نیزیک ٣٠ میلیۆن لە خەڵکی ئێران تا قۆناغی ناوەندی خوێندییانە. وەزارەتی پەروەردەی ئێران پێویستی بە پتر لە ٦٠٠٠ قوتابخانەو خوێندنگە هەیە کە دەوڵەت توانای دروستکردنیانی نیەو چاوی لە دەستی خێرخوازانەو هیممەتی ئەوانە. بە دەیان هەزار پۆلی خوێندن لە ئێران پێویستییان بە نۆژەنکردنەوەو قایمکردنەوە هەیەو کەمترین بودجە لە ڕیزی بودجەی وڵاتدا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرێ.
- وەزارەتی بێهداشت دەڵێ سەدی ٥٠ ی ئاواییەکانی ئێران پزیشکیان نیە، دوکتور ئەنووشیروان موحسێنی، بەڕێوەبەری «ڕێکخراوی بیمەی سڵامەت»یش دەڵێ کە نزیکەی ١٠ تا ١٣ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران هیچ جۆرە بیمەیەکیان نیە. ئەوەش لەولا کە حەشیمەتێکی نزیکەی ٧ میلیۆن کەسی تووشی نەخۆشیی درێژخایەن هاتوونو، بەوەش دەتوانین بڵێین کە نزیکەی ٢٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران نە بیمە کراونو نە پووڵی دەرمانو چارەسەری نەخۆشییەکانیان هەیە. جیا لەوەش کە هەر ئێستا سەدی ٧٠ ی تیچووی دەرمانو سڵامەت خەڵک لە گیرفانی خۆیان دەیدەنو تەنیا سەدی ٣٠ لەلایەن بیمەو دەوڵەتەوە دەدرێ، ئەوەش لە باری بێهداشتو سڵامەت.
- ناوەندی ئاماری ئێران دەڵێ ٤٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران هیچ دەورێکیان لە هەڵسووڕاندنی چەرخی ئابووریی وڵاتدا نیە، ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن نرخی بێکاری لە وڵات سەدی ٢٣ یە، بەڵام پارێزگاری کرماشان وەک پلەبەرزترین کاربەدەستی دەوڵەت لەو پارێزگایەی کوردستان دەڵێ نرخی بێکاری لە کرماشان پتر لە سەدی ٤٠ و، پارێزگاری ورمێ دەڵێ نرخی بێکاری لەو پارێزگایە سەروو سەدا ٣٠ و، پارێزگاری سنە دەڵێ نرخی بێکاری لەو پارێزگایە سەروو سەدی ٣٥و پارێزگاری ئیلامیش دەڵێ نرخی بێکاری لەو پارێزگایە سنووری سەدی ٤٥ ی بڕیوە، دوایین ئاماری بانکی ناوەندی دەڵێ نرخی ئاوسان سەدا ٤٥و؛ نرخی هەڵدان لە خوار سیفرو؛ بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پیشەسازیو کانزاکان کاریگەریی گەمارۆکان لەسەر ئابووریی ئێران وای کردوە سەدی ٤٥ ی کارخانەو کارگە پیشەییو بەرهەمهێنەرەکان لە وڵات دابخرێنو ئەوانەی دیکەش بە کەمتر لە نیوەی تواناو زەرفییەتی خۆیان کار بکەن. ئەوەش ئاماژەو چەند سەرنجێک لە سەر بارودۆخی ئابووریی وڵات.
- هێزی ئینسانیی بەرهەمهێنەری هەر وڵاتێک توێژی لاوی پسپۆڕو کارلێهاتووی ئەو وڵاتەیە، ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن سەدی ٣٠ ی حەشیەتی لاوی ئێران بێکارن، ١ میلیونو ٦٠٠ هەزار لاوی دەرچووی زانکۆ، واتە هێزی کاراو پسپۆڕی ئەو کۆمەڵگایە خولیای شەو ڕۆژییان دەستکەوتنی کارە، ئێران لە ڕووی خۆشبژیویی خەڵکو هیوا بە ژیانەوە لە نێو ١٥٤ وڵاتدا لە ڕیزی ١٢٥ دا جێی گرتوە، نێونجی هێڵی هەژاری لە ئێران بۆ بنەماڵەیەکی ٤ کەسی یەک میلیون تمەنە، بەڵام لە کاتی ناونووسی بۆ وەرگرتنی یارانەکاندا سەدا ٦٠ ی ئەو خەڵکەی بۆ وەرگرتنی یارانە ناونووسییان کردوە گوتویانە کەمتر لە ٦٠٠ هەزار تمەنیان لە مانگدا داهات هەیە، بێکاری، گرانی، بێهیوایی لاوانی وڵاتی لە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش دوور خستۆتەوەو لەولاش بەهۆی ئەو بارودۆخەوە ئاماری تەڵاقو جیابوونەوەکان هەر دێنو زیاد دەکەن، ئاواش کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ خەڵک بەرەو پیلی داواکانیان بچنو وەچەی زیاتریان بۆ بخەنەوە.




لە ژێر ڕووناکایی ئەو ئامارو بابەتانەی ئاماژەیان پێکرا، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو بەرنامەیە چەندە لە ناخی خۆیدا ماهییەتی دژە ژنانەی هەیە، بێ ئاماژە بەوەی کە دەوڵەت تەنانەت توانای دابینکردنی ڕێکاری هاندەرانەشی بۆ جێخستنی ئەو سیاسەتە نوێیەی نیە، دەبێ بڵێین کە گۆڕینی بیرکردنەوەی خەڵک بۆ ژیانو ئەو بارودۆخەی نیزامی سیاسیی وڵات بۆ ئەو خەڵکەی دروست کردوە، ڕێگە نادا یۆتۆپیای کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیم بۆ پاراستنی سەروەریی خاکو نیزامی سیاسی لە ڕێی زاوزێی زۆرەوە وەدی بێ.

# خەسارناسی خۆکوشتنو کوشتنی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

س.حوسێنی

بە پێی ئاماریکی نێودەوڵەتی ئێران بۆ کوشتنو خۆکوشتنی ژنان بە پلەی سێهەم دوای هەر یەک لە چینو هیندوستان دێت. ئەم ئامارەش لە نێو خۆی ئێران خەریکە پێش ڕێژەی کوشتنو خۆکوشتنی پیاوان بکەوێتەوە. ئەو ئامارانەش کە سەبارەت بە کوشتنو خۆکوشتنی ژنان لە نێو خوی ئێران بڵاو دەبیتەوە باس لەوە دەکەن کە ئەم دیاردەیە زیاتر لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران واتە ئیلام، لورستانو کوردستان بە پلەی یەکەم دێت، بەڵام بە گشتی کوشتنی ژنان لە ئێران لە حاڵەت تێپەڕیوەو بووە بە دیاردەو ئەم دیاردەیەش زیاد لە هۆکارێکی هەیە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی شەرق لە ئێران ٥ بۆ ١٠ کەس ڕۆژانە خۆیان دەکوژن. ڕێکخراوی پزیشکی قانوونی ئێران، لە ساڵی رابردوو بڵاویکردەوە، ڕۆژانە زیاتر لە ١١ کەس خۆیان دەکوژن. سایتی بازتابیش بڵاویکردەوە کە ئاماری کوشتنو خۆکوشتنی ژنان زیاترە لە پیاوان. فەرماندەی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێرانیش نەیشاردەوە کە ڕێژەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن زۆر زیاترە لەو قەتڵانەی روو دەدەن.

بەڵام ئەوەی لەم وتارە دەمەوێ لەنگەری لە سەربگرم کوشتنو خۆکوشتنی ژنانە لە کوردستان، ئەویش لە نێو توێژیکی کۆمەڵایەتی پێگەیشتوو هەم وەک نەوەی نوێو هەم وەک نەوەیەکی خوێندەوار کە هەزار ئاواتو خەزو ئۆمیدی هەیە، توێژیک کە جیهانی بوونو پێکادانی کەلتوریو هروژمی کۆمەڵگای مۆدێرن لە لایەکو وابەستەیی کۆمەلایەتی بە کۆمەڵگای سوننەتیو ژیان لە نێو چەند فەرهەنگیدا نەوەیەکی هەراسان بار هێناوە کە روو لە هەر کوێ دەکات خەیاڵەکانی بەراوەردە ناکرێت. لە ناو ئەم نەوەشدا کچانو ژنانی کورد لە دۆخێکی ناهەمواردا دەژین. هیچ ئامارێکی باوەڕپێکراو لە کوشتنو خۆکوژی ژنان لە کورستان لە بەر دەستدا نیە، ساڵان ئەم ڕووداوانە میدیایی نەدەکران، بەڵام چەند ساڵێکە میدیایی دەکرێن، لانیکەم لە هەفتەیەکدا لە کوردستان چەند هەواڵی کوشتنی ژنان بڵاو دەبێتەوە. دیارە حاڵەتی واش هەیە میدیایی ناکرێت. ئەگەرچی هەواڵە بڵاوبووەکان دوورن لە نەقدی ڕووداوەکە تەنیا وەک هەواڵێک هەڵسوکەوتی لە گەڵ دەکرێت.



### خۆکوژی لە کوردستان

خوکوشتن ( suicidium) لە ریشەی (sui caedere) واتە کردەوەیەک کە دەبێتە کوشتنی خود، واتە کەسێک بە دەستی خۆی، خۆی لەناودەبا کە بە کوردی هەم خۆکوشتنی پێدەڵێن و هەم خوکوژی کە لە دواجاردا فەنابوون بە دەستی خوت دەگەیەنی. هۆکار زۆرە بۆ خۆکوژی، هەر لە باری دەرونییەوە بگرە تا باری کەلتووری، سیاسی، ئایینیو دواجار جۆرێک خۆکوشتن هەیە لە پێناو کوشتنی هەمووان کە لەم سەدەیە زیاتر وەک کردەوەیەکی تیرۆریستی خۆی دەرخستوە، کە ئەمە بە دەرە لەم وتارەیە. خۆکوژی لە کوردستان دیاردەیەکی تازە نیە، ئەگەرچی لە رووی خەسارناسیی کۆمەلایەتییەوە ئەم دیارەدەیە نەقد نەکراوەو مێژووی نووسراوی ئێمە تەنیا لەو کاتانە ئاماژەی پێداوە کە مەعشوقێک لە پێناو عاشقەکەی دوای ئەوەی بەربەرستی بۆ دروست دەبێت خۆکوژی هەڵدەبژێرێ، کە ئەدەبی کلاسیکی کوردی زۆری لەم حاڵەتە تێدایە بەڵام ئەم حاڵەتە لە روی کۆمەڵایەتیشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نێو خێزانو بنەماڵە، کەممان نەبیستوە کە دەڵێن بووکی فڵان ماڵ لە داخی خەسوەکەی خوی سووتاند، یا فڵانی بە هۆی ئەوەی بە زۆر بە شویانداوە یا بە دڵی خوی مێردی نەکردوە، دەستی داوەتەوە خۆکوژی. واتە ئەم حاڵەتە لە کوردستان باری کۆمەلایەتی زیاترە. دیارە لە رووی کەلتوورییشەوە فشاری کەلتوورە جیاوازەکان بە تایبەت لەم سەردەمە بە هۆی ماهوارەو ئەنتەرنێتو باری کۆمەڵایەتی تێکەڵاو و لێکدانی

ل ٩

# هەڵوێستەیەک لە بارودۆخی ئابووری، سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ئێستای کرماشان

نووسینی: سەعید زەمانی _ کرماشان
و. بۆ کوردی: سیروان مووساپوور

کرماشان پێشینەیەکی کولتووریی‌و مێژوویی زۆر دەوڵەمەندی هەیەو یەکێک لەو شارستانییەتە کۆنانەی ئێرانە کە شارستانییەتەکەی تەنانەت بۆ پێش کۆچکردن‌و نیشتەجێبوونی هۆزە ئارياییەکان دەگەڕێتەوە کە لەڕاستیدا دەبوایە لەباری پیشەسازی‌و ئابووریی‌و کولتوورییەوە لە سەردەمی ئێستادا لە ناوچە پێشکەوتوو و سەرکەوتووەکانی ئێران بووایە بەڵام بەداخەوە وا نیەو تەواو بەپێچەوانەی ئەمەیەو هەر ڕۆژ و هەر مانگێک بەجێی پێشوەچوون، ڕاوەستان و تەنانەت هێندێکجار پاشوەچوونی بەخۆوە بینیوە. ئەمە بە شێوەیەکە تەنانەت بە گۆڕانی دەوڵەتی دەیەمیش بەپێچەوانەوەی وێنەیەک کە لە مێشکەکاندا بۆی دەکێشرا، هیچ گۆڕانکارییەک لەو ماوەیەدا نەهاتۆتە دی‌و هەروا ڕەوتی دابەزین‌و بۆدواوە گەڕانەوەی خۆی دەپێوێ. کۆچکردن لە گوندو شارستانەکان بۆ کرماشان‌و لە کرماشانەوە بۆ تاران‌و پارێزگاکانی دیکەو لەم دواییانەش‌دا بۆ وڵاتانی دراوسێ‌و یەک لەوان عێراق زیاتر بووە. دیارە ئەمەش زیاتر بە هۆکارگەلی ئابووری، هەژاریی، کولتووری‌و کۆمەڵایەتی‌و هەروەها کەشی سیاسیی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا بووە.

### ئابووری

هەروەک ئاگادارن بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی‌و سرووشتیی کرماشان ناوچەیەکی بە پیت‌و بەرەکەت بۆ وەرزێریی‌و کشتوکاڵە کە لەباری وەرزێریشەوە زیاتر گەنم و نۆکی لێ ڕەنێو دەهێنرێ. بەڵام بەهۆی سیاسەتە چەوت و هەڵەکان کە لەم ساڵانەی دواییدا پیادە کراون بۆ وێنە هاوردەکردنی گەنم‌و پشتیوانی نەکردن لە وەرزێران لەباری پڕۆژەکانی گەیاندنی ئاو و ... بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی وەرزێران تووشی زەرەرو زیان بن‌و دەست لە کاری وەرزێری بکێشنەوەو بەرەو شار کۆچ بکەن. لەلایەکی دیکەوە شارۆچکە پیشەسازییەکانی کرماشان‌و یەک لەوان شارۆچکەی پیشەسازی (شهرک صنعتی) فەرامان کە یەک لە گەورەترین شارۆچکەکانی ئەم پارێزگایەیە، زۆربەی کارگەکانی تووشی حاڵەتی داخراویی‌و نیوەداخراویی بوون‌و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارەکان تووشی بێکاریی بوون. ئەگەرچی دەوڵەت سەبارت بە دروستکردنی کارخانەکانی پیشەسازیی قورس، گەلێک وادە و بەڵێنی داوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بەکردەوە لەم بوارەدا هەڵنەهێنراوەتەوە و تەنانەت بۆ دانانی کارخانەی «ایران خودرو» کە قەرار بوو لەوێ دابنرێ، هیچ خەبەرێک نیە. لەلایەکی دیکەوە زۆربەی ئەو پڕۆژانەی لەو پارێزگایە کاریان لەسەر کراوە، دراونەتە دەست بەڵێندەرانی دەرەوەی ئەو پارێزگایەو تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش کە ئەوانیش کرێکاری ناخۆجێییان لەگەڵ‌خۆ هێناون‌و بە کردەوە هیچ شوغڵ و پیشەیەک لەم بوارەدا وەدەست خەڵکی خۆجێیی نەکەوتووە. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە دروستکردنی پردی لێوار ئاوی کرماشان بکرێ کە درایە دەست پەیمانکارانی تەورێزی. لەلایەکی دیکەوە لە پێکهاتەی شاریش‌دا ئەوەی‌کە جێگەی سەرنجە، بابەتی دروستکردنی مێترۆپۆلە کە لە پڕۆژە بەجێماوەکانی دەوڵەتی پێشوویەو بەرهەمەکەی بڕینەوەی دارە کۆنەکان‌و گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی دیکەیە کە سەرەنجام وشک بوون و هەڵیانکەندن و فڕێیان دان. ستوونەکانی مێترۆپۆل تەنیا بوونە شوێنی لێدانی پڕوپاگەندەو دوای بگرەوبەردەی زۆر لەنێوان شووڕای شارو شارەداری سەبارەت بە تێچووەکەی لەلایەک و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ سوپا سەبارەت بە مەیدانی سوپا لەلایەکی دیکەوە، بوو بەهۆی ئەوەی پڕۆژەکە وەدرەنگی بکەوێ. چونکە سوپا ڕەخنەی لێ‌گرتوەو ئیزنی خراپکردنی مەیدانی سوپای نەداوەو تەنانەت بەپێی هێندێک هەواڵ، باسی ئەوەی کردوە کە تێپەڕبوونی مێترۆپۆل لەو شوێنەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە بەسەر مەقەڕەکانی سوپادا مەسەیتەر بن. شووڕای شاریش سەبارەت بە تێچووەکەی باسی ئەوەی کردووە کە ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە تێچووی زۆر هەیە و تەنانەت لەکۆتاییدا باسی ئەوەی کردووە کە ڕێگەی پێنادرێ ئەم پڕۆژەیە لە مەیدانی ئیرشاد بەولاوەتر بچێ، چونکە لەدوای ئەوە شار جێگەی تێپەڕبوونی ستوونەکان‌و دانانی مێترۆپۆلی نابێ‌و باقی پڕۆژەکە بە شێوەی مێترۆی ژێرزەمینی درێژە دەدرێ. ئەگەرچی تا ئێستا کردەوەیەکی ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە هەتا ئەوەکە دەربکەوێ چارەنووسی ئەم پڕۆژەیە چی بەسەر دێ. بەهەرحاڵ لەباری ئابوورییەوە ڕەوشی ژیان‌و گوزەرانی خەڵک لە کرماشان لە بارێکی گونجاودا نیە. زۆربەی ئەو بنەماڵانەی کە پیشەی فەرمانبەریی‌و مووچەخۆرییان هەیە، لە دۆخێکی باش‌دا نین و زۆر لە کارمەندو فەرمانبەرەکان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان بەدوای پیشەی دووەهەم‌دا دەگەڕێن و .... بە گشتی لەباری ئابوورییەوە لاوان لە ڕەوشێکی زۆر ناخۆش دان‌و هیوا بە ژیان لەنێو لاواندا لەباری پێکهێنانی بنەماڵە زۆر نزمە و بێکارییش خۆی یەکێک لە فاکتەرەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانە کە لەم نێوەش‌دا بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرە دەستکردەکان زۆر جێگەی نیگەرانین.

### سیاسیی ـ کۆمەڵایەتی

لەباری سیاسیی ـ کۆمەڵایەتیشەوە بارودۆخی کرماشان بە تایبەت لە لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر لەژێر کاریگەریی بارودۆخی ئابووری دایە کە بۆتە هۆی هەژاریی کولتووری لە کۆمەڵگەداو هەنووکەش هەڵاواردنی ڕەگەزی جێگەی سەرنج پێ‌دانە. هەبوونی هێزە نیزامی ـ ئەمنییەتییەکان‌و بە تایبەت سوپای پاسداران لە شاردا بە تەواوی زەق‌و بەرچاوە و لە گشت بوارەکان‌دا دەستێوەردان دەکەن و زۆربەی ئەو کەسانەش کە لە بوارە سیاسیەکان‌دا سەرکەوتنێک بەدەست دێنن، لەو کەسانەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندییان بەو هێزانەوە هەیە یان لە دەست‌وپێوەندەکانی پێشوویانن.

کرماشان بەهۆی هەڵکەوتە کۆمەڵایەتیەکەیەوە، پارێزگایەکی فرەنەتەوەی خاوەن ئایینگەلی جۆراوجۆری وەک سوونە، شیعە و یارسانە. دیارە بەهۆی پێشینەی پێکەوەژیانیان کەمتر کێشەو تێکهەڵچوونیان لەنێودا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام سیاسەتەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی دیکەیەو بە تایبەت دەرحەق بە یارسانەکان، گوشاری زۆریان دەخرێتە سەرو ڕێگەی بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکانیان بە باشی پێنادرێ‌و زۆرجار لە چاپەمەنییەکانیش‌دا سووکایەتییان پێ‌دەکرێ. بۆ وێنە لەم ساڵانەی دوایی‌دا بە هۆی سووکایەتییەک کە پێیان کرابوو، لەژێر دروشمی « مەرگمان قبوولە، بەڵام سووکایەتیی نا»، لەبەردەم پارێزگای کرماشان کۆ بوونەوە کە ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەکە کێشمەکێش‌و هەرای لێ‌دروست بێ‌و سەرەنجام بە هاتنی هێزە نیزامییەکان بارودۆخەکە کۆنترۆڵ کرا. هەروەها جێگەی ئاماژە پێ‌کردنە لە دامەزراندن لە ئیدارە دەوڵەتییەکانیش‌دا ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە. دیارە سەبارەت بە سوننەکانیش کەم تا کورت وەزعێکی لەم چەشنە لە ئارادایە.

سەبارەت بە باری سیاسییش دەبێ بڵێین پێکهاتەی سیاسیی کرماشان تا ڕادەیەکی زۆر لە حاڵەتێکی ئەوتۆ دایە، بە شێوەیەک کەسانێک کە لە ناوەندەکانی دەسەڵات بەتایبەت دەسەڵاتی نیزانی نزیکن، هەوڵ دەدەن لەڕێگەی تەماع وەبەرنان پشتیوانیی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن‌و زۆرجاریش دەنگ‌و پشتیوانی هۆز یان عەشیرەتێک وەدەست دێنن، بۆ نموونە لەکرماشان گرووپی ئەنساری حیزبوڵڵا هەیە کە پێوەندیی بە سپاوە هەیە و بە وەرگرتنی بوودجەی زۆر نووسینگەو شوێنی کار لە جێگەی زۆر بەنرخ دادەنێن‌و زۆرجاریش لە کاتێک‌دا کە چ لەباری سیاسی‌و چ لەباری پشتیوانیی لە بەربژێرێکی تایبەت لە مەترسی‌دا ببینن، لە ڕێگەی کارشکێنی‌و گوشار بۆ گۆڕینی کەسەکانی ئەنجومەنی پارێزگا هەنگاو دەنێن. ئەم گرووپە لەگەڵ ئەوەی کە گرووپێکی نیزامی‌و دەوڵەتیی فەرمی نیە، بەڵام لە هێندێک بارودۆخ‌دا کەڵک لەو ئیمکاناتە وەردەگرن کە دیار نیە لەکوێوە بۆیان دابین دەکرێ و ...

کەواتە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر حیزبی سیاسیی لەو پارێزگایەدا هەن، بەڵام تەنیا حیزبی سەر کاغەزن و بە کردەوە چالاکییەکی ئەوتۆیان چ لە کاری هەڵبژاردنەکان‌داو چ لە بوارەکانی دیکەدا هیچ بەرچاو نیە. تەنیا لە ڕۆژەکانی هەڵبژاردنەکان‌دا ناویان زەق دەبێتەوەو دوای ئەوە بە کردەوە چ چالاکییەکی ئەوتۆیان لێ‌نابینرێ.

ئەگەرچی لە کرماشان حیزبێکی وەک حیزبی «مردم سالاری» لقی کرماشان، هەیە و ناووناوبانگێکی بۆخۆی هەیە، بەڵام ئەوانیش بەدوای نزیک بوونەوە لە کەسانی سەر بە دەوڵەتن. تابلۆ و ئاراستەی ئەو حیزبانە بە کردەوە هیچ وێکچوونێکی لەگەڵ ڕێبازی سیاسییان (چەپ، ڕاست، بناژۆخواز، ڕیفۆرمخواز) نیە. بۆ نموونە لە دوایین هەڵبژاردنەکانی شاری کرماشان کە پێوەندیی بە هەڵبژاردنەکانی شووڕای شارەوە بوو، بە تەواوەتی پشتیوانیی ئەوان لە کەسەکان هیچ پێوەندییەکی بە حەز و لایەنگریی ئەوانەوە نەبوو. بە شێوەیەک کەلە لیستی پشتیوانیکردنی ئەم حیزبانە کەسانێک دەبینران کە هیچ وێکچوونێک لەنێوان ڕێبازی سیاسی ئەو حیزبانەو پێشینەی چالاکیی سیاسی‌و حەزی سیاسی ئەو کەسانە بوونی نەبوو. لە خاڵەکانی دیکەی جێگەی لێوەردبوونەوە تاوتوێکردنی لیست‌و بەراوردکردنیان پێکەوەیە. لەو لیستانەی لەلایەن حیزبەکانەوە خرانەڕوو، لە زۆربەیان‌دا کەسانی هاوشێوە و وەکیەک هەبوون. بۆ نموونە لە لیستی «ئیسارگەران»دا کە جەریانێکی بناژۆخوازییە و حزبی «مردم سالاری»ی کرماشان کە حیزبێکی ڕیفۆرمیستیە و لەڕاستی‌دا دەتوانرێ بگوترێ کە خاڵی بەرامبەری یەکتریشن، زۆر کەسی هاوبەش هەیە کە لەڕاستی‌دا هیچ پاساوێکی سیاسی و عەقڵانی نیە، بێجگە لەوەکە ئەم حیزبانە بەدوای نزیک بوونەوە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتن و لەڕاستی‌دا سیاسەت و ئامانجەکانی خۆیان لەبیر کردووە....

... بەهەرحاڵ لە ڕوانینێکی گشتی‌دا دەتوانرێ بگوترێ ئەو حیزبانەی کە خاوەن ئاراستەو ڕێبازێکی نەتەوەیی‌و کوردیین، چالاکییەکی ئەوتۆیان نیە یان لەڕاستی‌دا دەبێ بگوترێ ڕێگەی چالاکییان نیە.

لەباری پشتیوانی خەڵک لە کەسانی سەر بە ڕێژیم‌و دامودەزگای حکوومەتی ئەوا ئەمەش بە باشی لە هەڵبژاردنەکان‌دا بەتایبەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری‌دا دردەکەوێ بە شێوەیەک کە لە هەڵبژاردنەکانی خولی پێشووی سەرۆک کۆماریی مەحمودی ئەحمەدینژاد پارێزگای کرماشان لەو پارێزگایانە بوو کە کەمترین دەنگیان پێ‌دا. هەروەها لە دوایین هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری‌دا سەرەڕای تێچوویەکی زۆر کە کەسانی سەربە دەمودەزگای ڕێبەریی کردیان‌و ئەو پشتیوانیە ئاشکرا و نهێنیانەی کە لێیان کرا، بەڵام لە کێشمەکێشی هەڵبژاردنەکان‌دا دیسانیش زۆرترین پشتیوانی لە حەسەنی ڕوحانی کراو زۆرترین دەنگەکانیش بە ناوبراو دران. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە زۆر لەو کەسانەی تا ئەودەم دەنگیان نەدابوو یان بە نیاز نەبوون تەنانەت دەنگ بدەن، تەنیا بەو مەبەستە بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کرد و دەنگیان داە، پێیان وابوو حەسەنی ڕوحانی لە خاڵی بەرامبەری دەسەڵات و سیستەمی حاکم‌دا ڕاوەستاوە کە دیارە پشتیوانیی هاشمیی ڕەفسەنجانیش کاریگەریی خۆی هەبوو چونکە ناوبراو بە کردەوە لە هێندێک بوار و دەرفەت‌دا دژکردەوەی بەرامبەر هێندێک لە ناوەندەکانی دەسەڵات نیشان دەدا. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکان بەسەرنجدان بە نەگۆڕانی بارودۆخی ئابووری‌و ژیانی خەڵکی کرماشان لێرەولەوێ و لە کۆڵان و بازاڕەکان‌دا ڕەخنە ئاراستەی ناوبراویش کراو ئەویش بە کەسێکی ڕیاکار و فێڵاوی لەقەڵەم درا کە بە قەول و بەڵێنەکانی هەوڵی کۆکردنەوە و بەدەسهێنانی دەنگی خەڵکی داوە.

هەروەها کرماشان یەکێک لە پارێزگاو شارە بێ‌بەشەکانی وڵاتە کە هیچ حەڕەکەت‌و هەنگاوێکی تایبەتی بە لابردنی کێشەکانی ژیانی خەڵک‌و دۆزینەوەی هەلی کارو هەروەها چارەسەکردنی کێشەی گیرۆدەیی هەڵنەگیراوە. ئاماری تەڵاق بەهۆی چوونەسەری ڕێژەی بێکاری‌و گیرۆدەبوون بە ماددە سڕکەرەکان گەلێک زۆر بووەو لەم نێوەش‌دا زۆبەی خەڵکی کرماشان پێیان وایە بە هۆی کوردبوون بە هاووڵاتیی پلە دوو ئەژمار دەکرێن و لە زۆر بابەتدا تووشی هەڵاواردن دەبنەوە.

ئەوەی‌کە دیارە و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، هەڵسوکەوتی حکوومەتە کە شتێکی جیا لەمە نیە. هەر بۆیە ژمارەیەک لە لاوان و تازەلاوانی کرماشانی بۆ ڕزگاریی لەم حاڵەتە تووشی کۆچکردن لە شار بوون‌و یان بە جۆرێک لە جۆرەکان تووشی ئەندامیەتی لە بەسیج بوون بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئیمتیازگەلێک بەدەست بێنن، بەڵام لە ناخەوە ئەمەیان پێ‌ناخۆشە و کاتێک قسەیان لەگەڵ دەکرێ، دەردەکەوێ هیچ بڕوایەکیان بە ئامانج‌و ئارمانەکانی بەسیج و شتی لەم بابەتە نیە.

لەم ژیان‌و دۆخەدا، بە سەرنجدان بەوەکە لاوان داهاتوویەکی ڕوون بۆخۆیان وێنا ناکەن، حەزی چوونە زانکۆو خوێندن لە ئاستە بەرزەکان‌دا بەرەو لاوازی چووە و زۆرجار درێژەدانی خوێندن بە چەشنێک بۆ ڕزگاریی لەدەست بێکاری ئەژمار دەکرێ بە شێوەیەک کە ژمارەیەک لەو کەسانە خوێندکاربوون بە جۆرێک پیشە حسێب دەکەن و لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووتێکردنی ئەو لاوانە بۆ بەکارهێنانی ماددەسڕکەرەکان هەر ئەوە بێ کە ئەوان خاوەنی ئەو باوەڕە نین کە دەبێ کەسێکی خوێندەوار هەبێ‌و تەنانەت هێندێکجار بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرە نوێیەکان بە چەشنێک لە پرستیژ دەزانن. هەر ئەو خوێندکارانە دوای تەواوکردنی خوێندن بە گشتی یان بێکار دەبن یان کارێک دەکەن کە پێوەندییەکی بە خوێندنەکەیان نیەو لە ئاستێکی نزم دایە. ئەم هۆکارەش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێکنەهێنانی ژیانی هاوبەش و بەدوای ئەویش‌دا پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی لە کۆمەڵگەدا هەیە، چونکە ناکرێ حاشا لەوە بکەین کە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕوونەکردنە کاری نەشیاو و بێ‌ئەخلاقی و سووڕانەوە لە شەقامەکان‌دا هەبوونی کاری شیاو و پێکهێنانی خێزان و ژیانی هاوبەش و لەلایەکی دیکەوە گەشەی عەقڵیی و فکریی و خوێندنەوەیە. بەڵام لە خاڵە پۆزێتیڤ و ئەرێنییەکانی دانیشتووانی کرماشان ئەوەیە کە تا ئێستا توانیویانە ئینتمای نەتەوایەتی‌و هەستی کوردایەتیی خۆیان بە پیرۆزیی ڕاگرن و تا ئێستاش باسێک لە سەلەفیگەری و بناژۆخوازیی ئیسلامی لەگۆڕێ نیە.



---

دریژەی:

## خەسارناسی خوکوشتن‌و کوشتنی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

چەندین کەلتووری جیاواز لەسەر ژیانی تاکەکەسی زۆرجار ژنان‌و کچان بەرەو خوکوشتن پاڵ پێوەدەنێ.

لەئێستادا زیاد لە کێشەیەک ڕووی لە کۆمەڵگای ئێمەو بە تایبەت کچان کردوە. دیاردەی ئێعتیاد، تەڵاق، خوێندنی ناسەرکەوتوو، ژیانی تاکەکەسی، کێشەی کۆمەڵایەتی‌و شەڕی بنەماڵەیی، ڕوانینی ئەبزاری کۆمەڵگا بۆ ژنان‌و کچان، لەو هۆکارانەن کە دیاردەی خۆکوژی لە نێو ژنان پەرە پێداوە.

### کوشتنی ژنان

کوشتنی ژنان ئەگەرچی ئەویش لەسەر فەنابونی جەستەیی ژن تەواو دەبێت بەڵام لێرە بکەر خودی ژن نیە، بەڵکوو کۆمەڵێک کەسی دیکەن کە زۆربەیان کەس و کاری ژنن. دیاردەی کوشتنی ژنان لە وڵاتی ئێمە زۆرجار باری نامووسی هەیەو لە کۆمەڵگای سوننەتی‌دا ئەم دیاردەیە بە ڕوونی دیارە. لە کوردستان ئەم حاڵەتە نەبووە بە دیاردە، بەڵام لێرەو لەوێ دەبینرێت یا دەبیسترێت کە ژنێک کوژراوە. هیچ ئامارێکی دروست لە بەر دەست‌دا نیە، بەڵام حاڵەتەکە زیاتر لەو شوێنانەی کوردستان دەبینرێت کە بافتی کۆمەڵایەتی بافتی قەبیلەیی هەیەو لە پەراوێزی شارەکان‌و لە گوندەکان دەبینرێت‌و بکوژو کەسوکاری بکوژیش بە جورێک دیزەبەدرخۆنەی ڕووداوەکە دەکەن کە یاسا ناتوانێ بە دواداچونی بۆ بکات. ئەمە لە گەڵ ئەوەش کە یاسا لە ئێران زۆر لە بەرژەوەندی ژنان‌دا نیە. کوشتنی ژنان لە کوردستان کێشەی کۆمەڵایەتییە تا سیاسی، یانی دیاردەیەکی ڕێکخراو کار بۆ کراو نیە کە کاری بۆ بکرێت، ئەگەرچی حاڵەتێکی نائینسانیە، بەڵام ڕەنگدانەوەی کێشەکانی کۆمەڵگای کوردییە کە بە داخەوە لە ئێستادا هیچ ڕۆشنگەریەکیش نابینرێت. لە هەر دوو حاڵەتەکە نە کوشتن‌و نە خۆکوشتن چارەسەر نیەو خراپترین مۆدێلی هەڵبژارنە کە ژنانی ئێمە هەڵی دەبژێرن.

### ئەنجام:

هەر دوو حاڵەتەکە پێویستە قسەی لە سەر بکرێت‌و ڕۆشنگەری لە سەر بکرێت. ئەرکی میدیاو دەسەڵات‌و کۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە ئەم پرسە بکەن بە بابەتێکی جیدی‌و کۆمەڵگەلە مەترسیەکانی ئەم کارە ئاگادار بکەنەوە. لە گەڵ ئەوەش دەبێت کاری فەرهەنگی بۆ بکرێت‌و کەلتورێکی نوێ بونیاد بنیرێت بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستان. چون لە ئەنجامدا پرسی ژنان بەشێکی گرنگە لە پرسی ماڤی مرۆڤ.

# فەلسەفەی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی

نووسەر: دەیڤید میلر بەشی یەکەم و: مادح ئەحمەدی

ئەگەر یەکێک بپرسێ کە ئێمە ئەمڕۆکە چۆن خۆمان بەڕێوە دەبەین - چ بەرنامەیەکمان بۆ پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگادا هەیە - وەڵامی ئێمە دەبێ ئەوە بێ کە ئەمڕۆکە ئێمە لە لایەن دەوڵەتانەوە بەڕێوە دەچین کە دەسەڵاتێکی بێ وێنەیان بۆ کاریگەری دانان لە سەر ژیانی ئێمە هەیە. دەوڵەتان هەم لە بەرابەر هەرچەشنە هێرشێکدا کە بکرێتە سەر گیانو ماڵمان دەمانپارێزنو هەم بە شێوازی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکاندا ڕێکمان دەخەنو هەم ئەو پێوەرانەش کە دەبنە هۆی ئەوەی ئێمە بژیوی ژیانمان دابین بکەین، لەگەڵ یەکتری پێوەندی دەگرین، سەفەر دەکەین، منداڵەکانمان گەورە دەکەینو چەند شتکی دیکە لەو بابەتە دیاری دەکەن. لە هەمان کاتدا دەوڵەتان کۆمەڵک خزمەتگوزاری بۆ ئێمە پێک دێنن. لە چاودێری تەندروستیو پەروەردەوە بگرە تا دەگاتە ڕێگاوبان، خانوبەرە، پارکەکان، مۆزەخانەکان، یاریگاکانو شتگەلێک لەو چەشنە. خراپمان نەوتووە کە ئەگەر بێژین ئەمڕۆ ئێمە ئافرێنراوی دەوڵەتانین. بێگومان هەموو دەوڵەتان لە ئاست جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکانەدا وەک یەک نین، بەڵام هیچ کەس پێی خۆش نیە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکدا بێ کە نەتوانێ ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ.

ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووی مرۆڤایەتییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین، دەوڵەت دیاردەیەکی زۆر نوێیە. بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیاتر لە پانتایەکی بچووکتردا بووە. لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکاندا فەرمانڕوایی لە دەستی ڕیش سپییەکانی هۆزەکاندا بوو کە لە کۆبوونەوەکانیاندا هەر کێشەیەک لە نێوان ئەندامانی هۆزدا سەری هەڵدابایە چارەسەریان دەکرد، یان یاسای خێڵەکەیان شی دەکردەوە. کاتێک کۆمەڵگاگەلێگی دیکە لە پانتایەکی بەربڵاوتردا سەریان هەڵدا، بۆ وێنە چینی سەردەمی خانەدانی «هان» یان ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست، هێشتا شتێک کە پێی بوترێ دەوڵەت لە ئارادا نەبوو. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی باڵا لە دەستی شا یان ئیمپراتۆردا بوو، بەڵام ئەوە گەروە پیاوانی خۆجێییو بەردەستەکانیان بوون کە کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵگایان بەڕێوە دەبرد. کاریگەری پاشاکانیش لە سەر ژیانی خەڵک زۆر سنووردارتر بوو، چونکە پاشاکان نە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەوەندە لە نزیکەوە چاودێری خەڵک بکەن (ڕەنگە ئەمە بواری ئاینیی نەگرێتەوە)و نە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەو داخوازیو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەتە نوێیەکان پێشکەشی خەڵکیان دەکرد، پێک بێنن. فەرمانڕەوایی سیاسی وەها تێکەڵی تانو پۆی کۆمەڵ ببوو کە کێشەی لە سەر نەدەکرا. باسی ئەوە دەکرا کە دەبێ دەسەڵات بە دەستی چ کەسێکەوە بێ (پاشاکان بە پێی چ مافێک دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە؟)و ئایا دەبێ ئەم دەسەڵاتە لە نێوان کەسانی جیاوازدا وەک: پاشاکانو پیاوانی ئاینیی، دابەش بکرێ یان نا؟

بەڵام سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن، سەرەتا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و دواتر دەکرێ بێژین لە هەموو شوێنەکانی جیهان، کێشەی فەرمانڕەوایی سیاسی لای فەیلەسووفانی سیاسی لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا کردە کێشەی سەرەکی. دامەزراوەیەک سەری هەڵدابوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد بە شێوازی جۆراوجۆر ژیانی خەڵک بەڕێوە ببات و ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکا. ئەم بانگەشەیە چ پاساوێکی هەیە؟ لە چ هەلومەرجێکدا دەوڵەتان دەسەڵایەتی سیاسی ڕەوایان هەیە - و ئایا لە بنەڕەتدا وەها هەلومەرجێک لە ئارادایە؟ ئێمە وەک هاووڵاتیانی ئاسایی تا چ ئاستێک لە سەرمانە پەیڕەوی لەو یاساو بڕیارانە بکەین کە دەوڵەتان پەسەندو دەری دەکەن. پێویستە ئێمە لە سەرەتادا وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییانە بدەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە بەشەکانی دواتردا زیاتر بچینە پێشەوەو پرسیاری ئەوە بکەین کە باشترین شێوەی دامەزرانی دەوڵەت چییە - پێکهاتەی حکوومەت دەبێ چ بێ - و چ سنوورگەلێک دەبێ بۆ دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی دابنرێ.

کاتێک دەڵێین فەرمانڕەوایی سیاسی لە دەستی دەوڵەت دایەو بەکاری دێنی مەبەستمان چیە؟ فەرمانڕەوایی سیاسی دوو لایەنی هەیە. لایەنێکی ئەوەیە کە خەڵک بە گشتی ڕەوایی دەدەن بە بڕیارەکانی، واتا قبووڵی دەکەن کە دەسەڵاتدار مافی ئەوەی هەیە پێیان بڵێ بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن. بۆ وێنە کاتێک خەڵک پەیڕەوی لە یاسا دەکەن، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیانوایە ئەو کەسەی یان ئەو لێژنەی ئەو یاسایەی دەرکردوە مافی خۆیەتی ئەو



کارە ئەنجام بداو لە بەرانبەریشدا ئەرکی سەرشانی خەڵکە کە پەیڕەوی لە یاسا بکەن. لایەنێکی دیکەی فەرمانڕەوایی سیاسیی ئەوەیە ئەو کەسانەی کە سەرپێچی لە یاسا دەکەن، بەوە کە هەڕەشەی سزادانیان لێ بکرێ ناچارن ملکەچی یاسا بن - ئەوانەی یاسا پێشێل دەکەن دەستگیر دەکرێنو سزا دەدرێن. ئەم دوو لایەنەش تەواوکەری یەکترین. ئەگەر پەیڕەوی کردنی زۆرینەی خەڵک لە یاسا، زۆر جار بە بۆنەی ئەوەوە نەبێ کە باوەڕیان بە ڕەوایی یاسا هەیە،

**فەرمانڕەوایی سیاسی دوو لایەنی هەیە. لایەنێکی ئەوەیە کە خەڵک بە گشتی ڕەوایی دەدەن بە بڕیارەکانی، واتا قبووڵی دەکەن کە دەسەڵاتدار مافی ئەوەی هەیە پێیان بڵێ بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن. بۆ وێنە کاتێک خەڵک پەیڕەوی لە یاسا دەکەن، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیانوایە ئەو کەسەی یان ئەو لێژنەی ئەو یاسایەی دەرکردوە مافی خۆیەتی ئەو کارە ئەنجام بداو لە بەرانبەریشدا ئەرکی سەرشانی خەڵکە کە پەیڕەوی لە یاسا بکەن.**

دەسەڵاتی سیاسی هەڵناسووڕێ: لە قۆناغی یەکەمدا پێویستمان بە کۆمەڵێک کەسە کە یاسا جێبەجێ بکەنو بێدرەنگیش ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چ کەسێک یاسا لە سەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەکا؟ بەم شێوە ئەو کەسانەی کە لە ڕووی هەست بە بەرپرسیارەتییەوە پەیڕەوی لە یاسا دەکەن، بە زانینی ئەوەی کە ئەو کەسانەی یاسا پێشێل دەکەن سزا دەدرێن، زیاتر بەرەوە ئەوە پاڵدەنرێن کە پەیڕەوی لە یاسا بکەن. من دزی لە ماڵی دراوسێیەکەمان ناکەم چونکە ڕێز لە مافی خاوەنداریەتیی ئەو دەگرمو چاوەڕوانی ئەوەم هەیە کە ئەویش ڕێز لە مافی خاوەنداریەتیی من بگرێ، بەڵام ئەوەش دەزانم کە ئەگەر ئەو ڕێزی ئەم مافەی من نەگرێ، دەتوانم بەڕێوەبەرانی یاسا ئاگادار بکەمەوەو ماڵە دزراوەکەم وەربگرمەوە. کەواتە ئەو کەسانەی کە لە سەر ویستی خۆیان پەیڕەوی لە دەسەڵاتی سیاسی دەکەن، دەزانن کە لە بەرانبەر دەستدرێژی کەسانی ناڕاستدا پشتگیریان لێدەکرێ.

کەواتە فەرمانڕەوایی سیاسی بریتییە لە فەرمانڕەوایی تەواو و شوێنکەوتنی زۆرەملێ. فەرمانڕەوایی سیاسی تەنیا شتێکی ڕەوا نیە، وەک دەسەڵاتدارێتیی پیری تەریقەتێک کە لایەنگرانی بە بێ هیچ زۆرێک ڕێنوێنییەکانی جێبەجێ دەکەن نیە، و وەک ئەو کاتەی کە پیاوێکی چەکدار بە زۆر پارەکەت لێوەردەگرێ، تەنیا فەرمان نیە، بەڵکوو تێکڵاوییەکە لە هەر دووکیان. پرسیارەکەی ئێمە هێشتا هەر لە جێی خۆی دایە. ئەویش ئەوەیە کە بۆ فەرمانڕەوایی سیاسیمان پێویستە؟ هەرچی بێ فەرمانڕەوایی سیاسیی بە تایبەتی ئەو کاتەی لە کۆنترۆڵی دامەزراوەیەکی بەهێزی وەک دەوڵەتی مۆدێرن دایە، بە پێچەوانەی ویستی خۆمان ناچارمان دەکات پەیڕەوی لە کۆمەڵێک یاساو ڕێسا بکەین کە ژمارەیەکیان (وەک ماڵیات/ باج) لە ڕووی دارییەوە زیانمان پێدەگەێنن و ژمارەکیشیان ناچارمان دەکەن پەنا برینە بەر ئەنجامدانی کارگەلێک کە لە لایەنی ئەخلاقییەوە دژی ئەو کارانەین (وەک بەشداری لە جەگێکدا کە پێمان ناخۆشە).

لە وەڵامی ئەو ئانارشیزمەی کە پێی وایە کۆمەڵگاکان بە بێ فەرمانڕەوایی سیاسی، دوور لە هەر چەشنە کێشەیەک خۆیان بەڕێوە دەبەنو دەوڵەت لە ناخی خۆیدا جیا لە کۆمەڵێک دامەزراوە کە دانوستان بە قازانجی دەسەڵاتدارەکان دەکەن، چمان بۆ وتن هەیە؟

لەم بەشەدا دەبێ بگەڕێمەوە سەر جێگرەوەکانی ئانارشیستیی دەوڵەت، بەڵام سەرەتا وەک کەسانی پێش خۆم دەمەوێ بۆ داکۆکی لە فەرمانڕەوایی سیاسی، داوا لە خوێنەر بکەم کە لای خۆی لێکی بداتەوە کە ژیان لە کۆمەڵگایەکی بە بێ دەوڵەتدا چۆناوچۆن دەبێ. واتە لە کۆمەڵگایەکدا کە تێیدا هیچ هەواڵێک لە بوونی پۆلیس، سوپا، سیستمی دادوەری، خزمەتگوزاری گشتییو بەشەکانی دیکەی دەوڵەت نیە. لەم حاڵەتەدا چ دەقەومێ؟

ڕەنگە بتوانین بەناوبانگترین بیرکردنەوەی خەیاڵی لەم بوارەدا لە «لڤیاتان»ی «تۆماس هۆبز» بدۆزینەوە کە ساڵی ١٦٥١ بڵاوی کردەوە. هۆبز لە پرۆسەی شەڕی ناوخۆی بریتانیا، ڕووخانی بەشێکی بچووکی دەسەڵاتی سیاسیی ئەزموون کردبوو و ئەو وێنەی کە لە مەڕ ژیان دەیخستە ڕوو بە تەواوەتی لێڵو ناڕوون بوو. هۆبز دەبێژێ: «دۆخی سروشتی مرۆڤ» لە نەبوونی دەسەڵاتی سیاسیدا، ململانێیەکی دڕندانەیە لە سەر پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان. خەڵک بەردەوام لە ژێر سێبەری ترسی هێرشو دزیدا بەسەر دەبەن، بۆیە بەردەوام دنە دەدرێن بۆ ئەوە دەستی خۆیان بخەنە بەرەوە. دەرئەنجامی ئەم هەلومەرجە لە بەشێکی لڤیاتانی هۆبزدا (کە زۆر دەگێڕدرێتەوە) ئاوا کۆکراوەتەوە:

لە وەها هەلومەرجێکدا هیچ چەشنە هەلێک بۆ کارو چالاکی نیە، چونکە هیچ دڵنیاییەک بەرامبەر بە دەرئەنجامی وەها کار و چالاکییەک نیە. بۆیە لە ئاکامدا نە وەرزێڕی، نە گەمییەوانی، نە کاڵاکانو ئەو شمکگەلەی کە لە ڕێگای دەریاوە هاوردە دەکران، نە بیناگەلی گەورەو جێدار، نە ئامێری گواستنەوەی کەلوپەلی قورسو گران، نە زانستو مەعریفەیەک لەمەڕ گۆی زەوی، نە لێکدانەوە و ڕاپۆرتێک لەمەڕ مێژوو، نەهیچ چەشنە زانستو هونەرو ئەدەبیاتو یان کۆمەڵو ئەنجوومەنێک (هیچ کامیان مەیسر نابن)و لە هەمووش خراپتر ترسی بەردەوام و مەترسی مەرگێک کە توندوتیژی لێبکەوێتەوە (هەیە)، و ژیانی مرۆڤ لێک دابڕاو، هەژاریو نەدار، ناحەز، بێبەزەییانەوە و کورتە. (لڤیاتان، تۆماس هۆبز،)

دواتر دەبێژن هۆی ئەوە کە هۆبز گەیشتووەتە وەها ئەنجامێکی ڕەشبینانە، ئەوەیە کە هۆبز پێی وایە بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤەکان خۆویستو چاوچنۆکنو لە ئەنجامدا ئەگەر دەسەڵاتیی سیاسیی سنوورێکیان بۆ دیاری نەکا، تا ئەو جێگەی بۆیان دەلوێ هەوڵی وەدەست هێنانی بەشی زۆرتر دەدەن. بەڵام لەم تێگەیشتنە لە بۆچوونەکانی هۆبزدا، ئەو خاڵە واقیعیەی کە مەبەستییەتی لە بەرچاو نەدەگیردرا. هۆبز پێی وایە لە نەبوونی متمانەدا، هاوئاهەنگیی نێوان مرۆڤەکان ئەستەمەو ئەگەر دەسەڵاتێکی سەرووتر بۆ جێبەجێ کردنی یاساکان نەبێ، متمانە چێ نابێ. ئەو شتگەلەی کە بە وتەی هۆبز لە «دۆخی سروشتی»دا بوونیان نیە، لە چاو ئەو شتگەلەی کە دروست بوونیان پێویستی بەوەیە کە کۆمەڵێک مرۆڤ پێکەوە هەوڵی بۆ دەدەنو چاوەڕوانیان ئەوەیە کە خەڵکی دیکەش بەشداری تێدا بکەن فراوانتر و لە پێشەوەترن. ئێستا لە نەبوونی دەسەڵاتی سیاسیدا بۆ جێبەجێ بوونی ئەم چاوەڕوانییە چ دەستەبەرێک هەیە. وای دابنێین من لە تەک کەسێکدا گفتو بەڵێن بە یەکتری دەدەین. ئەگەر یاسایەک بۆ جێبەجێ کردنی ئەو گفتو بەڵێنانە نەبێ، بۆ دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بم کە لایەنی بەرامبەرم گفت و بەڵێنەکەمان بباتە سەرو تەنانەت ئەگەر ئەو بیەوێ پابەند بێ بە بەڵێنەکەوە، ڕەنگە بەهەمان شێوە لەمەڕ من بیر بکاتەوەو بەو ئەنجام بگا کە لە بەرامبەر بردنەسەری بەڵێنەکەدا، ئەگەری ئەوەی زیانبار بێ زۆرە. هۆبز پێ وایە لە وەها هەلومەرجێکدا تەواو ئاوەزمەندانەیە کە خراپترین دۆخ لە بەرچاو بگری و بۆ پاراستنی گیانی خۆت دەست بۆ هەر کارێک بەری. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ تۆ لە چاو خەڵکی دیکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆت بدەی بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵاتی زیاتر. لە ڕاستیدا ئەم ترسە بەرامبەر بە خەڵکی دیکە بەرهەمی بێمتمانەییە کە ژیان بە بێ دەسەڵاتی سیاسی ئەکاتە «شەڕی بەردەوامی هەر تاکێک لەگەڵ دراوسێیەکەی».

گەلۆ ڕەشبینییەکانی هۆبز بەجێین؟ ڕخنەگرانی هۆبز پێیان وایە کە ئەگەر سەیرێکی دەورووبەری خۆمان بکەین نموونەگەلێک دەبینین کە خەڵک متمانەیان بە یەکدی هەیە، هاوکاری یەکتری دەکەن و تەنانەت بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک یارمەتی یەکتری دەدەن، ئەمەش لەکاتێکدا کە نە دەوڵەتو نە دامەزراوەکانی هیچ چەشنە دەستێوەردانێک ناکەن. بۆ وێنە ڕەنگە چەند دراوسێیەک بڕیار بدەن کە یاریگای وێرانەکەی گەڕەکەکەیان نۆژەن بکەنەوە. ئەوان گرووپێک پێکدێننو کارەکان دابەش دەکەن. بە بێ ئەوەی پێویست بە گرێبەستێکی یاسایی یا هەر چەشنە زۆرێک بکا، هەرکەس لە لایەن خۆیەوە دڵنیایە کە ئەوانی دیکە کە کارێکیان لە ئەستۆ دایە، جێبەجێ دەکەن. سروشتی مرۆڤ بەو شێوەیە نییە کە هۆبز باسی دەکا. بەڵام لەم بەڵگە هێنانەوەیەدا خاڵی سەرەکی لەبیر کراوە. ڕاستە کە هۆبز بەرامبەر بە سروشتی مرۆڤ تا ڕادەیەک نەرێنیانە بیری دەکردەوە (جارێک هۆبز- یان لە کاتی یارمەتی کردنی گەدایەکدا بینی، ئەو ڕوونی کردەوە کە بە بینی ئەو گەدایە خەمبار بووە و دەیەوێ بەو یارمەتییە خەمی خۆی کەم بکاتەوە)، بەڵام قسەی ئەو ئەوەیە کە لە کەشێکی پڕ ترسدا کە بەرهەمی ڕووخانی دەسەڵاتیی سیاسییە، دیوی دڵۆڤانتر و متمانەدارتر بوونی سروشتی مرۆڤ نامێنێ. بە سەرنجدان بەو شتانەی کە ئێمە لەمەڕ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە شەڕە ناوخۆییەکانو یان لە هەر کاتێکی دیکەدا کە مانەوەیان کەوتبێتە مەترسییەوە بینیومانە، وا دیار هۆبز ڕاست دەکا.

—

سەرچاوە:

میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی، چاپ دوم، سال ١٣٩٠.

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٣٢

٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٣

٢١ی مای ٢٠١٤

# کۆماری ئیسلامیو سیاسەتی شۆڤینیستی



عەلی لەیلاخ

کۆماری ئیسلامی بەرهەمی شۆرشی گەلانی ئێران، رۆژبەدوای رۆژ سیاستەکانی لە راستای سڕینەوەی کەلتوورو فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێران دایە، ئەو نەتەوە بندەستانەی کە بە درێژایی مێژوو بوونەتە قوربانی دەسەڵاتدارانی ئێرانوچەوساونەتەوە. هەرچەند مێژووی شوڤینیستی فارس بە شێوەی رەسمیوجیدی لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی پەهلەوییەکان واتە (رضاخان)بە لاسایی کردنەوە لە ئاتاتورکوموسولینی دەستی پێکرد، بەڵام بە سەرنجدانێکی سادەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بیرۆکە دزیوە رەگوریشەی درێژتری هەیە.

شوڤینیزم؛ کە وشەیەکی فەرانسەوییەو بە مانای باوروئیمانی دەمارگرژانە بەنیسبەت فەرهەنگوکەلتووری نەتەوەییوخۆبەزل زانینی هۆویەتی /فەرهەنگیوهەوڵدان بۆ لە ناو بردنی فەرهەنگوپێناسەی نەتەوەکانی دیکە، کە لە ناوی (نیکۆلا شوون) کە سەربازێکی ئەرتەشی ناپلئون بناپارتەوە هاتووە، ئیگجار باوری بە ناپلئون هەبوو. کە لەمەوبداو بە مانای «رەگەزپەرستیوخۆسەرتر زانینی بێ بنەماو باورێکی لە ڕابەدەر» هاتە نیو ئەدەبیاتی سیاسییەوە.

ئەگەرچی بۆمێژووی سیاسەتی شۆڤینیستانەی دەسەڵاتداران بەسەرگەلانی ئێران، حاکمییەتی ٨٠ساڵەی بنەماڵەی پەهلەوییەکانیان لە بەرچاوگرتووە، بەڵام وەک ئاماژم پێکرد لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەرخەری ئەم راستییەن کە نیژادپەرەستیوهەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەکان لە ئیران مێژووی دوورودرێژتری هەیە. بۆ نموونە لاپەرەکانی کتێبی شاهنامە لێوانلێوە لە رەگەزپەرستیو فەخر فرۆشییەکی دوورلە واقعیت، هەر بۆیە ئەم کتێبە لەلایەن پاشاکانی حاکم بەسەر ئێران هەمیشە ڕێزی لێگیراوەو پەرەی پێدراوە، رەنگە زۆر کەس ئەم پاساوە بهێنێەوە کە فیردەوسی شاعیر، تێکۆشاوە لە زمانوئەدەبی فارس لە هێرشی زمانوفەرهەنگی ئەعراب بپارێزێت، بەڵام نابێ لایەنە رەگەزپەرەستانەی بیرۆکەی فیردەوسی کە بیانووی سەدان ساڵەی بۆ حاکمییەتو زۆربەی هەرە زۆری چالاکانی فەرهەنگی ساز کرد کە بە هەموو توانایانەوە هەوڵ بدەن بۆ لەناوبردنی هۆوییەتو پێناسەی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو هێژمۆنی فەرهەنگیورەگەزیی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن لە بەر چاو نەگێردرێ. (هنر نزد ایرانیان است وبس!) هەر ئەم یەک دێرە دەرخەری وەهەمو خۆبەزلزانینێکی مێژووییە. بەکام پێوەری هونەریوزانستی دەتوانین ئەمە بسەلمێنن کە تەنیا هونەر لە ئێراندا هەیە. راست بە پێچەوانەوە ئاستی هونەر لە ئێران بە بەراورد لە گەڵ گەلانی دیکە کزولاوازەو زۆرجاریش لاسایی کردنەوەیەکی ناشیانەیە. با لیمان تێک نەچێت کە لێرە مەبەست لە ئێران تاکە زمانوتاکە نەتەوەی فارسە، نەک جوغرافیای وڵاتێکی فرەنەتەوەیی. ئەوەندە گەشە بەم بیرۆکە درا کە ئێران یانی وڵاتی فارس زمانەکانو فارسی شەککەرەو زمانەکانی تاڵوناحەزنودەبێ یان لە ناوبچن یان بەتەواوی لە خزمی تاکە زمانی فارسیدا بن! هەتا ئەم بیرۆکە بێ بنەماو دزێوە جیا لە مەبەستی سیاسی، بووبە کەلتوورێکی ناحەزو چۆتە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە هێشتاکە هەر بە شێوازی جۆراجۆر دووپات دەبێتەوە. ئەگەرچی کارگێرانی کۆمار ئیسلامی بەهۆی درێژە پیدان بە سیاسەتی نارەوای خۆیان بانگەشە بەم جۆرە سیاسەتە دەکەن، بەڵام ئاستی چاوەڕوانی لە کۆمەڵگای ئەدەبیوفەرهەنگی فارس زیاترە. بۆ نموونە سەیری پەیامی سەرەخۆشی کانوونی نووسەرانی ئێران بکەن بۆ مەرگی شاعیری ناوداری کورد شیرکۆ بیکەس.(ئێمە بە ناوی کانوونی نووسەرانی ئێرانەوە ئەم خەسارە لە سەرجەم نووسەرانو کۆمەڵگای فەرهەنگی کوردی عیراق سەرەخۆشی دەکەین!)پرسیار لێرە مەگەر کانوونی نووسەرانی ئێران نازانن کە کوردستان چورا پارچەیەو لە چەندین وڵاتی جیهان کورد هەیەو هەروەها شاعیرێک وەکوو شیرکۆ بێکەس شاعیری نەتەوەی کوردە؟! بۆ دان بەم حەقیقەتەدا ناهێننو نانووسن کە هیواداریین ئەمە ئاخرین خەمو کۆسپی هەموو کوردانی جیهان بێ! هەر بەو شیوە کە کە بەرانبەر بە مەرگی کەسایەتێکی فارس زمان دەنووسن: بە هەموو فارس زمانانی جیهان (تسلیت)ئەیژینو جاروبار سنوورەکانی جوغرافیای ئێستاکەی ئێران دە بزوێنو باسی (بخاراوسمرقند)یش دەکەن! بۆ قەبووڵ ناکەن کە کوردستان چوارپارچەیە کە بە ستەمی مێژوویی پارچەیەکی لە بن دەستی ئێران دایە! ئەم شێوە سیاسەت کردنە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی دەسەڵات داریەتی پەهلەویی کە شەڕی کوردی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کرد، نەک لە ناوخۆی جۆغرافیای ئێران. چونکە دەیهەویست لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد حاشا بکات.ئەم باسە نیازمندە بەکاری مێژوویوکارناسانەیەو هەربۆیە لە مەجالی ئەم بابەتەدا نیە، بۆیە دێمەوە سەر ناوەرۆکی بابەتەکە کە هەمان شوڤینیزمی فارسە لە وڵاتی ئێران.

لە باری زمانەوانییەوە، ریشەی زمانی فارسی زیاتر لە کوردی دایە. ئەمە ئیتر دەمارگژیو(تعصب) نیە بە لکوو بە ئیعترافی کارناسانی بواری زمان ناسی وایە. بۆ نموونە ژێدەروژێرخانی ٨٠ لە سەدی وشەی فارسی بەو مەرجەی کە فارسی بێت کوردییە. چۆنکە وڵاتی ئێران بە درێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر هێرشو لەلاین چەندین نەتەوەوە داگیرکراوە بۆ نموونە لە هێرشی یونانییەکانەوە بگرە هەتا هاتنی ئەعراب! هەروەها هاتنی مەغوولەکان، کە هەرکام لە مانە زیاتر لە چەندین سەدە حاکمییەتی ئێرانیان بە دەستەوە گرتووە کە زۆر ئاساییە کاریگەرییان هەبێ بەسەر زمانو فەرهەنگی فارسییەوە. مامۆستا هەژار کاتی خۆی پێشنیار بە کاربەدەستانی فەرهەنگی ئێران دەکاو دەڵێ زۆربەی ناوی گوڵو گیا لە زمانی فارسی یونانییە، لەکاتێک هاوتەرازی ئەم ناوانە لە زمانی کوردیدا هەیە، کەوایە جێگای خۆیەتی ناوی کوردی لەسەر دابنن هەتا یونانی!

بەڵام کێشە لە باری زانستیو فەرهەنگیدا نیە، بەڵکوو کێشە لە جۆری بیرکردنەوەو سیاسەتی دژە فەرهەنگی کارگێرانی کۆماری ئیسلامی دایە، کە پێیان خۆشە درێژە بە بیرۆکەی شوڤینیستی بدەنو هەبوونی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت نەتەوەی کورد لە ئێران کەتمان بکەن. چونکە بە ڕاشکاوی لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە زمانی رەسمی لە ئێران فارسیومەزهەبی رەسمی (شیعەی اثنی اعشری)یە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێران وڵاتی فرەچەشنییە لە باری فەرهەنگیو زمانیوئایینییەوە. ئەمە راست بە پێچەوانەی یاسا نێونەتەوەییەکانە. یەکێک لە نموونە هەرە بەرچاوەکانی سیاسەتی دژە فەرهەنگو زمانەکانی گەلانی دیکەی ئێران، ئەمەیە کە لەم رۆژنەدا سایتی کۆنسۆلگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری سلیمانی، - کە هەبوونی ئەم کۆنسۆلگەرییە بۆ خۆی جیگای پرسیارە - وتارێکی بڵاو کردوە کە پراوپڕ بوو لە بێڕێزیوسووکایەتی کردن بە تەوەی کورد بە گشتی.

ئەگەرچی ئەم وتارە لە چەندین لایەنەوە جێگای سەرنجە، بەڵام لەباری فەرهەنگییەوە دەرخەری ئەم راستییەیە کە دەسەڵاتدارنی سەرەرۆی ئەم نیزامە بە جۆرێک لەم خەموپەژارەی سەرهەڵدانی کورددا سەریان لێشێواوەو بڕوایان بەمە نەدەکرد کە رۆژێک نەتەوەی کورد سەرەڕای ئەم هەموو سیاسەتی سڕینەوەی فەرهەنگیوئاسمیلاسیونەدا زێندوو بمێنێتوتەنانەت دەسەڵاتی وڵات بەرێوە ببات. نە تەنیا زمانوفەرهەنگی کوردی لە ناو نەچوو بەڵکوورۆژبەداورۆژ لە حاڵی پەرەسەندنوگەشەدایەو ئاساییە ئەم رەوتەیان پێ ناخۆش بێت.

لە کۆتاییدا بەو هیوایە سەرجەم چالاکانو نووسەرانورووناکبیرانی فارس چیتر نەبن بە ئامرازی سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامیوهەردەم بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئاشتیوپێکەوە ژیانو هەمەرەنگ لە فەرهەنگوزمان ولەکتوورە جیاجیا کان تێبکۆشن.

....................

ژێدەر؛شاهنامەی فیردەوسی//سایت ویکیپدیا/..

## بۆ کاک مستەفا شێخە هاوکارمان و نووسەری ستوونی «هەڵەچێنی»ی ڕۆژنامەی «کوردستان»!




بە بۆنەی زیاتر لە دوو ساڵ پشوودرێژی و بەردەوامیت لە نووسینی ستوونی «هەڵەچێنی»دا کە تا ئێستا ٥٠ ژمارەیە (جگە لەو چەند ژمارەیە کە بە تاوانی بەردباران کرانی کۆنسۆلخانەی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر لە زیندان دابووی) دەستخۆشیت پێ دەڵێینو ماندوونەبوونیت لێدەکەین. لەم ماوەیە دا هاورێ و هاوکارێکی دڵسۆز و ڕێکوپێکی رۆژنامەی «کوردستان» بووی. ئێستاش کە دەتەوێ کۆتایی بە ستوونی «هەڵەچێنی» بێنیو خۆت گوتەنی «هەتا خوێنەرانت بێزار نەکردوە» وچانێک بدەی، ماڵاواییت لێناکەین چونکە هەر بە هاوکارو هاورێو دڵسۆزی «کوردستان»ت دەزانینو دڵنیاین ئەگەر لە دەستت بێ جارێکی دیکە هاوکاریی خۆت لە گەڵ ماڵی هەمووان «کوردستان»، بە جۆرێکی دیکە دەست پێدەکەیەوە.

بە هیوای بەردەوام بوونت لە کاری نووسین بەتایبەتی بۆ رۆژنامەی «کوردستان»

**بەڕێوەبەرانی**
**رۆژنامەی «کوردستان»**
**٢١ی مای ٢٠١٤**
**٣١ی بانەمەڕی١٣٩٣**

هەڵەچێنی

## ئەی وەرن با بەزمانی جەستە قسە بکەین!



مستەفا شێخە

سوپاسو حەمدو سەنا بۆ پەروەردگاری ئافرێنەری هەموو کائیناتو هەسارەکان و هەڵسووڕێنەری هەموو بوونەوەرەکان بە گیاندارو بێگیانو ئینس و مرۆڤەوە. سوپاس بۆ ئەو خوایەی ئەم هەموو زمانو زاراوە جۆراو جۆرەی رۆناوە. خۆ هیچ ڕێی تێناچێت بەندەیەکی بێدەستەڵاتی وەک منی نووسەری ئەم هەڵیتو پەڵیتە بێ ئەمری خوای گەورە بکاتو بڵێت خوایە گیان بۆ بەم بەشی خولڤاندنی زمانەداناچییەوە و بەناو زمانی کوردی لە ڕیزی زمانەکان لانادەی؟

دیارە خوای گەورەش هەموو دەروویەکمان لێناگرێتو دەرگایەک دادەخاتو سەتی دیکەمان بۆ دەکاتەوە. سەبارەت بەم کێشەی زمانەش وەک دەڵێن لەخوا بەزیاد بێت لەم دواییانەدا دەرگایەکمان بۆ کرایەوەو ئەم شتەی کە چل پەنجا ملیۆن کەس لەسەرئەم گۆ خڕە خۆڵاوییەدا قسەی پێدەکەنو ئەم برە خەڵکە کەمە پێی دەڵێن زمان، کەوتە ژێر پرسیارەوە. هەرئەم پرسیارە کە کاکی کاکان، کاکە گەورەی خۆمان، فارسی خاوەن زوبانی شەککەرین سەبارەت بە قسەکردن بە کوردی نوێی کردەوە، بوو بە هۆی ئەوە منیش لەکاری دژ بە ئاسایشی نەتەوەییو بەرژەوەندیی گشتی بکشێمەوە و تەنانەت بێمە سەر ئەم ڕایە واز لە نووسینی ئەم گۆشەیە بۆ رۆژنامەی کوردستانیش بێنم.

دوای ئەوەی نوێنەرایەتیی رەسمیی ماڵی کاکمان لە شاری سلێمانی، لە نووسراوەیەکی چڕوپڕی پڕ لە بەڵگەو مەڵگەو سەرچاوە و مەرچاوەدا فەرمووی: «کورد زمانو مێژووی نییە» و ئەم چل پەنجا ملیۆن کەسەی لەم ناوچەیەدا بەو ناوەوە دەژین، وەک هۆلۆکاستەکەی جوولەکان درۆ و دەلەسەی مێژوونووسانی درۆزنو شتی وایە، من زیاتر بەخۆم داهاتمەوە.

ئەگەر زمانی فارسی واتە زمانی کاکی کاکان لە ناوچەکەدا وەک شەلی دەست بەعەسا بە یارمەتیی وشە و ڕستەو ڕێکەوەندی کوردی و عەرەبیەوە بەڕێگەدا دەڕوات، بەڵام هەر زمانی یەکەمە. فارسی دەتوانێت سێحری وا بکات سەری هەموو زانایان بتەزێنێت. ئەوەتا کام زمان هەیە بتوانێت بە تاقە یەک وشە سواری رستەیەکی دووردرێژ بێت و بە دوای خۆیدا هەوساری بکات؟ ئێوە هیچ هەستتان بە وشەی «است»ی فارسی کردووە؟ بۆ ئاگاداریی خوێنەری بەڕێز تەنیا بە رستەیەک گەورەییو توانای لە ڕادەبەدەری ئەم «است»ەتان بۆ دەستنیشان دەکەم. ئەوە فشە نییە، ئەستە ئەست! سەیری ئەم رستەیە بکەن: « مصرف دخانیات اکیدا ممنوع است.» هەی چاوی سەرم بی «است»! نەتاندیوە ئاڵای شیرورۆژ نیشانی ژیار و شارستانیەتی لە سەر شان داناوە و لە دووندی رستەکەدا دەیشەکێنێتەوە؟ دیتووتانە چۆن وشەکانی «مصرف» و «دخانیات» و «اکیدا» و «ممنوع» بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت؟

دوای خوێندنەوەی ئەم رستەیە، جارێکی دیکە دەستی نووسەری بابەتەکەی نوێنەرایەتیی کاکی کاکان لە شاری سلێمانی دەگوشم کە دەیسەلمێنیت ئەوەی کورد پێی دەڵێت زمان، هەر تۆزی زمانی خۆشبەز و خۆشڕەوی فارسی ناشکێنێت و رەنگە شوێنیشی نەدۆزێتەوە. قسەی خۆمان بێت، ئێمەش کە بە خۆمان دەڵێن کورد، بەتەواوی لە هەڵە داینو ئەم وشەو رستانەی قسەی پێدەکەین زمان نییە. هەر با پرسیارێک لە خۆمان بکەین، ئەم هەزاران وشەیەی ماوەی چەند سەد ساڵە لە ناو کێوەکانی زاگرۆس مۆزۆپۆتامیاو شتیوادا ماوەتەوە و دەر و دراوسێکانیش چەندی دەیکەن و دەکرێن، بۆیان ناچێتەوە سەریەکو وەک زمانەکانی دیکە ناچێت، کوا ئەمە زمانە؟

هەر ئەم رۆژنامەیەی بەردەستتان ئەوە نزیکەی ٧٠ ساڵێک دەبیت بە ئەم پیت و وشە و زاراوانە دەنووسرێتو ماڵی کاکمان دەبێ بۆ تێگەشتنی بابەتەکانی وەرگێری زمانی بۆ بەکرێ بگرن. رۆژنامە هیچ لەم دواییانەدا بە ملیۆنان لاپەرە پڕکراون لەم وشە و رستانەو بەملاوئەولادا بڵاو دەبنەوە. ئەم رادیۆو تەلەفزیۆن و شتە هەر بەیەکجاری کارەکەیان تێکداوە.

بە بڕوای من کێشەکە لە زمانەکەوە نییە. من کارم بەوەیان نەداوە ئاخۆ ئەم نیشانەو پیتو دەنگ و واج و وشە و ڕێکەوەند و رستەو شتانەی ئەم چەند دێڕەی سەرووم لێدروست کردوون، زمانە یان زمان نییە. باشترین پێشنیاریشم بۆ چارەسەری کێشەکە ئەوەیە ئەم چەند کەسەی لەم ناوچەیەدا بەمجۆرە قسە دەکەنو دەنووسن و دەخوێننەوە، وەک ساڵی ساڵان هەر لەشوێنی خۆیاندا زیندانی بکرێن و هەوڵ بدرێت لە نێو ئەم بەندیخانە گەورەیەشدا بە زەبری زمانە شەکەرەکەی ماڵی کاکمان ببن بە خاوەن زمان.

لە کاتێکدا دوای ٧٠ساڵ تەمەنی ئەم رۆژنامەیەو نووسینی ٥٠ گۆشە لەم لاپەڕەیەدا سوپاسی ماڵی کاکمان دەکەم کە وشیاریان کردمەوە نەک هەر منی نەخوێندەوار، بەڵکوو نالیو هێمن و بێکەسەکان و پەشێو و خانی و هەموو ئەو نووسەرە کەون و نوێیانەی بە شێوەی چل پەنجا ملیۆن کەسی گۆرین دەنووسن، لاڵە پەتەینو باشتر بوو بە زمانی جەستە و ئاماژە قسەمان کردبایە.

مالّپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 632 21 may 2014

## بەر لە مالّاوایی

# ئەو کاتەی مافێکی سادەو سەرەیایی دەبێتە ئارەزوویەکی گەورە



کوێستان فتوحی

*«ئازادیم ناوێ بۆ خۆدەرخستن، ئازادیم دەوێ چونکە مافی خۆمە«!*
*«دەمەوێ بۆ چەند چرکەیە بە ئازادی هەناسە هەڵمژم»!*
*«بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ لە یەکەم لە هەنگاوی چووکەوە دەست پێ بکرێ»*
*«تۆ ناتوانی هەستی من دەرک بکەی، حەقت پێ دەدەم چون تۆ نەتچێشتوە حجابی زۆرەملی یانی چی»!*
*«خواستەکە گەورە نیە، ئەوانەی ئەو خواستەیان لێ زەوت کردووم چووکەن»!*
*« لە وڵاتی ئێمە دەبێ بەدزییەوە پێبکەنی، بخوێنییەوە، بنووسی،ماچ بکەی، بەدزییەوە ژیان بکەیو بەدزییەوە......»*

**« آزادی‌های یواشکی»(ئازادییەکان بەدزییەوە)**

ڕەنگە زۆربەی بەکاربەرانی فەیسبووک بە تایبەتی ئەوانەی بە دوای هەواڵو ڕووداوەکانی ئێرانەوەن، لاپەڕی فەیسبووکی «آزادی‌های یواشکی» ژنانی ئێرانیان دیتبێ، کە ماوەیەکە ژنان لە ئێران وەک چالاییەکی کۆمەڵایەتی دژی حیجابی زۆرەملی دەستیان پێکردوە. ئەو قسانەی سەرەوە قسەی کەسانێکن کە لە پەیجی «آزادیهای‌یواشکی» هەلبژێردراون. پەیجەکە وێنەو کۆمێنتی ژنانێکی بڵاو کردۆتەوە کە لە ئێران دەژین. ژنانێک کە حەز دەکەن مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی پۆشینی جلوبەرگیان هەبێ، ئەوێش بە لابردنی سەرپۆشەکانیان بۆ چەند چرکەیەکو گرتنی وێنە بەبێ سەرپۆش و بڵاوکردنەوەیان لەم لاپەڕەدا بەجۆرێک بێزاری خۆیان لە ڕێژیمو قانوونە داسەپاوەکانی دەربڕیوە.

بەڵام ئەو ژنانە کێن؟ ئەمجارە ژنانی چالاکو نووسەرو بەقسەی هێندێکان نوخبەکان نین کە باس لەحیجابی زۆرەملیو قانوونە داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی بکەنو ڕێوشوێنو پرۆژە دانێن، ئەوانە ژنانێکن ئاسایی، بەڵام ئەوانیش خولیای ئازادیو ژیانی بە ئازادانەیان هەیە، ژنانێک کە لابردنی رووسەرییەکانیان بۆتە ئارەزوویەکی گەورەو دژوار لە وڵاتەکەیاندا! لاپەڕی «آزادی‌های یواشکی» لە سەرەتاییترین مافی ئینسانیکەوە دەستی پێکردوەو ئەو ژنانەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە کە لەدەست حیجابی زۆرەملی وەزاڵە هاتوون. ڕەنگە بەلای زۆر کەسەوە ئەم حەرەکەتە شتێکی وانەبێ کە سرنجی بدرێتێ، بەڵام قووڵایی تراژیدیی ژیانی ژنان لە ئێران نیشان دەدا کە پاش سەدەیەک خەباتو تێکۆشان بۆ مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوان، تازە دەبێ بە دزییەوە سەرەتاییترین مافی خۆیان ئەزموون بکەن.

**ئەم لاپەڕە چۆن دروست بوو؟**

پاش ئەوەی مەسیح عەلی‌نژاد ڕۆژنامەوانی چالاکی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات وێنەیەکی بە سەرڕووتی لە فەیسبووکەکەی خۆدا دانابوو، یەکێک لە دۆستانی لە نێوخۆی ئێران لە کۆمێنتێکدا بۆی نووسیبوو: «من ئێرەییتان پێ دەبەم، ئێوە لەوێ ئازادن سەرپۆش بەسەردانادەنو کەس مزاحیمتان نابێ! وای کە هەستێکی خۆشە«! مەسیح بە پرسیارێکی سادە وڵامی کۆمێنتەکەی دابۆوە: بۆ ئێوە ناتوانن دوور لە چاوی قانوونو گەشتی ئێرشاد سەرپۆشەکانتان لابەرنو ئەم هەستە خۆشە تاقی بکەنەوە؟ دوای ئەو پرسیارە وڵامەکان نە یەک و نەدوو و...بەڵکوو هەر لە ڕۆژی یەکەمدا دەیان وێنە و دواتر سەدان و هەزاران وێنەی بێسەرپۆش وەک سێڵاو بەرەورووی مەسیح هاتن. مەسیح پێی حەیف بوو هەروا ئاسان لەم پێشوازییەی ژنان لە نێوخۆی وڵات تێپەڕێ. بیرکردنەوەکەی ناوبراو کارەکەی بەرەوگەورەبوونەوە برد. لاپەڕەکە بووە کەمپەینێکی گەورە دژی حیجابی زۆرەملی، هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە نزیک بە هەزاران کەس ئەو لاپەڕەیان پەسند کردو پشتیوانییان لەم حەرەکەتهی ژنانکرد. حەرەکەتێک بە ناو چووکە بەڵام لەناخەوە گەورە.

**ژنو حیجاب، خاڵی لاوازی کۆماری ئیسلامی**

کۆماری ئیسلامی بە دروشمی «رووسەری یا توسری» هاتەسەرکار، کە ئەمڕۆ ئەو حیجابە بۆتە بەشێک لە هۆوییەتی ئەو ڕێژیمە. بەومانایە ئەگەر ڕۆژێک ژنان لە ئێران حیجابیان فرێدا، کۆماری ئیسلامی بەشێک لە هۆوییەتی خۆی لەدەست دەدا. هەر بۆیە کەمترین حەرەکەتی ژنان لە پێوەندی لەگەڵ دژایەتی لەگەڵ حیجابدا لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە، بە تاوانێکی نەبەخشراو ئەژمار دەکرێ. هەر بۆیە ئەم حەرەکەتەی ژنانی ئێران جارێکی دیکە کۆنەخوازانی وەدەنگ هێناو ئەو ژنانەیان بە سووکو هەرزەو هەروەها ئەم کارەیان بە پیلانی خاریج‌نشینان ناوبرد!

ئەمجارەش ژنان هەرلەلایەن دەسەڵاتدارانەوە نەکەوتنەبەر هێرش!

جیا لە بۆچوونی دەسەڵاتداران، زۆرکەس ئەو حەرەکەتەی پێ سادەیەو پێی وایە باسکردنی جێی بایەخ نیە. بەڵام بۆ ئەوانەی کە بەم جۆرە بیر دەکەنەوە دەبێ ئەوەشیان لەبەرچاو بێ کاتێک ژن بە تاوانی بێ‌حیجابی دەستگیر دەکرێو وەبەرقامچی جەللادەکان دەدرێ، دەستدرێژی دەکرێتە سەر و بە هەرزەو سووک ناوی دەبرێ، چۆن دەکرێ مەسەلەی داسەپاندنی حیجابو دژایەتی لەگەڵی بە کەم بگیرێ؟ ڕاستە ئەو حەرەکەتە ڕەخنەی بەجێی پێواریدە یەکێک لەو ڕەخنانە ئەوەیە کەمترین وێنەی تێدایە کە لە شوێنی قەرەباڵغ گیرابێ، بەڵام بۆ ئەوەش دەبێ ببینین مەجالەکان چەندن. کۆماری ئیسلامی ٣٤ ساڵە بەردەوام لەپێناوی حیجاب ژنان‌دا کار دەکا، قانوونی بۆ دادەنێ، دروشم دەداو نرخی بۆداوە، بۆ ژنان ئاسان نیە بەبەرچاوی مەئموورەکانی ڕێژیمەوە حیجابەکەیان بەو شێوە لە وێنەکان‌دا دیارن فرێدەن. کەوایە بە گاڵتە سەیرکردنی ئەم تابۆشکێنیانە لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ چی کەمتر نیە لە هەڵوێستی توندڕەوەکانی نێو دەسەڵات! ناڕاستەوخۆ ژنان بە جۆرێک لە حەرەکەتی دژی حیجابی زۆرەملی دڵسارد دەکەنەوە. ڕاستە شەڕی حیجاب هەموو شەڕەکان نیەو چارەسەری کێشەگەورەکانی ژنان نیە، بەڵام ئەوە بەشێکە لە خەباتی ژنانی ئێران، کەسانێک کە دەم لە ئازدی و دیموکراسی‌دەدەن، نابێ دژی ژنان بەجۆرێکی دیکە بچنە بەرەی کۆنەپارێزانی دەسەڵاتبەدەستەوە.

ڕاستە کەسایەتیی ئینسانەکان نە بە حیجابو نە بێ حیجاب هەڵناسەنگێندرێن، بەڵام لێرەدا باس لە مافێکی سەرەتایی هەر ئینسانێکە کە لە ئێران لە نیوەی کۆمەڵی ئەو وڵاتە زەوت کراوە، بۆیە پێویستە ئەو دەنگانە ئەگەر کەمیش بن ببیسرێن کە دژایەتی لە گەڵ ئەو ناحەقییە دەکەن.

بڵاوکردنەوەی وێنەی بێسەرپۆشی ژنان لە ئێران، جارێکی دیکە ئەوەمان پێدەڵێ ژنانی ئێران لە فرسەتەکان کەڵک وەردەگرن بۆ ئازادیو ئازادی ژیان کە حەقی بێئەملاوئەولای ئەوانە. لەگەڵ ئەوەش‌دا یەکگرتوویی‌و خەباتی بەردەوامە دژی زوڵمو ستەم بە ئامانجیان دەگەیەنێ، ئەو ڕۆژە هەر دێ زنجیری کۆیلەیی بپسێنێ.

# بەڕێوەچوونی کۆڕیادی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت





بە یەکەمین شار لە جی‌هان‌دا ناسرا کە بە گازی شیمیایی بۆمباران کراوە.

لە سەر بەرزاییەکانی سەری گۆمێ یادی قوربانیانی ٢٧ ساڵ لەوە پێشێی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بەرز ڕاگیرا.

ڕۆژی ٢٦ ی بانەمەڕ سەدان کەس لە شاخەوانان، چالاکانی ژینگەپارێز، هونەرمەندانو خەڵکی بەهەستی ناوچەکانی سەردەشتو بانەو شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی قوربانیانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە سەر بەرزاییەکانی سەری گۆمێ لە سەردەشت کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا بە کۆمەڵێک چالاکیی هونەری، نەمام چاندنو قسەکردن لەسەر ئەو چۆنیەتیی ڕووداوی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت وێڕای بیرهێنانەوەی ئەو کارەساتە یادو بیرەوەریی قوربانیانی ئەو ڕووداوە بەرز ڕاگیرا.

جێی بیرهێنانەوەیە ڕۆژی ٧ پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی هێزە ئاسمانیەکانی رژێمی بەعسی عێراق بە گازی شیمیایی شاری سەردەشتو گوندی ڕەشە هەرمێیان بۆمباران کرد. لەو بۆمبارانەدا کە پێکرانی ٨٠٢٤ کەسی لێ کەوتەوە، ١٣٠ کەس لە برینداارانی ئەم ڕووداوە شەهید بوونو ئێستاش بە شێکی زۆر لە پێکراوانی ئەو کارەساتە بە دەست دەیان جۆر نەخۆشیو ناسازییەوە گرفتارن.

شایانی باسە پاش ئەم ڕووداوە شاری سەردەشت

# سنە ڕێزی لە شاعیرو هونەرمەندی کورد گرت

حەوتووی رابردوو بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستا جەلال مەلەکشاو بەرهەمەکانیو هەروەها بۆ کۆنسێرتی گۆرانیبێژ عادل هەورامی، بەهەزاران کەس لە خەڵکی ئەو شارە لە چیای ئاویەر کۆبوونەوە.







کاری توکا نیستانی